حوکومەتی هەرێمی کوردستان / عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی گەرمیان

کۆلێجی پەروەردە

بەشی زمانی کوردی

# تێڕوانینێکی نوێ بۆ ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا

# بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست - شێوەزاری سلێمانی -

نامەیەکە

عومەر ئەحمەد عەزیز

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی گەرمیانی کردوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.ی.د. ئومێد بەرزان برزۆ

2716کوردی 2016زایینی

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی گەرمیان ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

ناو: پ.ی.د. ئومێد بەرزان برزۆ

ڕۆژ:      /     /٢٠١٦

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

ناو: پ.ی.د.حسین اسماعیل علی

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

ڕۆژ:      /     / ٢٠١٦

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا ،کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( ) ،بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پیٚ بدریٚت.

ناو: د.نەوزاد ئەنوەر عمر ناو : پ.ی.د.دارا حمید محمد

ئەندام سەرۆکی لیژنە

ناو: پ.ی.د عادل رشید قادر ناو:پ.ی.د. ئومێد برزان برزۆ

ئەندام ئەندام و سەرپەرشت

## لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەوە پەسەند کرا

ناو: پ.د. عزالدین جمعە درویش

ڕاگری کۆلێج

ڕۆژ: / / ٢٠١٦

## پێشکەشە بە

- پێشمەرگە و شەڕڤانانی ڕۆژئاوا ،کە کوردستان دەپارێزن.
- دایک و باوکم
- خوشک و براکانم
- مامۆستا و هاوڕێکانم
- سەرجەم خەمخۆرانی زمانی شیرینی کوردی و شەهیدانی ڕێی ڕزگاری و ئازادیی زمان و کلتورو شوناسی کوردیی.

## سوپاس و پێزانین

- سوپاسی خوای گەروە دەکەم ،کە تەندروستییەکی باشی پێ بەخشیوم.
- سوپاسی زانکۆی گەرمیان و کۆلێژی پەروەردە و بەشی زمانی کوردی دەکەم ، کە دەرفەتی خوێندنی ماستەریان بۆ ڕەخساندم.
- سوپاسی مامۆستای سەرپەرشت (پ.ی.د. ئومێد بەرزان برزۆ) دەکەم ، کە ئازادیی تەواوی لە نوسینی نامەکەدا پێ بەخشیم و بە تێبینی و سەرنجە زانستییەکانی،هەمیشە یارمەتی دەرم بووە.
- سوپاس بۆ سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی و بەتایبەت مامۆستای ئازیز(د. دارا حەمید)،کە هەمیشە پاڵپشتمان بووە لە پرۆسەی خوێندندا.
- سوپاسی هەر دو مامۆستای ئازیز(پ.د. بەکر عومەر عەلی) و (پ.د. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) دەکەم ، کە بۆچون و وانەکانیان هەمیشە کاریگەر بون لە نوسینی ئەم نامەیەدا.
- سوپاسی دایک و باوک و خوشک و براکانم ئەکەم ، بەبێ بونی ئەوان هەرگیز نەمدەتوانی سەرکەوتووانە خوێندن تەواو بکەم.
- سوپاسی هەمو ئەو هاوڕێیانەم دەکەم ،کە یارمەتییان داوم بەهەر شێوەیەک بوبێت.
- سوپاسی کتێبخانەکانی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی گەرمیان دەکەم ، کەلە بەدەستخستنی هەندێک سەرچاوەدا هاوکارم بون.

# لیستی زاراوەکان:

| | |
|---|---|
| Morphological adjective | ئاوەڵناو ئاسا |
| Ordinate Compound adjective | ئاوەڵناوە لێکدراوە بەستراوەکان |
| Post positive Adjective | ئاوەڵناوی پاشناوی |
| Attributive Adjective | ئاوەڵناوی پێشناوی |
| possessive Adjective | ئاوەڵناوی خاوەندارێتی |
| Peripheral Adjective | ئاوەڵناوی سیاقی |
| Verbal Adjective | ئاوەڵناوی کرداریی |
| Compound adjective | ئاوەڵناوی لێکدراو |
| Central adjective | ئاوەڵناوی نێوەندی |
| Derivational adjective | ئاوەڵناوی هەڵگوێزراو |
| Dimension | بارستایی و قەبارە |
| superlative | باڵا |
| acquisition | بەدەستهێنان |
| comparative | بەراورد |
| Part of speech | بەشەکانی ئاخاوتن |
| predicatively | بەشەکرداریی |
| participant | بەشدار |
| lexicalization | بەلێکسیمبون |
| Value | بەها |
| Taste | تام |
| Physical property | تایبەتی فیزیکی |
| Physical  Property | تایبەتی کەسی |
| Age | تەمەن |

| | |
|---|---|
| Attributive | پەسنی |
| Grammatical category | پۆلە ڕێزمانییەکان |
| Syntactical Category | پۆلە سینتاکسییەکان |
| Lexical Category | پۆلە فەرهەنگییەکان |
| Functional Category | پۆلە ئەرکییەکان |
| Word Category | پۆلەوشەکان |
| collocation | پێکەوەهاتن |
| Overlap | پێکداچون |
| Peripheral Semantic Type | جۆری لایەنگیری واتایی |
| Core  Semantic Type | جۆری ناوەڕۆکی واتایی |
| Semantic Type In Large adjective class | جۆری واتایی لە گروپێکی گەورە لە ئاوەڵناو |
| Speed | خێرایی |
| Coordinate structure | دروستەی هاوپەیوەند |
| Dimension | دوریی |
| head modifier Post | دیارخەری پاشەوە |
| Specifier | دیارخەری پێشەوە |
| Color | ڕەنگ |
| Physical properties | ڕواڵەتی شت |
| Interjection | سەرسوڕمان |
| Activities | چالاکی |
| Absolute | چەسپیو |
| Concept | چەمك |
| Honorifics | چەمکی ڕێزگرتن |
| Universal | گەردونی |

| | |
|---|---|
| Mental lexicon | فەرهەنگی ئاوەزەیی |
| Adjective genitive Phrase | فرێزی ئاوەڵناویی خستنەپاڵی |
| Pseudo verb | کردار ئاسا |
| Substitutability | لەجیاتی دانان |
| Compounding | لەیەکدان |
| conjunction | لێکدەر |
| Syntactic Compound | لێکدراوی سینتاکسی |
| Inflectional Morphology | مۆرفۆلۆژیی شکانەوە |
| Derivational Morpheme | مۆرفیمی هەڵگواستن |
| Marked Nouns | ناوی نیشانەکراو |
| Semantic future | نیشانەی واتایی |
| Derivation | هەڵگواستن |
| Contentive | واتادار |
| Compositional Meaning | واتای لێکدراو |
| Utterance | وتن، قسە |
| Loan word | وشەی ناڕەسەن |
| Lexeme | یەکەی فەرهەنگی |

## هێما و کورتکراوەکان:

| | |
|---|---|
| – – | زاراوە |
| ← | دەبێت بە |
| * | واتا و ڕێزمان ناڕاست |
| = | هاوواتا |
| X | دژواتا |
| / / | مۆرفیم و فۆنیم |
| [ ] | نیشانەی واتایی |
| ( ) | پۆلی فەرهەنگی |
| ← | پەیوەندی ئاسۆیی |
| ↓ | پەیوەندی ستونیی |
| : | وەکو |
| Ø | بەتاڵ،کەرەستەی قرتێنراو |
| **ف.ئا** | فرێزی ئاوەڵناوی |
| **ف.ن** | فرێزی ناوی |
| **ف.ك** | فرێزی کرداری |
| **ف.پ.ن** | فرێزی پێشناوی |
| **ف.ئا.ك** | فرێزی ئاوەڵکرداری |
| **ف.ڕا** | فرێزی ڕادە |
| **Det** | Determiner |
| **DP** | Determiner Phrase |

| | |
|---|---|
| Adjective | **A** |
| Non Phrase | **NP** |
| ئاوەڵناو | **ئا** |
| ناو | **ن** |
| پێشناو | **پ.ن** |
| كردار | **ك** |
| ئامرازی پرس | **ئا.پ** |
| ئامرازی دەرهاویشتن | **ئا.د** |
| دیاریكەر | **دیا** |

# ناوەڕۆك

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەكی | ١ |
| ١)ناونیشانی نامەكە | ١ |
| ٢)هۆی هەڵبژاردنی نامەكە | ١ |
| ٣)كەرەستەی لێكۆڵینەوەی نامەكە | ١ |
| ٤)ڕێبازی لێكۆڵینەوەی نامەكە | ٢ |
| ٥)گرفتەكانی نامەكە | ٢ |
| ٦)ناوەڕۆك و بەشەكانی نامەكە | ٣ |
| **بەشی یەكەم (( بەشەكانی ئاخاوتن لە زمانی كوردیدا))** | ٤-٣١ |
| ١-١بەشەكانی ئاخاوتن | ٤-٥ |
| ١-١ -٢بەشەكانی ئاخاوتن و قوتابخانە ڕێزمانییەكان | ٥-١٦ |
| ١-١-٢-١بەشەكانی ئاخاوتن و ڕێزمانی دێرین - تەقلیدی- | ٦ |
| ١-١-٢-١-١بنەماكانی جیاكردنەوەی بەشەكانی ئاخاوتن لە ڕێزمانی دێریندا | ٦-٨ |
| ١-١ - ٣ قوتابخانەی ڕۆنانكاری | ٨-١١ |
| ١-١ -٤ قوتابخانەی بەرهەمهێنان | ١١-١٢ |
| ١-١-٤-١فەرهەنگی ئاوەزەیی | ١٢-١٥ |
| ١-٢ بەشەكانی ئاخاوتن وەك بابەتێكی هاوبەشی زمانەوانی | ١٥-١٦ |
| ١-٢-١بەشەكانی ئاخاوتن لە زمانی عەرەبیدا | ١٦-١٧ |
| ١-٢-٢بەشەكانی ئاخاوتن لە زمانی فارسیدا | ١٨-١٩ |
| ١-٢-٣بەشەكانی ئاخاوتن لە زمانی ئینگلیزیدا | ١٨-١٩ |
| ١-٢-٤بەشەكانی ئاخاوتن لە زمانی كوردیدا | ١٩-٢٢ |
| ١-٢-٥بنەماكانی جیاكردنەوەی بەشەكانی ئاخاوتن | ٢٢-٢٣ |
| ١-٢-٥-١پێوەری مۆرفۆلۆژی | ٢٣-٢٥ |
| ١-٢-٥-٢ پێوەری سینتاكس | ٢٥-٢٦ |

| | |
|---|---|
| ١-٢-٥-٣ پێوەری سیمانتیك | ٢٦-٢٧ |
| ١-٢-٦ دیاریكردنی پۆلەكان (كاتیگۆرییەكان) | ٢٧-٣٠ |
| ١-٢-٦-١ پۆلەفەرهەنگییەكان لە زمانی كوردیدا | ٣٠-٣١ |
| **٢-١بەشی دووەم ((هەندێك لایەنی ئاوەڵناو لە زمانی كوردیدا))** | **٣٢-٨١** |
| ٢-١پێناسە وجۆرەكانی ئاوەڵناو: | ٣٢ |
| ٢-١-١چەمك و پێناسەی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا | ٣٢-٣٣ |
| ٢-١- ٢جۆرەكانی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا | ٣٤-٣٥ |
| ٢-١-٣كەموكورتی پێناسە و دیاریكردنی جۆرەكانی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا | ٣٥-٣٩ |
| ٢-١-٤جۆرەكانی ئاوەڵناو لای دیكسۆن | ٤٠-٤١ |
| ٢ - ١-٥چەمك و پێناسەی ئاوەڵناو | ٤٣-٤٤ |
| ٢-١-٦ جۆرەكانی ئاوەڵناو | ٤٤-٤٥ |
| پۆلێنكردن و تایبەتێتی جۆرەكانی ئاوەڵناو لە ڕوی واتاوە : | ٤٥-٦٢ |
| ٢-١-٧جۆرەكانی ئاوەڵناو لە ڕوی واتاوە | ٤٥ |
| ٢-١-٧-١ئاوەڵناوی ڕەنگ | ٤٥-٤٧ |
| ٢-١-٧-٢ئاوەڵناوی تەمەن | ٤٧-٤٩ |
| ٢-١-٧-٣ئاوەڵناوی بەها | ٤٩-٥٠ |
| ٢-١-٧-٤ئاوەڵناوی تایبەتیی كەسی | ٥٠ |
| ٢-١-٧-٤-١ ئاوەڵناوی تایبەتی فیزیكی مرۆڤ | ٥٠-٥١ |
| ٢-١-٧-٤-٢ئاوەڵناوی تایبەتی واتایی مرۆڤ | ٥٢-٥٣ |
| ٢-١-٧-٥- ئاوەڵناوی بارستایی و قەبارە | ٥٣-٥٥ |
| ٢-١-٧-٦ئاوەڵناوی دوری | ٥٥-٥٦ |
| ٢-١-٧-٧ ئاوەڵناوی تام | ٥٦-٥٧ |
| ٢-١-٧-٨ئاوەڵناوی ڕواڵەتی شت | ٥٧-٥٩ |
| ٢-١-٧-٩- ئاوەڵناوی كێش | ٥٩-٦٠ |
| ٢-١-٧-١٠ ئاوەڵناوی خێرایی | ٦٠-٦٢ |

| | |
|---|---|
| ٢-١-٨ هەندێك پۆلی نابنجی ئاوەڵناو | ٦٢ |
| ٢-١-٨-١ پۆلە ئاوەڵناوی کراو و کردو | ٦٢-٦٤ |
| ٢-١-٨-٢ئاوەڵناوی ڕێژەیی - نیسبی - | ٦٤-٦٦ |
| ٢-١-٩بەکارهێنانی ئاوەڵناویی هەندێك ناو | ٦٦-٦٨ |
| ٢-٢- ئاوەڵناو و دیاردەی پێکداچونی پۆلەوشەکان-Overlap- | ٦٨ |
| ٢-٢-١دیاردەی پێکداچونی پۆلە وشەکان | ٦٨-٧١ |
| ٢- ٢- ٢ئاوەڵناو و ناو | ٧٢ |
| ٢-٢-٣ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار | ٧٣ |
| ٢-٢-٤ئاوەڵناو و کردار | ٧٤ |
| ٢- ٣ هەندێك تەوەری گرنگ لە بارەی ئاوەڵناو | ٧٥ |
| ٢-٣- ١ ئاوەڵناو و چەمکی ڕێزگرتن(honorifics) | ٧٥ |
| ٢- ٣-٢ئاوەڵناو و چەمکی ئاوەڵناوئاسا | ٧٦-٧٧ |
| ٢-٣-٣ ئایا ئاوەڵناو پۆلەفەرهەنگییەکی سەربەخۆیە؟ | ٧٨-٨٠ |
| ٢-٣-٤ ئاوەڵناو و پێکەوەهاتن ( هاوڕێیەتی زمانی) Collocation | ٨٠-٨١ |
| **بەشی سێیەم: مۆرفۆلۆژیا و سینتاکسی ئاوەڵناو** | ٨٢_١٢٩ |
| ٣-١ئاستەکانی زمان | ٨٢ |
| ٣-١-١مۆرفۆلۆژیای ئاوەڵناو | ٨٣-٨٤ |
| ٣-١-٢ئاوەڵناوی هەڵگوێزراو | ٨٤-٨٥ |
| ٣-١- ٢-١ یاساکانی هەڵگواستنی ئاوەڵناو بە پێشگر | ٨٥-٨٧ |
| ٣-١- ٢-٢ یاساکانی هەڵگواستنی ئاوەڵناو بە پاشگر | ٨٧-٩٦ |
| ٣-١- ٢-٣ یاساکانی هەڵگواستنی ئاوەڵناو بە پێشگر و پاشگر پێکەوە | ٩٦-٩٨ |
| ٣-١- ٣ ئاوەڵناوی لێکدراو | ٩٨-١٠١ |
| ٣-١- ٣-١ یاساکانی لەیەکدانی ئاوەڵناو بە بێ ناوبەند و پێشگر و پاشگر | ١٠١-١٠٢ |
| ٣-١-٣-٢یاساکانی لەیەکدانی ئاوەڵناو بە یاریدەی ناوبەند | ١٠٢-١٠٥ |
| ٣-١- ٣-٣ یاساکانی لەیەکدانی ئاوەڵناو بە یاریدەی پێشگر و پاشگر و ناوبەند | ١٠٥-١٠٦ |

| | |
|---|---|
| ٣-٢-١سینتاکسی ئاوەڵناو | ١٠٦-١٠٧ |
| ٣-٢-٢فرێزی ئاوەڵناوی | ١٠٧-١٠٩ |
| ٣-٢-٣فراوانکردنی فرێزی ئاوەڵناوی بۆ ناوەوە | ١٠٩-١١٠ |
| ٣-٢- ٤فراوانکردنی فرێزی ئاوەڵناوی بۆ دەرەوە | ١١٠ |
| ٣-٢-٥دیارخەرەکانی پێش سەرە | ١١٠-١١٣ |
| ٣-٢-٦دیارخەرەکانی پاش سەرە | ١١٣-١١٤ |
| ٣-٢-٧ئەرکەکانی فرێزی ئاوەڵناوی | ١١٥ |
| ٣-٢-٧-١ئەرکە سینتاکسییەکان | ١١٥-١١٦ |
| ٣-٢-٧- ١-١بکەر | ١١٦ |
| ٣-٢-٧- ١-٢بەرکار | ١١٦-١١٧ |
| ٣-٢-٧- ١-٣تەواوکەر | ١١٧-١١٨ |
| ٣-٢-٧- ١-٤سەربار | ١١٨-١١٩ |
| ٣-٢-٧- ١-٥دیارخەر | ١١٩ |
| ٣-٢-٨شوێنی هاتنی فرێزی ئاوەڵناوی لە ڕستەدا | ١١٩-١٢١ |
| ٣-٢-٩ڕێزبونی زنجیرە ئاوەڵناو لە ڕستەدا | ١٢١-١٢٣ |
| ٣-٢- ١٠پەیوەندی سینتاکسی و ڕیزبونی ئاوەڵناو | ١٢٣-١٢٤ |
| ٣-٢- ١١ پلەکانی ئاوەڵناو | ١٢٥-١٢٦ |
| ٣-٢-١١-١پلەی چەسپیو | ١٢٦ |
| ٣-٢-١١-٢پلەی بەراورد | ١٢٦-١٢٧ |
| ٣-٢-١١-٣ پلەی باڵا | ١٢٧-١٢٩ |
| ئەنجامەکان | ١٣٠-١٣١ |
| پێشنیازەکان | ١٣٢-١٣٣ |
| سەرچاوەکان | ١٣٤-١٤٣ |
| الملخص | ١٤٤ |
| Abstract | ١٤٥ |

# پێشەکی

## پێشەکی

### ١)ناونیشانی نامەکە:

ناونیشانی نامەکە ( تێڕوانینێکی نویێ بۆ ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا، بەکەرەستەی دالێکتی کرمانجی سەرو-شێوەزاری سلێمانی-) یە،مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەولێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە پۆلە فەرهەنگییەکان، کە کەرەستەی سەرەکی هەر دو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسن، هەروەها لێکۆڵینەوە لەو لایەنانەی ئاوەڵناو ،کە تا ئێستا وەك پێویست لێیان نەکۆڵراوەتەوە.

### ٢)هۆی هەڵبژاردنی نامەکە:

زمانەوانە کوردەکان لە کۆن و لە ئێستاشدا لە ئاوەڵناویان کۆڵیوەتەوە ، بەڵام کەموکورتی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بەدیدەکرێت، هەروەها پۆلەفەرهەنگییەکان کەرەستەی سەرەکیی ڕێزمانن و لەنێویشیاندا ئاوەڵناو پۆلێکی فەرهەنگی گرنگە، کە لە ڕوانگەی ئەم لێکۆڵینەوەوە بەپێی پێویست هەمو لایەنەکانی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا نەخراونەتەڕو،هەروەها نامەیەکی تایبەت بە ئاوەڵناو (بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست) نییە، بەڵکو زۆربەی لێکۆڵینەوەکان بەشێوەیەکی لاوەکی باسی ئاوەڵناویان کردوە، یان لایەنێکی ئاوەڵناویان خستوەتەڕو.

### ٣)کەرەستە و سنوری نامەکە:

کەرەستە و نمونەکانی ئەم نامەیە لە چوارچێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست- شێوەزاری سلێمانی- دان.

### ٤)ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی پەسنیی شیکاریی بەکارهێنراوە، هەروەها سود لە دەستکەوتە زمانەوانیەکانی وەك(هێلکاریی درەختی ، فریز، نیشانەی واتایی،...تاد)وەرگیراوە، بەڵام لێکۆڵینەوەکە خۆی بە هیچ قوتابخانە و مۆدێلێکی ڕێزمانی نەبەستوەتەوە، بەڵکو هەوڵدراوە بەپێی هەڵسوکەوتی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا لێی بکۆڵرێتەوە.

٥)گرفتەکانی نامەکە:

١- دەستنەکەوتنی هەندێك سەرچاوەی بیانی بەتایبەت بە زمانی ئینگلیزی لە کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستاندا.

٢- گرفتی وەرگێڕانی زاراوە و نەبونی فەرهەنگێکی تایبەت بە زاراوە لە بواری زانستی زماندا ،کە یەکگرتو بێت و زۆربەی لێکۆڵەران لەسەری هاوڕا بن.

٣-بونی ڕوانگەی جۆراوجۆر بۆ لێکۆڵینەوەی ئاوەڵناو و فرە ڕەهەندی بابەتەکە.

٦) ناوەڕۆك و بەشەکانی نامەکە:

نامەکە لە پێشەکییەك و سێ بەش پێکدێت، لەگەڵ ئەنجام و پێشنیاز و کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە هەر دو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

بەشی یەکەمی نامەکە لە دو تەوەر پێکهاتوە، لە تەوەری یەکەمدا باس لە بەشەکانی ئاخاوتن کراوە، هەروەها ڕوانگەی بۆچونی قوتابخانە ڕێزمانییەکان لەبارەی بەشەکای ئاخاوتنەوە خراوەتەڕو، لە تەوەری دووەمدا باس لە بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانەکانی تردا کراوە و پاشان پێوانەی تایبەتی بۆ دیاریکردنی پۆلەفەرهەنگییەکان دانراوە و پۆلەفەرهەنگییەکان دیاریکراون.

لە بەشی دووەمدا لە سێ تەوەری جیاوازەوە هەندێك لایەنی گرنگی ئاوەڵناو خراوەتەڕو، لە تەوەری یەکەمدا پێناسە و دیارکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا خراوەتەڕو، پاشان بەپێی مەودای لێکۆڵینەوەکە کەموکورتی ئەو بۆچونانە دیاریکراون ،جۆرەکانیشی لەڕوی واتاوە بەشێوەیەکی ورد و زانستی پۆلێنکراون.

لە تەوەری دووەمدا دیاردەی پێکداچونی ئاوەڵناو لەگەڵ پۆلە فەرهەنگیی و سینتاکسییەکاندا خراوەتەڕو، لە تەوەری سێیەمدا پەیوەندی هەندێك چەمکی وەك (ئۆنرفرێکس، پێکەوەهاتن،ئاوەڵناوئاسا) لەگەڵ ئاوەڵناودا ڕونکراوەتەوە، لەگەڵ ڕونکردنەوەی ئەوەی، کە ئاوەڵناو پۆلەفەرهەنگییەکی سەربەخۆیە.

بەشی سێیەمی نامەکە لە دو تەوەر پێکهاتوە، تەوەری یەکەم بۆ لێکۆڵینەوە لە مۆرفۆلۆژیای ئاوەڵناو تەرخانکراوە ،کە تێیدا توانراوە یاساکانی هەڵگواستن و لەیەکدانی ئاوەڵناوەکان بخرێتەڕو، لەگەڵ خستنەڕوی هەندێك لایەنی ئاوەڵناوی لێکدراو.لە تەوەری دووەمیشدا، کە تەرخانکراوە بۆ سینتاکسی ئاوەڵناو گرنگی بە دروستەی فرێزی ئاوەڵناوی و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئاوەڵناو لە چوارچێوەی ڕستە و سەرەوڕیزبون و پەیوەندی ئاوەڵناوەکان لە ڕستەدا دراوە، پاشان پلەکانی ئاوەڵناو خراوەتەڕو، لە کۆتایشدا سەرچاوە و پێشنیاز و ئەنجام و پۆختەی توێژینەوەکە بەهەر دو زمانی (عەرەبی و ئینگلیزی) خراوەتەڕو.

# بەشی یەکەم

## ١-١ بەشەکانی ئاخاوتن - Part of speech:

مرۆڤ کە قسەدەکات، دەکرێت دەربڕینەکانی پۆلێنبکرێت. واتە هەر یەك لەو وشانەی دەریدەبڕێت، لە ڕوی نزیکایەتی واتاییەوە دەچنە ناو یەك پۆلەوە، ئەم لێکچونە وای لە زمانەوانەکان کرد، هەوڵبدەن وتنەکانی - Utterance - مرۆڤ بە سەر چەند بەشێکدا پۆلێنبکەن ، کە بە(بەشەکانی ئاخاوتن) ناودەبرێن.

((بەشەکانی ئاخاوتن لە هەموو زمانێکی گۆی زەویدا هەیە. ئەم بەشانەش کەرەسەی هەرە سەرەکی (مۆرفۆلۆژی)ن، ڕێزمانی چاولێکەری هەموو زمانێك بە بەشەکانی ئاخاوتن دەستپێدەکات.)) [ ڕێژنە ئیسماعیل : ٢٠٠٨ : ٥ ]

سەرەڕای تایبەتێتی زمانەکان لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ چۆنییەتی پۆلێنکردنی بەشەکانی ئاخاوتن، بەڵام وەك بابەتێك ((ئەوەی پتر لە نێو زماناندا هاوبەش بێت، مەسەلەی بەشەکانی ئاخاوتنە، لە لێکدانەوەی بەشەکانی ئاخاوتنەوە باسی ڕێزمانی هەمو زمانێك دەستپێدەکات)) [ ئەوڕەحمانی حاجی مارف : ٢٠١٤: ٥٥ ] یەکەم هەنگاوی ڕێزمانی دێرین بە دیاریکردن و ناونانی بەشەکانی ئاخاوتن دەستی پێ کردووە. واتە بۆ زانینی ڕێزمانی هەر زمانێك، پێویستە بەشە جیاوازەکانی ئاخاوتنی ئەو زمانە بناسرێنەوە و تایبەتمەندییەکانیان دیارییبکرێن. بۆ نمونە ئەگەر لەم پارچەنوسینەی خوارەوە بڕوانین، ئەوا بە ئاسانی دەتوانین، ئەو وشانەی بەکارهاتون، لێکجیابکەینەوە و ناویان بۆ دابنێین :

**من کە ناوم ئازادە، دوێنێ لە سەربان لەگەڵ سیروانی هاوڕێم، کە کوڕێکی باڵابەرزە، بە یەکەوە دانیشتبوین، پاشان کە سەیری ئاسمانمان کرد دو کۆتری سپیمان بینی . ئەو دو کۆترە، لە ئاسمان لە شەقەی باڵیان دەدا ... تاد**

<u>ناو</u> <u>جێناو</u> <u>ئاوەڵناو</u> <u>ئاوەڵکردار</u> <u>ژمارە</u> <u>ئامرازی لێکدەر</u> <u>ئامرازی نیشانە...</u>

ئازاد من سپی دوێنێ دو کە ئەو .....ە

سیروان باڵا بەرز لە سەربان

دیاره، ئەم دابەشکردنە زمانەوانی هەمو زمانێك دەتوانێت، لە زمانەکەی خۆی بیکات. دابەشکردنەکەش ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای ( واتا ) یە، بۆیە (( زمانەوانە کۆنەکان، لەسەر بنەمای (واتا و ئیتمۆلۆژیا) ی وشەکان بڕیاریان لەسەر وشەکان دەدا، کە سەر بە چی بەشێکی ئاخاوتنە. ))[ماریوپای:١٩٩٨: ١٠٢– ١٠٣]، ئەگەر چی زۆرێك لە زمانەوانەکان ڕەخنەیان لەم جۆرە دابەشکردنە گرت، بەتایبەت زمانەوانە ڕۆنانکارەکان[١]، بەڵام تا ئێستاش ناتوانین بە بێ لەبەرچاوگرتنی (واتا) ی وشەکانی زمان، پۆلێنیان بکەین و ناویان بۆ دابنێین، بەڵام نابێت بۆ دانانی ڕێزمانێکی ئاسان بۆ هەر زمانێك، تەنها پێوەری واتا لەبەرچاوبگرین، بەڵکو پێویستە پشت بە پێوەری (سینتاکس و مۆرفۆلۆجی) یش ببەستین . بۆ نمونە زمانەوانیی پەسنی پێی وایە، کە ئیتمۆلۆژیا لە دەرەوەی زانستی زمانە، ((بەڵکو زماننناسی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە زمانێك ،یان زارێك لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا.)) [محمود فهمی:١٩٩٧: ٢١] ، هەر بۆیە ناکرێت پشت بە ئیتمۆلۆژیا ببەسترێت لە دابەشکردن و جیاکردنەوەی وشەکانی زمان بۆ پۆلی جیاجیا. بۆیە لە زمانەوانیی نوێدا بۆ پۆلکردنی بەشەکانی ئاخاوتن پێوەری نوێ لەبەرچاودەگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕوانگەی ڕێبازی توێژینەوەکانەوە پۆلێنکردنی وشەکان دەگۆڕێت، ئەمەش وای کردوە لای هەر زمانەوانێك جۆرێك دابەشکردنی وشە ببینین. بەم پێیەش وشەکانی زمان لە چەند ڕویەکەوە دابەشدەکرێن، وەك :

لە سەر بنەمای واتا : ١– وشەی تەواو ٢– وشەی ناتەواو [ئەوڕەحمانی حاجی مارف :١٩٧٩ : ٦ ]، لە سەر بنەمای ڕەسەنێتی :١وشەی ڕەسەن – Native word– ٢– وشەی ناڕەسەن– loan word–، لە سەر بنەمای زانیاریی دەنگی : ١– وشەی یەکبڕگەیی ٢– وشەی فرەبڕەگەیی، لەسەر بنەمای هۆکاری کۆمەڵایەتی :١– وشەی گشتی ٢– وشەی تایبەتی[٥٣٨: M.haspelmath:2001]، لە سەر بنەمای وەرگرتنی مۆرفیمی ڕێزمانی : ١– وشەی شکاوە ٢– وشەی نەشکاوە[محەمەد مەحوی : ٢٠١١ : ٥٣]

## ١ - ١- ٢ بەشەکانی ئاخاوتن و قوتابخانە ڕێزمانییەکان:

[١] بۆ زانیاری لە بارەی بنەماکانی جیاکردنەوەی وشەکان بڕوانە: Radford & Atkinson: 2009 :131

## ١ - ١ - ٢- ١ ڕێزمانی دێرین (تەقلیدی ) - Traditional Grammar:

ڕێزمانی دێرین بەو ڕێزمانە دەوترێت، کە لە سەردەمی (هیندی، یۆنان و ڕۆمان ) تا ناوەڕاستی سەدەی هەژدە باوبون [٢]. دەربارەی بەشەکانی ئاخاوتن (( (ئەرستۆ) یەکەم کەس بووە[٣]، کە بەشەکانی ئاخاوتنی لە زمانی یۆنانیدا دیاریکردوە، پاش لێکۆڵینەوەکەشی گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە لە زمانی یۆنانیدا (سێ) بەشی ئاخاوتن هەیە، کە بریتین لە : ١– ناو ٢– کردار ٣– ئامراز [ اسماعیل صادقی : ١٣٨٨ : ١٤–١٥ ] ئەم دابەشکردنەی (ئەرستۆ) تا ماوەیەکی زۆر، لە زۆر زماندا پیادە دەکرا، بەبێ گوێدانە تایبەتێتی زمانەکان. بۆ نمونە زانا عەرەبەکان هەر لەژێر کاریگەریی بۆچونەکانی (ئەرستۆ)دا بەشەکانی ئاخاوتنیان دابەشکردە سەر (سێ) بەش، کە ئەوانیش (اسم ، فعل ،حرف) بون. ئەم دابەشکردنە تا ئێستاش بلاوترین دابەشکردنە لە ڕێزمانی عەرەبیدا. ((زانا ڕۆمانییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دابەشکردنەکەی (ئەرستۆ) یان فراوانکرد، پاشان بەشەکانی ئاخاوتن بون بە (هەشت) بەش، کە ئەوانیش بریتیبون لە: ١–ناو ، ٢– کردار ،٣– جێناو ،٤– ئاوەڵناو، ٥–ئاوەڵکردار ،٦– پێشناو ،٧– ئامرازی پەیوەندی ،٨– ئەو وشانەی کە ئاماژەن بۆ پەیوەندی جیاوان)) [ نایف خرما : ٢٠١٣ : ٣٥٩ ]

## ١ - ١- ٢- ١- ١ بنەماکانی جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن لە ڕێزمانی دێریندا:

[٢] لەبارەی ئەوەی کە ئایا ڕێزمانی دێرین (Traditional school) ، لە کەیەوە دەستپێدەکات، بۆچونی جیاواز هەیە، بۆ نمونە لە هەندێك سەرچاوەدا ڕێزمانی دێرین بەو ڕێزمانە دەوترێت، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی(هەژدە)، لەسەر بنەمای لۆژیك و ڕێزمانی زمانی لاتینی دامەزرابو، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :

Muhammad.M.E : 2007: 3

بەلام (لیۆنز) پێی وایە، کە بۆچونی باو ئەوەیە ڕێزمانی دێرین لە سەدەی پێنجی پێش زاینەوە دەستپێدەکات. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:

LYONS JOHN : 2001:4

[٣] لە هەندێك سەرچاوە (پانینی ) و لە هەندێکی تر (ئەفلاتون) بە یەکەم کەس دادەنێن، کە بەشەکانی ئاخاوتنی پۆلێنکردبێت، بەلام ئەو دابەشکردنەی ئێمە مەبەستمانە و عەرەبەکان وەریانگرتوە و زۆربەی سەرچاوەکان باسی دەکەن، دەگەڕێتەوە بۆ (ئەرستۆ). بۆ زانیاریی لەم بارەیەوە بڕوانە :ر.هـ. روبنز:١٩٩٧: ٢٧

پێوانەی جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن لە ڕێزمانی دێریندا لەسەر بنەمای (واتا) بووە. واتە وشەکانی ناو فەرهەنگ – Lexeme– هەر واتایەکیان بەرامبەر دابنرابا، ئەوا لە پۆلێنکردنیشیدا دەبو هەر بەو شێوە جیابکرابانەوە، واتە ئەگەر وشەیەك لە فەرهەنگدا بە (ناو ، یان ئاوەڵناو،... تاد) دانرابێت بە هەمان شێوە لە پۆلێنکردنی بەشەکانی ئاخاوتنیشدا هەر بەو ناوەوە ناودەنرا، چونکە ((ڕێزمانی دێرین لە ڕێگەی دیاریکردنی ناو و پێناسەی بەشەکانی ئاخاوتنەوە، وەسفی ڕێزمانی دەکرد. بۆ نمونە: (ناو) لە ڕێزمانی دێریندا سیمانتیکیانە دەگەڕێتەوە بۆ کیانێك لەمانە : (کەس ، شوێن ، شت ) )) [Radford : 2004: 2] واتای (وشە) بریتییە لە تێڕامان لە پەیوەندی نێوان واتای وشە و جیهانی دەرەوە .بۆ نمونە (ناو) ئەو بەشەی ئاخاوتنە، کە واتای (کەس ، شت ، شوێن ...تاد) دەگەیەنێت . هەروەها (کردار) ئەو بەشەی ئاخاوتنە، کە دەبێت واتای (ڕودان) ی تێدا بێت، بە هەمان شێوە (ئاوەڵناو) لە ڕوانگەی ڕێزمانی دێرینەوە ئەو بەشەی ئاخاوتنە، کە واتای ( پەسن) ی تێدایە و پەسنی (ناو ، جێناو) ێك دەکات. بەڵام پێوەری (واتا) بۆ جیاکردنەوە و دەستنیشانکردنی بەشەکانی ئاخاوتن ڕەخنەی زۆری لێگیرا، بەو پێیەی کە ناتوانرێت، هەمو بەشەکانی ئاخاوتنی پێ جیابکرێتەوە. بۆ نمونە: (ئاوەڵکردار ، ئامراز، جێناو ، پێشناو،...تاد) ناکرێت، لە سەر بنەمای (واتا) جیابکرێنەوە. لە زمانی کوردیدا (ئاوەڵکردار) زیاتر کەتیگۆرییەکی سینتاکسییە و لە ڕستەدا ڕوندەبێتەوە، کام کەرەستەی زمانی دەبێت بە ( ئاوەڵکردار) .[٤]

واتە ئەگەر لە ڕوانگەی (واتا) وە بڕوانینە (ئاوەڵکردار)، ئەوا هەریەك لە وشەکانی (سەر ،ژێر ، زوو ، درەنگ، بەجوانی، ...تاد) دەچنە ناو بەشەکانی تری ئاخاوتنەوە وەك (ناو ، ئاوەڵناو) ، هەروەها (ئامراز، پێشناو ، جێناو،... تاد) ناکرێت لەسەر بنەمای واتا پۆلێنبکرێن، چونکە واتای هیچ یەکێکیان ناگەڕێتەوە بۆ شتێکی هەستپێکراو، چونکە واتایەکی بابەتییان نییە، بەڵکو زیاتر

---

[٤] هەندێك زمانەوان بە تایبەتی لە توێژینەوە نوێیەکاندا پێیان وایە، کە ئاوەڵکردار لە زمانی کوردیدا نییە، بە تایبەت لە ئاستی فەرهەنگدا، بەڵکو تەنها ئەرکێکی سینتاکسییە، بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:

ئـ. عەبدولجەبار مستەفا : ٢٠١١:٢٩٥ .

بـ: محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣٠١–٣٢٨

ئەركی ڕێزمانی دەگەیەنن، كە بریتییە  لە ڕونكردنەوەی واتای كردار، یان گەڕانەوە بۆ كردار لە ڕستەدا.

## ١ - ١- ٣ قوتابخانەی ڕۆنانكاری (دروستەكاری)  - Structural School :

سەرەتاكانی سەدەی بیستەم قوتابخانەیەكی ڕێزمانی جیاواز لە قوتابخانە ڕێزمانییەكانی پێشوتری وەك (بەراورد و مێژویی) دێتە كایەوە ئەویش قوتابخانەی ڕۆنانكارییە، كە بە (زمانەوانیی پەسنی) یش ناودەبرێت.((جیاوازی هەرە سەرەكی نێوان هەر دو سەدەی (١٩ ) و (٢٠) ، دەركەوتنی زمانەوانی پەسنیی بو لە بەرانبەر زمانەوانیی مێژویی. )) [روبنز: ١٩٩٧ : ٢٨٧]

((بەشێوەیەكی گشتی (سوسێر) بە دامەزرێنەری زاراوەی ( ڕۆنانكاری) لە زمانەوانیدا دادەنرێت.)) [Crystal : 2008: 457]، بەڵام هەمو بنەماكانی قوتابخانەی ڕۆنانكاری بە تەنها بۆ (سوسێر) ناگەڕێتەوە، بەڵكو ( بلومفیلد) ی زانای ئەمریكیش گەشەی بە بنەماكانی

(ڕۆنانكاری ) دا، پاشان هەریەك لە زمانەوانەكانی وەك (فرانز بواز، ئیدوارد ساپیر، هاریس،...تاد) دێن.

قوتابخانەی ڕۆنانكاری بۆ جیاكردنەوەی بەشەكانی ئاخاوتن  پشت بە ئەرك و شوێنی  وشەكان دەبەستێت. واتە ئەرك دەكرێتە بنەما بۆ جیاكردنەوەی بەشەكانی ئاخاوتن[٥]. بۆ نمونە : لە ڕستەی (١)

(١) زانا نانەكەی  -------  .        ( خوارد، ئەو ، جوان،... تاد)

---

[٥] ڕۆنانكاری دو  قۆناغی هەیە، سەرەتا لەسەر دەستی (سوسێر) دامەزراوە، كە بە بونیادگەریی ئەوروپایی ناسراوە، پاشان قۆناغی دووەم دێت، كە بە بونیادگەری ئەمریكایی ناسراوە ، بە تایبەتی پاش بڵاوبونەوەی كتێبەكەی (ئیدوارد ساپیر ) لەساڵی ١٩٢١، بە ناوی ( Language )، هەروەها بڵاو بونەوەی  كتێبی (Language) ی بلومفێڵد لەساڵی ١٩٣٣ز ، كە توانی لایەنی سیستمی بونیادگەری بهێنێتە نێو زماننناسی ئەمریكاییەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

ئـ: داراحەمید :٦١:٢٠١٣

بـ: سەلام ناوخۆش :٢٠٠٨: ٣٩ –٥٨

له زمانی کوردیدا ئەوەی پێویستە لەو بۆشاییە دابنرێت (کردار)ە، بۆیە کردار بەوە دەناسرێتەوە، کە دەکەوێتە کۆتایی ڕستە و واتای ڕودانی تێدایە. لەم ڕوەشەوە پێویستمان بە فرێزێکی کرداری هەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، هەروەها بە پێی پەیوەندی ستونی– Paradigmatic– ((کەجەخت لەسەر چەمکی لەجیاتی دانان دەکات.)) [سەلام ناوخۆش : ٢٠٠٨: ٣٧]دەتوانین بەشەکانی ئاخاوتن دیاریبکەین[٦] ئەویش بە دانانی وشەکانی زمان لە ڕستەدا لە جیاتی یەکتر – Substitutability– واتە چەمکی لەجیاتی دانان دەتوانێت، یارمەتیدەر بێت بۆ پۆلێنکردنی وشەکانی زمان بۆ چەند پۆلێکی جیاجیا کە سیفەتی (مۆرفۆلۆژی، سینتاکسی و سیمانتیکی) هاوبەشیان پێکەوە هەیە، بۆنمونە :لە ڕستەی (٢)

(٢) نەسرین دوێنێ نامەیەکی بە ئەودا نارد.

بە پێی پەیوەندیی ستونی لە ڕێبازی ڕۆنانکاریدا، هەر وشەیەکی ئەم ڕستەیە لەگەڵ وشەکانی تری زمانی کوردی لە پەیوەندییەکی واتایدایە، بە جۆرێك کە دەتوانن جێگەی یەکتر بگرنەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین بەشەکانی ئاخاوتن بە پێی پەیوەندیی ستونی پۆلێنبکەین و بیاندۆزینەوە. وەك لەم هێڵکارییەدا ڕونکراوەتەوە:

[٦] هەر دو پەیوەندی ئاسۆیی - syntagmatic– و ستونی – paradigmatic –، بریتیین لە یەکێك لەو دوانانەی ،کە سوسێر بانگەشەی بۆ کرد، بە پێی ئەم دو جۆرە پەیوەندییە ، هەمو یەکە زمانییەکان لە دو جۆر پەیوەندیدان لەگەڵ یەکتردا ، یەکەمیان پەیوەندی ئاسۆیییە ، کە بریتییە لە پەیوەندیی ڕێزمانی کەرەسەکانی زمان لەگەڵ یەکتردا ، بەجۆرێك بەهای هەر کەرەسەیەك لە ئەنجامی ئەو پەوەندییەوە بەدەست دێت، کە لەگەڵ کەرەسەکانی پێشوپاش خۆی هەیەتی، دووەمیان پەیوەندی ستونییە، کە ئەویش بریتییە لە پەیوەندی وشەکانی ڕستەیەك لەگەڵ وشەکانی هەمان زمان لە دەرەوەی ڕستەکە ، بەشێوەیەك بتوانن جێگەی یەکتر بگرنەوە بەبێ تێکچونی واتای ڕستەکە. ئەم جۆرە پەیوەندییە هاندەرێکی باشدەبێت بۆ جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن لە یەکتر، ئەویش بە لەجیاتی دانانی یەکتری وشەکانی زمان لە ڕستەدا. بەم پێیەش دەتوانین (ناو ، ئاوەڵناو ، کردار ، ئاوەڵکار ،... تاد) دەستنیشانبکەین. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر پەیوەندیی ئاسۆیی و ستونی بڕوانە :

فردیناند دی سوسور : ١٩٨٥: ١٤١ –١٤٢

| نەسرین | دوێنی | ئەو | نارد |
|---|---|---|---|
| ئازاد | پێرێ | من | هێنا |
| کوڕەکە | ئەمڕۆ | ئێمە | بڵاوکردەوە |
| پیاوەکە | سبەی | تۆ | دڕاند |
| ژنەکە | پار | ئێوە | نوسی |

( ١ )

وەك بینیمان ، کە هەریەك لە بەشە ئاخاوتنەکانی (ناو ، جێناو ،کردار، ئاوەڵکردار) لە ڕێگەی پەیوەندی ستونی لەو ڕستەیەدا دەتوانرێت، دیاریبکرێت. ((بە بۆچونی ( سوسێر) ( ناو ، جێناو ، کار)، پەیوەندییەکی پارادیگماتیکیان هەیە.)) [موحسین عەلی :٢٠١٤: ١٨] ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پەیوەندییە تەنها لە ئاست وشەکاندا ناوەستێت، بەڵکو دەکرێت هەمو کەرەستە زمانییەکانی پێ پۆلێنبکەین، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت زۆربەی بەشەکانی ئاخاوتن و کەرەستە زمانییەکان، لە ڕێگەی پەیوەندی ستونی بدۆزرێنەوە و پۆلێنبکرێن[٧]. ڕۆنانکارەکان بە پێچەوانەی ڕێزماننوسە دێرینەکان، (واتا) یان لە توێژینەوە زمانەوانییەکاندا پشتگوێخست. (( (بلومفێڵد) بانگەشەی بۆ دورخستنەوەی توێژینەوەی (واتا) دەکرد لە وەسفە زمانەوانییەکاندا، ئەویش بە هۆی دژواری ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بابەتییانە سەبارەت بەو جۆرە توێژینەوانە. ))[محەمد محمد یونس :٢٠١٠: ٨٢]لە بەرامبەردا ، ڕۆنانکاری تەنها گرنگی بە(بونیاد و فۆرم) ی کەرەسە زمانییەکان دەدات ، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بەشەکانی ئاخاوتن پۆلێندەکات. ((

[٧] پەیوەندیی ستونی تەنها لە ئاستی وشەکانی زماندا نییە، بەڵکو ئەم جۆرە پەیوەندییە فراوانترە. (ڤینج) باوەڕی وایە، کە ئەم پەیوەندییە دەکرێت، لە ئاست یەکەزمانییەکانی تری وەك (فۆنیم ، مۆرفیم ، گرافیم ، وشە،... تاد) بدۆزرێتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :

موحسین عەلی :٢٠١٤ : ١٨

(فرەیز) یەکێکە لەو زمانەوانانەی ،کە بنەمای واتای لە جیاکردنەوی بەشەکانی ئاخاوتن دورخستەوە، هەروەها تەنها بەشە سەرەکییەکانی هێشتەوە وەك (ناو ، ئاوەڵناو ، کردار) ، ئەوانی تری دورخستەوە. لە جیاکردنەوەکەشیدا پشتی بە بنەمای (مۆرفۆلۆجی، سینتاکس) دەبەست. )) [Mahabad Ezadin:2007:6] . دەتوانین،بەشەکانی ئاخاوتن لە ڕوانگەی ڕێبازی ڕۆنانکارییەوە دەستنیشانبکەین ، کە بریتییە لە گرنگیدان بە فۆرمی کەرەستەکان و دابەشکردنی بەشەکانی ئاخاوتن لەسەر بنەمای ئەو مۆرفیمە (ڕێزمانی و وشەداڕێژ) انەی ،کە وەریاندەگرن بەم شێوەیە:

بەشەکانی ئاخاوتن[8]




(٢)

## ١ - ١- ٤ : ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە - Transformational And Ganarative School:

زمانەوانی ئەمریکی (چۆمسکی) بە دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت. بە بلاوکردنەوەی کتێبەکەی لەساڵی( ١٩٥٧ ) بە ناوی (Syntactic structure) [9]ئەم کتێبە بە شورشێك لە بواری زمانەوانیدا دادەنرێت ، کە لە سەر بنەمای ڕەخنەگرتن لە تیوری ڕەوشتی لە زمانەوانیدا نوسرابو. چۆمسکی پێی وایە، زمان لە مێشکی مرۆڤدایە و دیاردەیەکە تەنها تایبەتە بە مرۆڤ.(( هەروەها پێی وایە، زمان دیاردەیەکی هۆشەکییە، بۆیە تەنها گرنگیدان بە پێکهاتەی دەربڕینەکان لە لێکۆڵینەوەی زماندا بەس نییە، وەك لای( ڕەوشتییەکان ) دەبینرا،

[8] هێڵکاری ژمارە (٢) مان لە (کەوسەر عەزیز) ەوە وەرگرتوە، وەك خۆی دەڵێت، دابەشکردنەکەی لە سەر بنەمای بیری مۆرفیمە، کە دۆزینەوە و برەودان بە بیری مۆرفیم بۆ ڕۆنانکارەکان دەگەڕێتەوە، بڕوانە : کەوسەر عەزیز: ١٩٩٠: ٨١

[9] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : Noam Chomsky : 2002

بەڵکو لە زمانەوانیدا ئەوەی کە گرنگە توانستی قسەکەرە لە بارەی ڕێزمانی زمانەکەیەوە. )) [جرهارد هبلش: ۲۰۰۷: ۱۲٤]. پێشی وایە، منداڵ لەگەڵ لەدایکبونیدا توانایەکی خۆڕسکی لەگەڵدایە بۆ فێربونی هەر زمانێك کە بە (دەزگای وەرگرتنی زمان– LAD)[10] ناوی دەبات . ئەم توانستی زمانەشی بە مێشك بەستەوە، کە هەمو مرۆڤێك ئەم توانایەی لا هەیە. کە چۆمسکی بە دروستەی قوڵی ناودەبات– deep structure– (چۆمسکی) دەڵێت، زمان لە گەوهەردا لە دروستەی قوڵدایە .(( لە کتێبی (پێکهاتە سینتاکسییەکان) دا چۆمسکی پێی وابو ئامانجی لێکۆڵینەوەی زمان، بریتییە لە جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی لە ناڕێزمانی لە زماندا.)) [جرهارد هبلش: ۲۰۰۳: ٤۷۷] ، زمان بە ڕای (چۆمسکی) دیاردەیەکی هۆشەکییە پێش ئەوەی دیاردەیەکی فیزیکی بێت . بۆیە بەشەکانی ئاخاوتنیش لە(فەرهەنگی مێشك – Mental Lexicon) دا پارێزراون و قسەکەری ئاسایی هەر زمانێك زانیاریی تەواوی لە بارەیانەوە هەیە. بۆیە بۆ زانینی بۆچونی قوتابخانەی بەرهەمهێنان لەبارەی بەشەکانی ئاخاوتن ، پێویستە سەرەتا باس لە فەرهەنگی مێشك بکەین ، واتە ئەو فەرهەنگەی کە لە مێشکدایە و وشەکانی تێدا پارێزراوە لەگەڵ هەمو ئەو زانیارییانەی کە وشەکان هەڵگریانن .

## ۱ - ۱- ٤ - ۱ فەرهەنگی ئاوەزیی[11]- Mental Lexicon:

بەڕای چۆمسکی فەرهەنگی ئاوەزیی وشەکانی زمانی تێدایە، هەروەها ((ئاماژەیە بۆ مێشکی قسەکەر ، کە تێیدا سەرجەم زانیارییە (دەنگی و واتایی)یە کانی وشەکانی تێدا پارێزراوە، کە پرۆسەی تێگەیشتنی زمانی لەسەر دەوەستێت.)) [Wilson & Tyler:1994 : 3]

---

[10] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عماد عبدالرحیم، رافع نصیر: ۲۰۰۸: ۲۵۰

[11] لە بارەی وەرگێڕانی زاراوەی (Mental Lexicon) بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

ئـ: محەمەدمەحوی: ، ۲۰۰٦: ۱۰

بـ: عەبدولجەبار مستەفا، : ۲۰۱۲ : ۲

پـ: شیلان عومەر: ۲۰۱۲: ۱۰۵

کەواتە بەشەکانی ئاخاوتن لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، وەك بابەتێك نزیکدەبنەوە لە (زانستی زمانی دەرونی) بەو پێیەی کە ((بەشەکانی ئاخاوتن، لە ڕوانگەی زانستی زمانی دەرونییەوە لە(یادگەی درێژخایەن– Long time memory ) دا پارێزراون. هەروەها لەسەر بنەمای لێکچونی (واتایی ، دەنگیی ، ... تاد) پۆلێنکراون. بۆ نمونە ئەو وشانەی بەیەك فۆنیم دەستپێدەکەن، یان ئەو وشانەی یەك واتایان هەیە،... تاد)) [WWW.awa .com /Norton ]

زمانەوانەکانی بواری زانستی زمانی دەرونی باوەڕیان وایە، کە (( قسەکەرێکی ئاسایی ، لە ماوەی یەك خولەکدا توانای هەیە، زیاد لە (١٥٠) وشە بەرهەمبهێنێت، واتە لە هەر چرکەیەکدا زیاد لە دو وشە، هەروەها ئەگەر ڕێژەیەکی ناوەندیش لە بارەی ژمارەی وشەکانی مێشکی قسەکەرێکی ئاسایی وەربگرین، ئەوا نزیکەی (٣٠,٠٠٠) وشە لە فەرهەنگی مێشکی هەر مرۆڤێکی ئاساییدا پارێزراوە، کە دەتوانێت بە شێوەیەکی بەردەوام سودیان لێوەربگرێت.)) [ Radford & Atkinson: 2009: 199] ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچونەیە، کە پێی وایە زمان لە مێشکدایە و وشەکانی زمان لە فەرهەنگی مێشکی قسەکەردا پارێزراون، بە شێوەیەك، کە وشەکان بە شێوەیەکی ڕوت لە مێشکدا نین، بەڵکو سەرجەم زانیارییەکانیشیان لەگەڵدا پارێزراون.

ڕێزمانی بەرهەمهێنان پێی وایە، کە لە فەرهەنگی مێشکی مرۆڤدا، (بە پێی بەشەئاخاوتنەکان ) ، ((وشەکان کۆمەڵێك زانیاری هاوبەش لەخۆدەگرن، ئیتر ئەو بەشە ئاخاوتنە (ناو ، ئاوەڵناو ، جێناو ، ئاوەڵکار ،پێشناو ، ئامرازی لێکدەر،... تاد) بێت، هەروەها (لەسەر بنەمای ئەو زانیارییە هاوبەشانە) بەیەکەوە پۆلێکی ڕێزمانی پێکدەهێنن. )) [Fromkin & :2003:71 Rodman] قسەکەریش بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتر بەردەوام پشت بە زانیارییە زمانییەکانی دەبەستێت، دەبێت ئەو ڕاستییەش لە بیر نەکەین ، ئەگەر ئەو زانیارییە هاوبەشانەی لە نێوان پۆلێکی دیاریکراوی بەشەئاخاوتنەکاندا هەن نەبونایە،هەرگیز تێگەیشتن نەدەهاتەدی و ڕستەی ڕێزمانی و ناڕێزمانی لێکجیانەدەکرایەوە، کە ئامانجێکی گرنگی ڕێزمانی بەرهەمهێنانە.

پێش ئەوەی ژمارەی بەشەکانی ئاخاوتن لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بخەینەڕو، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا فەرهەنگی ئاوەزەیی–Mental Lexicon – تەنها ئاماژە نییە بە لیستی وشە تۆمار کراوەکان لە مێشکی مرۆڤدا، بەڵکو(( لە فەرهەنگدا زانیاری ( فۆرمداڕشتن ، هەڵگواستن ، کۆت و بەندکردن) هەن، کە یەکەمیان ڕێگە دەدات، بە یەکەفەرهەنگییەکان بۆ ئەوەی لە ناو دروستەی گەورەتر دا لێکبدرێن. بۆ نمونە یاسای دروستەی فرێزی ناوی .دووەمیان بریتییە لە دانانی وشەکان بەرامبەر چەمکەکان، سێیەمیان بریتییە لە کۆت و بەندی یەکە فەرهەنگەییەکان بە سەر یەکتردا. بۆ نمونە کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕ . )) [شیلان عومەر: ٢٠١٢: ١٠٥ – ١٠٧ ]

پێویستە ئەوە ڕونبکرێتەوە، کە دەوترێت ((وشەکان لە فەرهەنگی مێشکدا پارێزراون، لەسەر بنەمای زانیاریی جیاواز. )) [Katamba : 2006 : 84]

مەبەست لێی ئەوەیە ، کە وشەیەکی وەك [گوێز ] لە زمانی کوردیدا پێویستە، لە مێشکدا ئەم زانیارییانەی لەگەڵدا پارێزراو بن :

١ – زانیاریی واتایی : ئەم وشەیە ئاماژەیە بۆ بەری دارێك ، کە لەهەورامادا زۆرە و ڕەنگی قاوەیی کاڵە و بەرگەگەی ڕەقە،... تاد

٢– زانیاریی دەنگی : وشەکە لە چوار (فۆنیم) پێکدێت. بەو جۆرەش دەخوێنرێتەوە، کە نوسراوە،... تاد

٣– زانیاریی ڕێزمانی : گوێز وشەیەکی ژمێردراوە، دەتوانیین بڵێیین : یەك گوێز ، دو گوێز...تاد، هەروەها وەك بەشەئاخاوتنیش (ناو) ە .

لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەدا، بەشەکانی ئاخاوتن بە (پۆلە فەرهەنگییەکان– Lexical Categories) نادەبرێن، لەسەر بنەمای ئەم پۆلە فەرهەنگیانە پۆلە سینتاکسییەکان دروستدەکرێن، کە بریتیین لە فرێزەکان. لە سەرەتادا (چۆمسکی بڕوای وابو، کە تەنها (٥)

بەشی ئاخاوتن هەیە، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتری تیورەکەیدا ئەم بەشانەی فراوانکرد و کردنی بە (٩) بەشی ئاخاوتن[12] . بەمشێوەیەی خوارەوە دەتوانیین ڕونی بکەینەوە :

قۆناغی (١)




( ٣ )

قۆناغی(٢)




( ٤ )

## ١ - ٢- بەشەکانی ئاخاوتن وەك بابەتێکی هاوبەشی زمانی:

لە تەوەری یەکەمدا باسمانکرد، کە بەشەکانی ئاخاوتن لە نێوان زمانەکاندا بابەتێکی هاوبەشە، واتە هەمو زمانێك وشەکانی دابەشدەبنە سەر چەند بەشێکی ئاخاوتن. لەگەڵ ئەوەشدا زمانەکان بە پێی تایبەتمەندی خۆیان مامەڵە لەگەڵ بەشەکانی ئاخاوتندا دەکەن . ((ژمارەی بەشەکانی ئاخاوتن و دابەشبونی بیرەکان بە سەریاندا، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت. بۆ نمونە دەوترێت هەمو زمانێك (ئاوەڵناوی) نییە، ئەوەی کە دەرکەوتوە، ئەوەیە کە هەمو زمانێك (ناو و کردار) ی تێدایە.))[Dixon: 1971: 20] بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ژمارەی بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا، سەرەتا باس لە بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانەکانی (عەرەبی

[12] بۆ زانیاریی لەبارەی بەشەکانی ئاخاوتن لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بڕوانە ئەم سەرچاوەیە:

Mahabad Ezaddin:٢٠٠٧:٨

، ئینگلیزی ، فارسی)[١٣] دەکەین، هەروەها تێڕوانینی زمانەوانەکانی ئەو زمانانە دەخەینەڕو، دەبێت ئەو ڕاستییەش لە بەرچاو بگرین، کە زمانەوانە کوردەکان لەژێر کاریگەریی زمانەوانانی دراوسێ و ڕۆژئاواییەکاندا بەشەکانی ئاخاوتنیان دابەشکردوە. ئەگەرچی توێژینەوەکەی ئێمە بەراورد نییە، بەڵام بە پێویستی دەزانین ، بە کورتی بۆچونی ئەو زمانانە دەربارەی بەشەکانی ئاخاوتن بزانین. جگە لەوەش سودێکی تری خستنەڕوی ژمارە و چۆنییەتی دابەشکردنی بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانەکانی تردا ئەوەیە، لەو ڕێگەیەوە تێدەگەین بە هەمان شێوەی زمانی کوردی دو بۆچونی جیاواز لەو زمانانەدا دەبینرێت، کە بریتیین لە (دێرینەکان و نوێخوازەکان) یەکەمیان ژمارەی بەشەکانی ئاخاوتنی لەژێر کاریگەریی ڕێزمانی یۆنانیدا دابەشکردوە و دووەمیان پێوانەی زانستی بۆ جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن بەکارهێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا پۆلێنکردن و دابەشکردنی وشەکانی زمان لە زمانەوانێکەوە بۆ زمانەوانێکی تر دەگۆڕێت. بەم پێیەش هەر زمانەوانەو لەژێر کاریگەریی تیورێکی زمانەوانییدا بووە، بۆیە پۆلێنکردنی جیاجیا دەبینین.

### ١ - ٢- ١ بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانی عەرەبیدا :

بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانی عەرەبیدا دابەشبووەتە سەر دو بۆچونی جیاواز، کە ئەوانیش بریتیین لە :

١– زمانەوانە کۆنەکان

٢ – زمانەوانە نوێیەکان.

بۆچونە کۆنەکان کە لە سەردەمی هاتنی ئاینی ئیسلامەوە دەستپێدەکات، تا نزیکەی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم. لە ژێر کاریگەریی ڕێزمانی زمانی یۆنانیدا بەشەکانی ئاخاوتنیان دابەشدەکردە سەر سێ بەشی ئاخاوتن. ئەم دابەشکردنە تا ئێستاش بڵاوترین دابەشکردنە لە

[١٣] ئەو سێ زمانەمان هەڵبژاردوە، چونکە زمانەوانە کوردەکانی ناوەڕاست و کۆتایی سەدەی بیستەم لەژێر کاریگەریی ڕێزمانوسە عەرەبەکاندا بەشەکانی ئاخاوتنیان پۆلێنکردوە، هەروەها زمانی فارسی لەگەڵ زمانی کوردیدا سەر بە هەمان خێزانە زمانە. زمانی ئینگلیزیش زمانێکی نێو نەتەوەییە- International language- و زمانەوانە کوردەکان لەژێر کاریگەریی زمانەوانە ئینگلیزییەکاندان ، بە تایبەتی زمانەوانە هاوچەرخەکان .

ڕێزمانی زمانی عەرەبیدا، کە ئەوانیش بریتیین لە: ١– ناو ٢ – کردار ٣ – ئامراز[١٤]،بەڵام زمانەوانە نوێخوازەکان لەژێر کاریگەریی زمانی ئینگلیزیدا بەشەکانی ئاخاوتنیان بەسەر چەندین بەشدا پۆلێنکردوە،لە هێڵکاری (٥،٦،٧)ڕونکراوەتەوە بەم شێوەیە:




(٥) [تمام حسان:١٩٧٣: ١١٩ –١٢٢. ]




(٦) [ابراهیم انیس: ١٩٥٧: ١٩٣ –١٩٥ ]




[فاضل مصطفى:١٩٧٧: ١٣١ –١٣]

( ٧ )

## ١- ٢- ٢ بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانی فارسیدا:

[١٤] ژمارەی ئەو زمانەوانانەی ، کە پێیان وایە کە سێ بەشی ئاخاوتن هەیە لە زمانی عەرەبیدا زۆرن، وەك (شحدە فارع، خلیل احمد فراهیدی ، سمیر شریف ، سیبەوی، ...تاد) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : محمد محی الدین: ٢٠٠٨ : ١٣.

[١٥] (تەمام حەسان)، زاراوەی (خالیفە) ی بەرامبەر ئامرازی سەرسوڕمان داناوە. بڕوانە : تمام حسان :١٩٧٣ : ١١٣

لە زمانی( فارسی) یشدا بەهەمان شێوەی زمانی (عەرەبی ) دو بۆچونی جیاواز لە بەرامبەر ژمارەی بەشەکانی ئاخاوتن هەیە. ئەو زمانەوانانەی کە ((لەژێر کاریگەریی ڕێزمانی عەرەبیدا، بەشەکانی ئاخاوتنیان دابەشکردوە بۆ سێ بەشی (ناو ، کردار ، ئامراز)، هەروەها هەندێکی تر پێیان وایە، کە لە زمانی فارسیدا زیاد لە سێ بەشی ئاخاوتن هەیە.))[ اسماعیل صادقی : ١٣٨٨ :١٠٢]

((لە زمانی فارسیدا لە ڕوانگەی جۆری وشە و تایبەتمەندی جێگیر و هەمیشەیی وشەکانەوە وشەکان دەکرێت، دابەشبکرێن بۆ هەشت بەشی ئاخاوتن، کە ئەوانیش بریتیین لە :١- کردار ، ٢- ناو ،٣- ئاوەڵناو، ٤-جێناو،٥- ئاوەڵکردار،٦ -پیت، ٧-گرێ (شبهەجملە) ، ٨- گوزارە. )) [حسن انوری:١٣٩٠: ١٥].

لە زۆربەی ئەو کتێبانەی کە بۆ وتنەوەی زمان نوسراون، لە زمانی فارسیدا وەکو پێشتر وتمان چەندین بەشی جیاواز دیاریکراون . (حسن انوری) ، (٧) بەشی ئاخاوتن دەستنیشان دەکات: ((١-ناو ،٢- کردار، ٣-ئاوەڵناو ، ٤- ئاوەڵکردار،٥- پیت ، ٦-جێناو ، ٧-گرێ.)) [حسن انوری:١٣٨٩: ٨] [16]

دەشێت دابەشکردنی تریش هەبن لە زمانی فارسیدا، بەڵام ئەم دو بۆچونە دیارترین ئەو دو بۆچونانەن ،کە زۆرێك لە زمانەوانە فارسەکان لە سەری هاوڕان.

## ١ - ٢- ٣ بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانی ئینگلیزیدا :

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لە بۆچونی هاوچەرخی ڕێزمانی ئینگلیزیدا ئەوەیە هەوڵدەدرێت، ژمارەی بەشەکانی ئاخاوتن کەمبکرێتەوە [17]. واتە تا ڕادەیەکی زۆر گەڕانەوە بۆ پۆلێنە کۆنەکەی یۆنانییەکان و عەرەبەکان، کە بەشەکانی ئاخاوتنیان دابەشدەکردە سەر سێ بەشی ئاخاوتن.

---

[16] لە بارەی بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانی فارسیدا بڕوانە :

www.sid.ir

[17] بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە : محەمەد مەعروف فەتاح : ٢٠١٠: ٣٠٢

کەچی بۆچونە هاوچەرخەکانی ڕێزمانی( عەرەبی و فارسی ) جەخت لەسەر بونی (٨) بەشی ئاخاوتن و زیاتریش دەکەنەوە لە زمانەکانیاندا، وەك لە تەوەرەکانی پێشوتردا ڕونمانکردەوە. دیارترین بۆچونی ڕێزمانی دێرینی ئینگلیزی ئەو بۆچونەیە، کە بەشەکانی ئاخاوتن دابەشدەکاتە سەر (١٠) بەشی ئاخاوتن، ئەوانیش بریتیین لە :

١–ناو ٢–جێناو ٣–ئاوەڵناو٤–کردار٥–ئاوەڵکردار٦–ژمارە٧–ئارتیکل ٨–ئامرازی سەرسوڕمان ٩–پێشناو ١٠–ئامرازی لێکدەر[١٨].

بە بۆچونی (Roger stone) پۆلەکانی وشە لە زمانی ئینگلیزیدا ژمارەیان (١٤) پۆلە، کە بریتیین لە:

١–ئاوەڵناو ٢– ئاوەڵکردار ٣–پەیوەستکردن ٤–سەرسوڕمان ٥–ناو ٦–ژمارە ٧–ژمارەی بنەڕەتی ٨–ژمارەی پێوانەیی(ئۆردینالّ) ٩–پێشناو ١٠–جێناو ١١–کردار ١٢–کردارئاسا ١٣ – نیشانە١٤ – پرس.[١٩]

هەروەها چەندین دابەشکردنی تر دەبینرێت.[٢٠] واتە بە پێی ئەو پێوەرانەی کە وشەکانی لە سەر پۆلێنکراون، چەندین پۆلێنی جیاجیا دەبینرێن، ئەو پێوەرانەش ڕاستەوخۆ لە قوتابخانەیەکی زمانەوانییەوە سەرچاوەیان گرتوە، هەندێك لەسەر بنەمای سینتاکس و هەندێکی تر تەنها پێوەری فەرهەنگ وەك بنەمای جیاکردنەوەکە پێڕەو دەکەن.

**١-٢- ٤ بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا:** زمانەوانە کوردەکان لە کۆن نوێدا بە شێوەی جیاواز بەشەکانی ئاخاوتنیان دابەشکردوە. لێرەدا بە پێی مەودای کارەکەمان بۆچونی هەندێکیان دەخەینە ڕو، پاشان خۆمان بە سەر ئەو پۆلێنانەدا دەچینەوە و دابەشکردنێکی نوێ

---

[١٨] بڕوانە : M.haspelmath:2001:16 538

[١٩] بڕوانە : Roger stone : 2010 : 106

[٢٠] هەندێك دابەشکردن هەیە، لەسەر بنەمای (سینتاکس)ە، وەك دابەشکردنەکەی (Bas A arts) کە بەشەکانی ئاخاوتن دابەشدەکاتەسەر :(١–ناو ٢–دیاریکەر٣–کردار٤–پێشناو٥–ئاوەڵکار٦–لێکدەر)، لەم دابەشکردنە (جێناو)، بە بەشێك لە ناو دانراوە، هەروەها (دیاریکەر) بە بەشێکی سەربەخۆ دانراوە، واتە بە پێی ڕەفتاری فرێزەکان بەشەکانی ئاخاوتن جیاکراونەتەوە. بڕوانە :26 : BAS A arts :2001

بۆ بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا دەکەین. لەگەڵ ڕونکردنەوەی ئەو بنەمایانەی کە پۆلێنەکەمانی لەسەر دەوەستێت :

| ناوی نوسەر | بەشەکان ئاخاوتن |
|---|---|
| سەعید صدقی کابان [21] | اسم – صفت – ضمیر – فعل – ادات |
| تۆفیق وەهبی [22] | ناو – سفەت – بۆناو– ئەداتی تەواویی– زەرف– ئەداتی یەکخەر– ندا |
| نوری عەلی ئەمین [23] | ناو – جێناو – ئاوەڵناو – ئاوەڵکار – فرمان – چاوگ – ئامرازی پەیوەندی – ئامرازی پێبەست – ئامرازی نیدا(بانگکردن) |
| ئەحمەد حەسەن [24] | ناو – کردە – پیت |

[21] سعیدصدقی : ١٩٢٨: ٦

[22] تەوفیق وەهبی : ١٩٢٩ :١٥

[23] نوری عەلی ئەمین : ٢٠١٣ : ٧٥– ٢١٥

[24] احمد حسن : ١٩٧٦: ٨٧

| | |
|---|---|
| قەناتی کوردۆ[25] | ناو – کار – ئاوەڵناو – ژمارە – جێناو – ئاوەڵکار – ئامرازی پەیوەندی – لێکدەر – گەیەنەر – بانگکردن |
| ئەو ڕەحمانی حاجی مارف[26] | ناو –ئاوەڵناو – جێناو – ژمارە – کردار – پریپۆزەیشن – ئامرازی پەیوەندی – ئامرازی سەرسوڕمان – پارتیکڵ – ئارتیکڵ. |
| نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی[27] | ناو ، جێناو ، ئاوەڵناو ،چاوگ، ئامراز، ئاوەڵکار ،ژمارە ، کردار |
| لیژنەی کۆڕ و زانستەکانی [28] | ناو – ڕاناو – ئاوەڵناو – چاوگ – ئاوەڵکار – پریپۆزەیشن – ئامراز – ئامرازی تعجب. |
| کەوسەر عەزیز[29] | ناو – کار – ئاوەڵناو – ئاوەڵکار – ڕاناو |
| ڕێژنە ئیسماعیل[30] | ناو – جێناو – ئاوەڵناو – کار – ئاوەڵکار – ژمارە – ئامراز . |
| محەمەد مەعروف[31] | ناو – کردار – پرتك |

[25] قەناتی کوردۆ :١٩٧٨ : ٦١

[26] ئەورەحمانی حاجی مارف : ١٩٧٩: ٥–٦

[27] نەسرین فەخری &کوردستان موکریانی: ١٩٨٢ : ١٠– ١٩٠

[28] ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی: ٢٠١١

[29] کەوسەر عەزیز : ١٩٩٠: ٨١

[30] ڕێژنە ئیسماعیل : ٢٠٠٨ : ٥–٢٢

[31] محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣٠٣

پێش ئەوەی ، بیروڕای خۆمان لە بارەی ژمارەی بەشەکانی ئاخاوتن دەرببڕین، ئەو بنەمایانە دەخەینەڕو، کە بەشەکانی ئاخاوتنیان لەسەر پۆلێن دەکەین.(( دێرینەکان لەسەر کۆمەڵێك بنەما بەشەکانی ئاخاوتنیان بۆ دابەشکردوین، بەڵام ئەو بنەمایانەیان بۆ باسنەکردوین، کە چییە؟)) [تمام حسان : ١٩٧٣: ١٩٦]، یان زۆر جار زمانەوانانەکان لەسەر بنەمایەکی دیاریکراو بەشەکانی ئاخاوتن دابەشدەکەن، کە گشتگیری تێدا نابینرێت، یان ئەو بنەمایە دەست نادات بۆ دیاریکردنی هەموو بەشەکانی ئاخاوتن، ڕێزمانی دێرین تەنها( واتا ) یان کردبووە بنەما بۆ جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن بۆ نمونە دەوترا :

ناو : ئاماژە بۆ ناولێنراوێك دەکات .

کردار : ئاماژە بە ڕودان و کات دەکات .

پیت: ئەو دو خەسڵەتەی تێدا نییە. [تمام حسان : ١٩٧٣: ٨٧]

لە زمانی کوردیدا پۆلێنکردنی بەشەکانی ئاخاوتن لەژێر کاریگەری ڕێزمانی عەرەبیدا بوە وەك لای (سەعید سدقی کابان ) دا دەبینرێت. هەندێکی تر لەژێر کاریگەری زمانە ڕۆژئاواییەکاندا بون، وەك (تۆفیق وەهبی)[٣٢] ، بەڵام لە کۆتایی حەفتاکانەوە بەشەکانی ئاخاوتن لەسەر بنەمای تیورە ڕۆژئاواییەکان بون وەك دابەشکردنی بەشەکانی ئاخاوتن لەسەر بنەمای بیری مۆرفیم، یان جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن لەسەربنەمای فرێزەکان، ... تاد

**١ - ٢ - ٥ بنەماکانی جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن** : لە ڕێبازە زمانەوانییەهاوچەرخەکاندا،سێ پێوەر[٣٣] دەکرێتە بنەما بۆ جیاکردنەوە و دەستنیشانکردنی

---

[٣٢] بۆ زانیاریی لەبارەی کاریگەریی ڕێزمانی عەرەبی و ئینگلیزی لەسەر ئەو دو ڕێزماننوسە، بڕوانە : ئەمیر حەسەنپور: ٢٠١٥ : ١٦٠-١٦٣

[٣٣] لە سەرچاوە ئینگلیزییەکان وشەی [Criteria ] هاتوە ، (محەمەد مەحوی) وشەی[ شامەرج] ی بەرامبەر داناوە ، بەڵام ئێمە وشەی[ پێوەر] بە پەسەندتر دەزانیین،چونکە لە ڕوی بەکارهێنانەوە فراوانترە. بڕوانە: محەمەد مەحوی : ٢٠١١ : ٤٩

بەشەکانی ئاخاوتن، بۆ ئەوەی وشەیەك بە پۆلێکی سەربەخۆی ئاخاوتن دابنرێت ، لە ڕوانگەی ئەو سێ بنەمایەوە سەیردەکرێت ، کە بریتیین لە : ((١ – مۆرفۆلۆژی (پشت بەستن بە فۆرمی وشەکان) .سیمانتیك (پشت بەستن بە واتا) ٣ – سینتاکس (پشت بەستن بە ڕەفتاری فرێزەکان). )) [Radford & Atkinson: 2009 :131 ] ،هەروەها دەبێت، بەشەکانی ئاخاوتن لەسەر بنەمای فەرهەنگی زمان دیاریبکەین، واتە کە وتمان (بەشەکانی ئاخاوتن) دەبێت، لە فەرهەنگدا ئەو وشەیە واتای بەرامبەر دانرابێت و ببوبێتە لێکسیم.[٣٤] لەگەڵ ئەوەشدا ئەو یەکە زمانییانەی کە واتایان نییە و لە فەرهەنگدا نین، پۆلی تر پێکدەهێنن بەیەکەوە، کە بە (پۆلە سینتاکسییەکان، پۆلە ڕێزمانییەکان، پۆلەئەرکییەکان،... تاد) ناودەبرێن. وەك (فرێزەکان، ئامرازەکان ، پێشناو، پاشناو ، ئاوەڵکار ،جێناو،... تاد) لێرەشەوە بۆمان دەردەکەوێت ، دابەشکردنی بەشەکانی ئاخاوتن لە ڕێزمانی دێریندا گشتی بووە و پێوەری دابەشکردنەکە ڕون نەبووە. هەر بۆیە پێویستە پێش دیاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتن، بە وردی ئەو پێوەرانە بخرێنە ڕو، کە پۆلێنکردنەکەی لەسەر دەوەستێت.

١-٢-٥-١ **پێوەری مۆرفۆلۆژی:** بە پشتبەستن بە بنمای مۆرفۆلۆژی بۆمان دەردەکەوێت، هەریەك لە (ناو ، ئاوەڵناو ، ژمارە ، کردار) ، چوار بەشی ئاخاوتنی سەربەخۆی فەرهەنگی زمانی کوردین، چونکە هەریەك لەو بەشانە مۆرفیمی تایبەت بە خۆیان هەیە بەم شێوەیە:




(٩)

---

[٣٤] (( لێکسیم واتە (سەرەی وشە)، ئەو بەشە واتادارەی وشەیە، کە لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە، دێرینەکان پێیان دەوت (وشە). )) [Cristal : 2004: 118 ]، بۆ نمونە: لە ڕستەیەکی وەك – ئەوان هاتنەوە. لە فەرهەنگدا [هاتن] هەیە ، بەڵام /ەوە/ لە فەرهەنگدا نییە، بۆیە هاتن لێکسیمە ،بەڵام هاتنەوە وشەیە.

وەك دەردەكەوێت لە زمانی كوردیدا (چوار) پۆلی فەرهەنگیمان هەیە، (ئاوەڵكردار)، بەشێكی سەربەخۆی فەرهەنگی نییە و هیچ مۆرفیمێكی تایبەت بەخۆی نییە . هەمو ئەو وشانەی، كە لەفەرهەنگی زمانی كوردیدا بە ئاوەڵكردار دانراون ، لەچوارچێوەی بەشەكانی تری وەك (ناو ،ئاوەڵناو) جێگەیان دەبێتەوە وەك لەم خشتەیەدا دەردەكەوێت:

| ئاوەڵكردار | بەشەئاخاوتن |
|---|---|
| خێرا | ئاوەڵناو |
| پشت | ناو |
| هێمن | ئاوەڵناو |
| یەك یەك | ژمارە |
| تێرو پڕ | ئاوەڵناو |
| سالآن | ناو |

[35]
(١٠)

كەواتە بۆمان دەردەكەوێت لە ڕوانگەی قوتابخانەی ڕۆنانكارییەوە لە پێوەری مۆرفۆلۆژیدا دو خاڵ گرنگە بۆ جیاكردنەوەی بەشەكانی ئاخاوتن، كە ئەوانیش بریتیین لە :

١- ئەو بەشەی كە جیادەكرێتەوە مۆرفیمی ڕێزمانی، یان وشەداڕێژی تایبەت بەخۆی هەبێت، بۆ نمونە: ئاوەڵكردار هیچ مۆرفیمێكی تایبەت بەخۆی نییە، بۆیە بە بەشێكی سەربەخۆی فەرهەنگی دانانرێت، هەروەها ( جێناو، ئامراز، پریپۆزەیشن،... تا) هیچ مۆرفیمێكی تایبەت بە خۆیان نییە ، بۆیە لە ئاستی فەرهەنگدا وەك پۆلێك سەیرناكرێن . ٢- ئەو بەشەی ئاخاوتن بۆ ئەوەی بە پۆلێكی سەربەخۆی فەرهەنگی دابنرێت ، پێویستە وەك مۆرفیمێكی سەربەخۆی واتادار لە فەرهەنگدا ببینرێت، چونكە ((تەنها مۆرفیمێكی سەربەخۆ (وشەیەكی سادە) بەگوێرەی بەشەكانی ئاخاوتن پۆلێن دەكرێت.)) [محەمەد مەعروف: ٢٠١٠: ٣٠٧]، ئەم بۆچونە ڕۆنانكارییە و لەسەر بنەمای بیری مۆرفیمە هەر بە پێی ئەم بۆچونە بێت ( جێناو ،ئاوەڵكردار،

---

[35] هەندێك پێی وایە، ژمارەیەكی كەم ئاوەڵكردار لە فەرهەنگی زمانی كوردیدا هەیە بڕوانە : ئازاد ئەحمەد : ٢٠٠١:٢٦

پریپۆزەیشن ، ئامرازەکانی وەك : لێکدەر ، خستنەسەر ، بانگکردن، سەرسوڕمان،... تاد) بە بەشێکی سەربەخۆ دانانرێن، چونکە جێناوەکان ئەگەر چی وشەیەکی سەربەخۆن، بەڵام ژمارەیەکی کەمن و وشەیەکی ئەرکین نەك واتادار، هەروەها ئامرازەکان مۆرفیمێکی سەربەخۆی واتادار نین. ئاوەڵکردارەکانیش، لە سینتاکسدا ڕۆدەنرێن و وەك فرێزێکی ئاوەڵکرداری لە چوارچێوەی فرێزی کرداریدا دەردەکەون. هەرچەندە زمانی کوردی وشەی سادەی کەمە بە بەراورد بە هەڵگوێزراو و لەیەکدراوەکان، بەڵام پۆلەفەرهەنگییەکان (ناو ، ئاوەڵناو ، ژمارە،کردار) لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بە شێوەی سادە هەن، بۆیە لە پێوەری مۆرفۆلۆژیدا هەر دو مەرجی ١-واتا ٢- بونی وشەکە بە شێوەی مۆرفیمێکی ئازاد لە فەرهەنگدا. کراوەتە مەرج، چونکە پریپۆزەیشنەکان: / بە ، لە ، بۆ، ... تاد/ مۆرفیمی ئازادن وەك لە دابەشکردنی جۆرەکانی مۆرفیمدا دەیبینین[٣٦]، بەڵام ئەم مۆرفیمانە لێکسیکی نین، واتە واتایەکی دیاریکراویان نییە، بەڵکو ئەرکێکی ڕێزمانی دەگەیەنن.

١-٢-٥-٢ ***پێوەری سینتاکس*** : لە پێوەری سینتاکسدا دو خاڵ زۆر گرنگە، ئەوانیش (ئەرك و شوێنی هاتن) ی وشەکانی زمانن لە ڕستەدا ، بۆ نمونە : (ناو) ئەو بەشە ئاخاوتنەیە ،کە دەبێتە (بکەر ،بەرکار ، دیارخەر ، تەواوکەر ، سەربار)[٣٧]، هەروەها (( ئاوەڵناو ، بۆ دو بەشی گرنگ دابەش دەبێت، لە هەمو زمانەکاندا (ئەو زمانانەی کە ئاوەڵناویان هەیە) [٣٨]، یەکەمیان ئەو زمانانەن کە ئاوەڵناو تێیاندا لە ڕستەدا تەنها بە شێوەیەکی پەسنی- Attributive – دەردەکەون و دەکەونە پێش، یان پاش ناو . دووەمیان ئەو جۆرە زمانانەن کە ئاوەڵناوەکانیان دەکەونە چوارچێوەی بەشەکردارەوە –Predicatively–.)) [Hallonsten: 2009: 7] بەم پێیە زمانی کوردی بەر هەر دو جۆرەکەی دەکەوێت، واتە ئاوەڵناو لەگەڵ ناو و بەشەکرداریشدا دێت. هەروەها (( (ژمارە) لە ڕوی ئەرکەوە ئەرکی سەرەکی دیارخەرە. وەك دیارخەرێك لە

٣٦ بۆ زانیاریی لەبارەی جۆرەکانی مۆرفیم بڕوانە : محەمەد مەعروف & صباح رشید :٢٠٠٦ :٢٨ -٢٩

٣٧ چاوپێکەوتن : بەکر عومەر عەلی : ٢٠١٥/١٢/١٧

٣٨ زمانەوانەکان پێیان وایە ،کە ئاوەڵناو دیاردەیەکی گشتی( یونڤێرساڵ) نییە و مەرج نییە لە هەمو زمانێکدا هەبێت، بەڵام ئەوەی دەرکەوتوە ئەوەیە ،کە هەمو زمانەکان (ناو، کردار) یان تێدایە:بڕوانە : محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٣٠٩

فرێز و ڕستەدا ڕۆڵدەبینێت.)) [بابا رسول:٢٠١٢: ١٣٩]، هەروەها (کردار) ، تاکە بەشی ئاخاوتنە کە پەیوەندییەکی پەیکاڵی – تەتابقی– هەیە، لە نێوان جێکەوتەکەی و بەشەئاخاوتنی کرداردا، واتە جێکەوتەی کردار تەنها بە کردار (وەك پۆلێکی فەرهەنگی ) پڕدەکرێتەوە و بە زۆری لە زمانی کوردیدا دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە[٣٩].کەواتە پێوەری سینتاکس بۆ جیاکردنەوەی پۆلی (ناو ،کردار) یارمەتیمان دەدات، چونکە تەنها ناو دەتوانێت جێکەوتەی بکەر و بەرکار پڕبکاتەوە و جێکەوتەی کرداریش تەنها بە کردار پڕدەکرێتەوە، بەڵام (ئاوەڵناو و ژمارە) ، ئەگەرچی ئەرکی سەرەکییان (دیارخەر و تەواوکەر)ە،بەڵام ناویش دەتوانێت ئەو دو ئەرکە ببینێت.

٣-٥-٢-١ **پێوەری سیمانتیك:** ((پێکهاتەی واتایی – semantic structure– پۆلە فەرهەنگییەکان، بریتییە لەو واتا هاوبەشەی کە ئەندامەکانی پۆلێك بەیەکەوە دەبەستێتەوە.)) [Cristal : 2004:157] )) واتای وشەکانی زمان بریتییە لە تێڕامان لە پەیوەندی نێوان وشەکان وەك هێمایەك لەگەڵ دنیای دەرەوە. بۆ نمونە: ناوەکان واتای (کەس، شت ، شوێن،... تاد) دەگەیەنن. کردارەکان واتای (ڕودان) دەگەیەنن، ئاوەڵناوەکان واتای (پەسن ) یان تێدایە و پەسنی (ناو) ێك، یان (جێناو) ێك دەکەن. ژمارە ئەو پۆلەفەرهەنگیەیە، کە ((بڕی ، یان چەندێتی ناوێك بە ئاشکرا دیاری دەکات.)) [بابارسول : ٢٠١٢ :٦٧] ، بەڵام جگە لەو سێ بەشە ئاخاوتنە هیچ بەشێکی تر ناتوانرێت لەسەر بنەمای واتا پۆلێنبکرێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەوانی تر ئەرکی ڕێزمانییان هەیە بە پێچەوانەوە واتایەکی بابەتییان نییە بۆ نمونە بە تێڕامان لە واتای (ئاوەڵکردار، ئامراز، جێناو، پێشناو،... تاد)ەکان ناتوانرێت لەسەر بنەمای (واتا) پۆلێنبکرێن، چونکە ئەم کەرەستانە خاوەنی واتای فەرهەنگی نین، بەڵکو ئەرکی ڕێزمانی بەجێدەگەیەنن.[٤٠] لەگەڵ ئەوەشدا ((مەرج نییە فەرهەنگی زمانەکەمان هەمو دیاردەکانی زمان

---

[٣٩] ڕیزبونی کەرەستە ، لە زمانی کوردیدا بریتییە لە (S. O. V) ، لە زمانی کوردیدا (کردار) دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە، بەڵام هەریەك لەم ڕیزبونانەش پەسەندن لە زمانەکەدا: ( S.V.O,) ، (V.S.O) ، (O.V.S) بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ڕیزبونی کەرەسەتەکانی زمانی کوردی بڕوانە: Amin Wria :. 1979: 36

[٤٠] بۆ نمونە لەبارەی ئاوەڵکردارەوە هەندێك زمانەوان پێیان وایە ، کە ئاوەڵکردار لە ئاستی فەرهەنگدا پۆلێکی سەربەخۆ پێکناهێنێت. بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا: ٢٠١٢. ((بەڵکو بۆ جیاکردنەوەی ئەم وشانە لە یەکتر دەبێت، پەیوەست بن بە

بەدەستەوە بدات و فۆرمی بۆ هەمو چەمك و واتا و ناوەڕۆکەکان داڕشتبێت، بۆیە (مۆرفۆلۆژی و سینتاکس) فەرهەنگەکە تەواودەکەن.)) [عەبدولجەبار مستەفا:٢٠١٤ :٣] لە ئاستی فەرهەنگدا ئاوەڵکردارەکان دەچنە ناو پۆلی (ناو ، ئاوەڵناو ، ژمارە). ئامرازەکان واتایان نییە، هەروەها (( جێناوە کەسییەکان بە وشەیەکی ئەرکی – Functions– نەك بە وشەیەکی مانادار – Contentive–دادەنرێن.)) [تارامو‌حسن: ٢٠٠٤: ١٠١] ، واتە جێناوەکان لە فەرهەنگدا هیچ واتایەکیان بەرامبەر دانەنراوە، بەڵکو زیاتر وشەیەکی ئەرکین و ئەرکی ڕێزمانی بەجێدەگەیەنن. کەواتە پێوەری سیمانتیك جەخت لە سەر بونی واتایەکی سەربەخۆ دەکاتەوە ، واتە هەر وشەیەك بۆ ئەوەی بە پۆلێکی سەربەخۆی فەرهەنگی دابنرێت پێویستە واتاداربێت، لەم ڕوانگەیەشەوە (ناو ،ئاوەڵناو، ژمارە، کردار) لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەڵگری واتایەکی سەربەخۆن.

## ١-٢-٦ دیاریکردنی پۆلەکان:

لە ڕێزمانی دێریندا کە دەوترا (بەشەکانی ئاخاوتن)[٤١] ، لە نێوان ئەندامانی بەشەکاندا جیاوازی نەدەکرا، کە ئایا پۆلێکی فەرهەنگیین؟ یان تەنها ئەرکێکی ڕێزمانی بەجێدەگەیەنن. بۆیە لە جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتندا بنەمای وردی زانستی پێڕەو نەدەکرا، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی ئەو بەشانە جیادەکرانەوە، بەڵام لە ئێستا دا وتنەکان– Utterance –

---

واتای ڕستەوە.)) [نەریمان عەبدولا:٢٠٠٧ : ٦٥]، هەروەها هیچ مۆرفیمێکی تایبەت بە ئاوەڵکردار لە زمانی کوردیدا نییە ، بەڵام لە زمانی ئینگلزیدا بە مۆرفیمی /Ly/ ئاوەڵکردارەکان دەناسرێنەوە. بەم پێیەش زمانی کوردی ئاوەڵکرداری نییە، بەڵکو لە ڕێگەی هەڵگواستن ( واتە هەڵبژاردنی یەکەفەرهەنگییەکان بەرامبەر چەمکەکان) ئەم دیاردەیە چارەسەرکراوە. بە بەکارهێنانی بەشەکانی تری ئاخاوتنی وەك (ناو ،ژمارە،ئاوەڵناو) لە ئاستی سینتاکسدا ئاوەڵکردار وەك پۆلێکی سینتاکسی دەردەکەوێت .

[٤١] لەبارەی زاراوەی -بەشەکانی ئاخاوتن- لە زمانی عەرەبیدا هەر دو وشەی (الكلام ) و (الكلم) هەیە ، کە زمانەوان (ئەبوئەوس ئیبراهیم) لێکیجیاکردونەتەوە و پێی وایە، کە (الكلم) ڕاسترە و ئەو زمانەوانانەی کە (الكلام) یان بەکارهێناوە بۆ بەشەکانی ئاخاوتن ، کەوتونەتە هەڵەوە، چونکە (الكلام) بۆ جۆرەکانی ڕستە ڕاستە، نەك بۆ بەشەکانی ئاخاوتن ،بەڵام (اقسام الكلم) جۆرەکانی وشە دەگرێتەوە بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : ابو اوس ابراهيم الشمسان: ٢٠١٣: ٦

لە زمانی کوردیدا، زاراوەی بەشەکانی ئاخاوتن ، بە پێی ئەم بۆچونە بێت، دوبارەکردنەوەی هەمان هەڵەیە بۆیە باشتر وایە زاراوەی ( پۆلە فەرهەنگییەکان) بەکاربهێنین، لە زمانی ئینگلیزیشدا ئەم زاراوانە بەکاردەهێنرێن: (Lexical category, word classes, part of speech)

لەسەر بنەمای وردی زانستی پۆلێندەکرێن و دابەشدەبنە سەر چەند پۆلێك – Category– ئەندامانی هەر پۆلێك سیفەتی هاوبەشیان پێکەوە هەیە. بۆ نمونە: ((پۆلە ڕێزمانییەکان – Grammatical Category– پۆلێکی زمانەوانین بە پێچەوانەوە پۆلێکی فەرهەنگی نین و ناگەڕێنەوە بۆ دیاردەیەکی واقعی لە جیهاندا.)) [Laurel&donna:2010:114 ]جیاکردنەوەی یەکە زمانییەکان لە سەر بنەمای پۆلی جیاجیا یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بە وردی سەرجەم کەرەستە زمانییە (فەرهەنگی، سینتاکسی ، ڕێزمانی و ئەرکی) یەکان پۆلێنبکەین و سنورێکی زانستی وردیش لە نێوانیاندا دابنەین. ئەمەش هۆکارێکی بەهێز دەبێت، بۆ ئاسانکردنی ڕێزمانی هەر زمانێك .

لە سەرەتادا پێویستە، پۆلەوشەکان– Word Category – دەستنیشانبکەین، واتە ئەو وشانەی کە خاسیەتی هاوبەشی زمانییان هەیە، پاشان پۆلەفەرهەنگییەکان جیابکەینەوە، ئێمە ئەم پۆلانە بە شێوەیەکی سەرەتایی دیاریدەکەین، چونکە کەرەستەی زمانی هەیە پێویستی بە پۆلێنکردن و دانانی پۆلی سەربەخۆ هەیە، کە ئێمە لەبەر مەودای سنوری توێژینەوەکەمان بە ئەرکی خۆمان نەزانیوە.

زمانەوانەکان بیروڕای جیاوازیان لەسەر ئەندامانی پۆلێك هەیە، بۆ نمونە (برینتۆن) پێی وایە کە : (( پۆلە ڕێزمانییەکان– Grammatical category– لە (١٠) کەرەستە پێکدێن، کە بریتیین لە: ١– ژماردن ٢– کەس (جێناو) ٣– ڕەگەز ٤– دۆخ ٥– ناساندن ٦–دەمکات ٧– ئەسپێکت ٨–ڕێژە ١٠–بکەر نادیار.) )) [Laurel&donna:2010:114-131 ] زمانەوان (Radford) دەڵێت: ((تائێستا (٥) پۆلی فەرهەنگی دەستنیشانکراون، کەواتە پۆلە فەرهەنگییەکان بریتیین لە ١– ناو ٢– ئاوەڵناو ٣– کردار ٤– جێناو ٥– ئاوەڵکردار. )) [Radford&Atkinson:2009:129 ] لە زمانی کوردیشدا تا ئێستا لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ لەسەر پۆلێنکردنی پۆلەوشەکان نییە، ئێمەش لێرەدا توێژینەوەکەمان تەنها لەسەر پۆلەفەرهەنگییەکانە، لەنێویشیاندا ئاوەڵناو بۆیە مەودای ئەوەمان نییە بە وردی پۆلەکان دیاربکەین ،بۆیە تەنها بەشێوەیەکی گشتی دیارییان دەکەین:




(١١)

دیاریکردنی پۆلەکان بەم جۆرە دابەشکردنێکی سادەیە و ئاراستەی توێژینەوەکەی ئێمەش تایبەت نییە بە پۆلێنکردنی پۆلەزمانییەکان – classification Category– بۆیە دەکرێت، بۆ ئاسانکردنی ڕێزمانی زمان، زمانەوان هەمو کەرەستە زمانییەکان پۆلێنبکات لەژێر ئەو سیفەتە هاوبەشەی کە کۆیاندەکاتەوە.بۆ نمونە پۆلی مۆرفۆسینتاکسی، ئەو مۆرفیمە

ڕێزمانییانە دەگرێتەوە، کە لە هەمانکاتدا مۆرفیمن و ئەرکی ڕێزمانی دەگەیەنن. وەك : /ەکە، ێك، ان، ...تاد/ ، یان پۆلە مۆرفۆلۆژییەکان کە دەکرێت هەمو مۆرفیمە وشە دارێژەکانیان لە ناودا کۆبکەینەوە وەك / گەر، گە، دار، انە، ینە،... تاد/ ، هەروەها پۆلی وشەئەرکییەکان ئەوانەن کە لە ڕێزمانی دێریندا پێیان دەوترا ( جۆرەکانی جێناو) ،ئامرازی سەرسوڕمان ،بانگکردن، لێکدەر،[٤٢]..تاد. لەم کردەی جیاکردنەوەیەدا، دو دەستکەوتی گرنگ بە دەستدێت، کە ئەوانیش بریتین لە :١–پۆلێنکردنی سەرجەمی کەرەستە زمانییەکان بۆ چەند پۆلێك، بۆ ئەوەی بە ئاسانی لێکیانجیابکەینەوە، بە شێوەیەك ڕێزمانی زمانەکەمان وردتر بێت و لەگەڵ بنەمای زانستیدا بگونجێت. ٢– ڕزگاربون لە زاراوەی بەشەکانی ئاخاوتن – Part of speech– کە زاراوەیەکی گشتییە و لەگەڵ بنەمای وردی زانستیدا ناگونجێت و کەرەستەکانی زمانی بە شێوەیەکی ورد پیێ پۆلێن ناکرێت، چونکە ناتوانرێت هەمو کەرەستە زمانییەکانی لەژێردا کۆبکرێتەوە، بەڵکو ئەو زاراوەیە گشتییە و پەسەندتر ئەوەیە، کە کەرەستە زمانییەکان دابەشبکەینە سەر چەند پۆلێك.

**١- ٢–٦-١: پۆلەفەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا:**

پۆلەفەرهەنگییەکان – Lexical category– کە لە ڕێزمانی دێریندا پێیان دەوترا (بەشەکانی ئاخاوتن)، لە زمانی کوردیدا بە پێی ئەو پێوەرانەی پێشتر خستمانەڕو، بریتیین لەمانەی لای خوارەوە:




(١٢)

واتە ئەگەر وشەکانی زمان لەسەر بنەمای فەرهەنگی زمان دابەشبکەین، ئەوا لە زمانی کوردیدا ئەم چوار پۆلە فەرهەنگییە هەن. هەروەها ئەوەی گرنگە بزانین، ئەوەیە، کە کاتێك

[٤٢] بۆ زانیاریی دەربارەی جۆرەکانی وشەی ئەرکی، بڕوانە : ئەمیر محەمەد & یوسف شەریف :٢٠١٤: ١٠

پۆلەفەرهەنگییەکان دیاریدەکەین، مەرج نییە ئەو پۆلەی کە جیامانکردوەتەوە بە شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆ یان وشەی سادە لە فەرهەنگدا ببینرێن، بەڵکو دەشێت، بە شێوەی (هەڵگوێزراو و لێکدراو) هەبن.[٤٣] بۆ نمونە ئاوەڵکردار پۆلێکی فەرهەنگی نییە، چونکە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ئاوەڵکردار بەشداری چالاکانەی نییە، ئەو وشانەشی تا ئێستا بە ئاوەڵکردار دانراون، دەچنە ناو پۆلەفەرهەنگییەکانی وەك ( ناو و ئاوەڵناو )ەوە، بۆیە پۆلێکی فەرهەنگی نین، بەڵکو لە ئاستی ڕستەدا مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی وەك /بە/، /لە/...تاد، وەك پێشناو دەچنە پێش هەندێك (ناو و ئاوەڵناو) و ئاوەڵکرداریان لێ دروستدەکەن. کەواتە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان وەك مۆرفیمی سەربەخۆ(بنەڕەتی) لە فەرهەنگدا هەن و لەگەڵ ئەوەشدا هەمو(ناو ،ئاوەڵناو، ژمارە و کردار)ە هەڵگوێزراو و لەیەکدراوەکانیش لە فەرهەنگدا بە هەمان شێوەی وشەسادەکان تۆماردەکرێن، چونکە ئەمانیش وشەن و خاوەنی فۆڕم و واتایەکی یەکگرتون. بۆیە دابەشکردنی پۆلە فەرهەنگییەکان نابێت لەسەر بنەمای وشە سادەکان بن، چونکە (( وشەی فرەمۆرفیمی یەك واتای سادەی هەیە نەك واتایەکی لێکدراو – Compositional Meaning– .)) [محەمەد مەحوی: ٢٠١٤: ١٠٤]

---

[٤٣] (محەمەد معروف فەتاح) ، پێی وایە، کە تەنها مۆرفیمە سەربەخۆکان ، یان(وشەی سادە) بە گوێرەی بەشەکانی ئاخاوتن دابەشدەکرێن، بەڵام زۆربەی وشەکانی زمانی کوردی ناسادەن. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : محەمەد مەعروف فەتاح، : ٢٠١٠: ٣٠٧

# بەشی دووەم

## ٢-١ پێناسە و جۆرەکانی ئاوەڵناو

### ٢-١-١ چەمك و پێناسەی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا :

لە ڕێزمانی دێریندا، چەندین فۆڕم بە ئاوەڵناو دانراون. هۆکاری ئەمەش ئەوە بووە، کە پێناسەی ڕێزمانی دێرین بۆ ئاوەڵناو لە ڕوانگەی ئەرکەوە بووە. بۆ نمونە دەوترا : (( ئاوەڵناو وشەیەکە بۆ وەسفکردن و دیاریکردنی وشەیەکی تر بەکاردەهێنرێت. )) [ nidham sheet :2005:5 ]

هەر ئەمەش وای کردبو، کەرەستە زمانییەکانی وەك : (ئامرازی نیشانە ، ژمارە، ئامرازی نادیار، ئامرازی پرس، ئامرازی هەیی، ئامرازی سەرسوڕمان،...تاد) بە ئاوەڵناو دابنرێن، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئاوەڵناوەوە نییە و بە یەکێك لەو هەڵە وەسفییانە دادەنرێت، کە دێرینەکان لە بارەی ئاوەڵناوەوە دەیانکرد. بۆ نمونە : لەبەرئەوەی کە ئاوەڵناو ئەرکە سەرەکییەکەی (دیارخەر)ە، بۆیە هەر کەرەستەیەك بو بە دیارخەر بە ئاوەڵناو دانراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە :

- ئەم کوڕە      - دوو کوڕ
- کام کوڕ      - کوڕەکە
- کوڕێکی تر      - کوڕێك[٤٤]

فراوانکردنی سنوری ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا تەنها لە زمانی کوردیدا نەبووە، بەڵکو لە زۆربەی زمانەکاندا چەندین کەرەستە بە ئاوەڵناو دانراون، کە پەیوەندییان بە ئاوەڵناوەوە نەبووە، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا بە (my, his , her...etc.) دەوترا ئاوەڵناوی خاوەندارێتی– possessive Adjective –[٤٥] ،کە سیفەتەکانی ئاوەڵناویان تێدا نییە. دیاریکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا لەگەڵ ئەو پێناسانەدا نەدەگونجا، کە

---

[٤٤] بۆ زانیاریی لە بارەی جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێرینی کوردیدا ، بڕوانە:( ٢-١-٢ )

[٤٥] لەبارەی جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێرینی ئینگلیزیدا، بڕوانە : ٦ : ٢٠٠٥: Nidham sheet

خودی ڕێزماننوسە دێرینەکان بۆ ئاوەڵناویان دەکرد، بۆ نمونە دەوترا، ئاوەڵناو وشەیەکە دەبێت واتای پەسنی – وەسف– تێدابێت، کەچی ئەو کەرەستانەی بە ئاوەڵناو دانرابون، واتای پەسنییان تێدا نەبو. بۆیە ((جۆرە تێکەڵییەك لە نێوان ئاوەڵناو و بەشەکانی تری ئاخاوتن دەکرا، وەك (ئارتیکڵەکان، ئامرازی نیشانە ، ئامرازی پرس، سەرسوڕمان و ژمارە.) ))[٤٦] [ Fatima Hassan :٢٠٠٩:٤٩ ]

بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی مەبەستەکەمان، چەند پێناسەیەکی ئاوەڵناو دەخەینەڕو :

(( (صفت ) اسمێکە حال و شان اسمەکەی پێش خۆی بیان دەکا بەو اسمە دەڵێن موصوف، بەهەردوکیان دەڵێن: ترکیب توصیفی. )) [ سعید صدقی :١٩٢٨: ٢٥]

((سیفەت کەلیمەیەکە، بۆ تەواوکردنی مەعنای ناو، یان بۆ ناو بەکاردەهێنرێت. )) [توفیق وەهبی: ١٩٢٩ : ٦١]

(( ئاوەڵناو شتێکە، تاریفی ناو، یان ڕاناو دەکا.)) [محەمەد ئەمین هەورامانی : ١٩٧٣: ١٦٣]

(( واژەیەکە، یا بۆ وەسفی ناوێك، یا ڕاناوێ، یا فرمانێکی بێهێز، بەکارئەهێنرێ. )) [نوری عەلی ئەمین:١٢٠:٢٠١٤]

ئەمەو چەندین پێناسەی تر لە بەردەستایە، زۆربەیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە (ئاوەڵناو) وشەیەکە دەبێت واتای (وسف) ی تێدابێت بە بێ گوێدانە تایبەتییە سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی و سیمانتیکییەکانی ئاوەڵناو، چونکە(( پێناسە پوختەی دەرئەنجامی ڕاستی ئەو چەمکانەیە کە لێکۆڵینەوە ئەیگاتێ.)) [٤٧] [عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوول: ٢٠١٥ : ١٢]

[٤٦] ( مەسعود محەمەد) ، ئاماژەی بە ئەوە داوە، کە ناکرێت، ئامرازی نیشانە بە ئاوەڵناو دابنرێت، چونکە واتای پەسنی تێدا نییە و لەگەڵ پێناسەکانی ئاوەڵناودا ناگونجێت، بەلاّم بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ ئەم بابەتەی نەخستوەتەڕو، بەڵکو وەکو دەمڕاستی (لیژنەی زمان و زانستەکانی ) لە (کۆڕی زانیاری کورد ) لە پەراوێزێکدا ئەمەی ڕونکردوەتەوە.

[٤٧] بڕوانە : لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاریی کورد : ٢٠١١: ٦٨

**٢-١-٢ جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا :** بۆ ئەوەی لە ئێستای زمانەکەماندا جۆرەکانی ئاوەڵناو زانستییانە دیارییبکەین، سەرەتا بە باشی دەزانیین، تێڕوانینی ڕێزمانی دێرینی کوردی، لە بارەی جۆرەکانی ئاوەڵناوەوە بزانیین، هەروەها کەموکورتی ئەو بۆچونانە بخەینەڕو، بە مەبەستی دانانی چوارچێوەیەکی زانستی بۆ جۆرەکانی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا. لەبەر مەودای توێژینەوەکەمان ناتوانین بۆچونی هەمو زمانەوانە کوردەکان، یان ئەو پۆلێنکردنانەی کەبەتەواوی لەیەکەوە نزیکن، بخەینەڕو، بۆیە هەوڵدەدەین لەم خشتەیەدا بۆچونی هەندێکیان لەم بارەیەوە پیشانبدەین :

| ناوی نوسەر | جۆرەکانی ئاوەڵناو |
|---|---|
| سعید صدقی کابان[٤٨] | ١-سماعی ٢-قیاسی |
| توفیق وەهبی[٤٩] | ١-چۆنی ٢-نیشانی٣-ژمارەیی٤-موبهەم٥-پرسی |
| نوری عەلی ئەمین[٥٠] | ١- خەبەری ٢-ئیشاری ٣-فرمانی ٤-چەندی ٥-پرسیاری |
| جگەر خوێن[٥١] | ١-پەسنا ڕاستی: تام، کیماسی، ڕەنگ، زێدای<br>٢-چیکروخی |

[٤٨] سعید صدقی کابان: ١٩٢٨: ٢٥-٢٧

[٤٩] توفیق وەهبی: ١٩٢٩: ٦١-٨١

[٥٠] نوری عەلی ئەمین : ٢٠١٣: ١٢٠-١٣٠

[٥١] جگەرخوێن: ١٩٦١: ٢٩-٣٠

| | |
|---|---|
| صادق بەهادین[52] | ١–چۆنییەتی٢–ژمارەیی٣–نیشانە٤–هەیی٥–پرسیاری٦–نەبەن |
| ك.ك. کوردۆییێف[53] | ١–نیسبی ٢–چۆنی |
| ئەوڕەحمانی حاجی مارف[54] | ١–چۆنییەتی ٢– نیسبی ٣– نادیار<br>چۆنییەتی: نادیاری دیاریکردن، ڕەنگ، جۆری سیفەت، شێوەی مرۆڤ، چەمکی دەوروبەر<br>نادیار: جیاکردنەوە، خاسیەت |
| احمد حسن[55] | ١–سادە ٢– لێکدراو ٣–کۆژ، یان ڕستە |

( ١٣ )

## ٢-١-٣ کەموکورتی پێناسە و جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا:

ئەو هەمو جۆرەی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا سنوری ئاوەڵناوی فراوانکردبو، بە جۆرێك دەربڕینی هەندێك لەو (بیر) انەی، کە دراونەتەپاڵ ئاوەڵناو هەرگیز ئاوەڵناو توانای نییە دەریانببڕێت. یەکێك لەو هۆکارانەی وایکردبو، ڕێزمانی دێرین چەندین کەرەستەی زمانی بە ئاوەڵناو دابنێن، بریتیبو لە پشتبەستن بە شوێنی هاتن، یان ئەرکی کەرەستەکان لە ڕستەدا. بۆیە((بنەمای خوێندنەوەی پەیڤێك بە گوێرەی شوێنەکەی لە(گرێ و ڕستە) دا، سنوری

[52] صادق بەهائەدین: ١٩٧٦: ١١٢–١١٣

[53] ك.ك.کوردۆییێف: ١٩٨٢: ١٠١

[54] ئەوڕەحمانی حاجی مارف : ٢٠١٤: ١١٩– ١٣٨ دیارە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) جۆرەکانی ئاوەڵناوی لە ڕوی (واتا و ڕۆنان) جیاکردوەتەوە،بەلاّم ئەوەی لە نێو خشتەکەدایە جۆرەکانی ئاوەڵناون لە ڕوی (واتا) وە.

[55] احمد حسن:١٢٩:١٩٧٦

ئاوەڵناوی هێندە فراوانکردبو، وایکردبو هەر یەك لە ئامرازی (نەناسین ، ناسین، نیشانە ،هەتا ژمارە و جۆرەکانی، ...تاد) بە ئاوەڵناو دابنرێت.)) [سەلام ناوخۆش& نەریمان خۆشناو: ٢٠١٠: ٧٤] کەواتە وەك دەردەکەوێت، لە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناودا پشت بە بنەمای ئەرك بەسترابو. بەم پێیەش هەر یەکەیەکی – Unite– زمانی لە ڕستەدا ئەرکی دیارخەری بینیبایە بە ئاوەڵناو دادەنرا. دیارە ئەمەش هەڵەیەکی ڕێزمانی دێرین بو لە دیاریکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناودا. دەتوانین، گرنگترین ئەو کەموکورتیانەی لە پێناسە و دیاریکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناودا لە ڕێزمانی دێریندا هەن، لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕو، پاشان بەپێی ئاستەکانی زمان و هەڵسوکەوتی ئێستای زمانەکەمان جۆرەکانی ئاوەڵناو دیاریبکەین، هەروەها پێناسەیەکی گونجاوتر لەوانەی پێشوتر بۆ ئاوەڵناو بکەین :

**یەکەم:** ئەگەر بڕوانیینە جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕێزمانی دێریندا، هاوبەشییان لەگەڵ ئاوەڵناودا تەنها ئەوەیە، کە هەندێکیان دەتوانن، ببنە دیارخەری ناو، بۆ نمونە :

- ئاوەڵناوی ژمارە: یەك ، یەکەم ، یەکلەسەردو،...تاد . واتە بە هەر سێ جۆرەکەیەوە (سادە ، پلەیی، کەرتی)
- ئاوەڵناوی نیشانە: ئەمە، ئەم، ئەمانە،...تاد
- ئاوەڵناوی نادیار: هەر ، فلاّن ، هیچ،...تاد
- ئاوەڵناوی جیاکەرەوە: تر ،کە ،دیکە، دی،...تاد
- ئاوەڵناوی پرس: کام ، کەی ، چی، چۆن،...تاد دیارە ئەمانە هیچ یەکێکیان هەڵگری تایبەتێتی ئاوەڵناو نین، بەڵکو هەمویان وشەی سەربەخۆن پۆلێکی ئەرکین و ئامرازی پرسن، نەك ئاوەڵناوی پرس ، بۆیە پێویستە سنوریان لەگەڵ ئاوەڵناودا جیابکرێتەوە.[٥٦]

---

[٥٦] لە زمانی ئینگلیزیدا چەند جۆرێکی ئاوەڵناو دیاریکراوە ، کە لە ڕێزمانی دێرینی کوردیدا نیین، وەك (ئاوەڵناوی‌خۆیی– intensifying– ،– ئاوەڵناوی سەرسوڕمان– Exclamatory– بڕوانە: NIDHAM SHEET: 2005: 7-8

**دووەم:** لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە هیچ ئەدگارێکی ئاوەڵناویان تێدا نییە. بۆ نمونە: هەر دو مۆرفیمی /تر/ ، /ترین/ ، کە دو مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ئاوەڵناون لە زمانی کوردیدا وەرناگرن.:*ئەمتر *ئەمترین * دوتر *دوترین *هیتر *هیترین * ئاوتر...تاد.

**سێیەم:** لە ڕوی سیمانتیکەوە، کە گرنگترین خاڵە بۆ جیاکردنەوەی ئاوەڵناو[٥٧] هیچ یەکێك لەم کەرەستانە کە لە ڕێزمانی دێریندا بە ئاوەڵناو دانراون، ئەو ناوچە بیریانە پڕناکەنەوە، کە ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا پڕیان دەکاتەوە. وەك (دوری ، تایبەتی فیزیکی،بەها،تەمەن،ڕەنگ،...تاد)

**چوارەم:** لە ئاستی سینتاکسدا زۆربەی ئەم کەرەستانە دەتوانن، ببنە دیارخەری ناو، بەلاّم دەبێت ئەوە بزانین، کە(( ئەرك – Function – لە ساغکردنەوەی ئاوەڵناو دا هۆکارێکی یەکلاکەرەوە نییە. )) [سەلام ناوخۆش :٢٠١٠ : ٧٥]، هەروەها ئەو کەرەستانە ناتوانن، ببنە تەواوکەری بەشەکردار – predicate– واتە تەواو کەری کرداری بیهێز، کە دەکرێت وەك ئەرکێکی سەرەکی ئاوەڵناو لە ئاستی سینتاکسدا دابنرێت، لەپاش ئەرکی دیارخەری ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە ئەم کەرەستانە ئاوەڵناو نین بەڵکو دەبێت بەناوی خۆیانەوە ناوبنرێن، وەك (ئامرازی نیشانە،ژمارە،...تاد).

**پێنجەم** : ئەو کەرەستانەی کە ڕێزمانی دێرین بە ئاوەڵناوی داناون، هەمویان سەر بە پۆلی فەرهەنگی و سینتاکسی ترن. دەتوانیین، لەم خشتەیەدا ڕونی بکەینەوە :

---

[٥٧] وردترین دابەشکردنی ئاوەڵناو، دابەشکردنی ئاوەڵناوە، لە ڕوی (واتا) وە، کە(دیکسۆن) ی زمانەوانی ئوسترالی یەکەمجار ئەم کارەی کرد، ئەم زمانەوانە لە ساڵی ١٩٧٩ کتێبێك بە ناوی (ئەو هەمو ئاوەڵناوە بۆکوێ چون؟) دەنوسێت، لە دابەشکردنەکەدا پێنج جۆر ئاوەڵناو لە ڕوی واتاوە دەستنیشاندەکات، وەك دیاردەیەکی یونڤێرساڵ کە بریتیین لە : ١ – دووری ٢–تایبەتی فیزیکی ٣–بەها ٤– تەمەن ٥– خێرایی

بۆ زانیاریی لەم بارەیەوە بڕوانە :

١ - FATIMA Hassan : 2009: 4

٢ – R.M.W. Dixon: 1979:31

| ئاوەڵناو لەڕێزمانی تەقلیدی | پۆلی فەرهەنگی | پۆلی سینتاکسی (ئەرکی) |
|---|---|---|
| ئاوەڵناوی ژمارە | —— | |
| ئاوەڵناوی نیشانە | | —— |
| ئاوەڵناوی جیاکەرەوە | | —— |
| ئاوەڵناوی پرس | | —— |
| ئاوەڵناوی نادیار | | —— |

( ١٤)

**شەشەم:** دێرینەکان (واتا) یان دەکردە بنەما بۆ ناسینەوەی ئاوەڵناو. وەك ئەو پێناسانەی کە جەخت لەسەر وشەی (وەسفییە) دەکەنەوە، بەڵام ئەگەر چی (واتا) بنەمایەکە بۆ ناسینەوەی ئاوەڵناو، بەڵام بە تەنها لەبەرچاوگرتنی واتا یەکێکە لە سیمای کاری ڕێزمانی دێرین . بۆیە پێویستە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی (واتا)، هەر دو بنەمای، (مۆرفۆلۆژی و سینتاکس) یش لەبەرچاوبگیرێت، هەروەها زۆربەی ئەو پێناسانەی لە ڕێزمانی دێریندا بۆ ئاوەڵناو کراون، گشتگیر نین و ناتوانن هەمو لایەنەکانی ئاوەڵناو بناسێنن. بەڵکو زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ئاوەڵناو واتای پەسنی – وەسف– ی تێدا بێت، کەواتە تەنها لایەنی واتایی ئاوەڵناو دەردەخەن، بە بێ ئاماژەدان بە ئەرك و شوێنی هاتن و ...تاد ، واتە پێناسەکانی ڕێزمانی دێرن گشتگیر نیین و تەنها جەخت لە سەر (واتا) ئاوەڵناو دەکەنەوە.

**حەوتەم :** هەندێك زمانەوان لە باسی جۆرەکانی ئاوەڵناودا باسیان لە جۆرەکانی ئاوەڵناو کردوە لە ڕوی داڕشتنەوە، کە دابەشدەبنە سەر (١–سادە٢–داڕێژراو ٣–لێکدراو)[٥٨] ، بەڵام وەك دەزانیین، زۆربەی وشەکانی زمان دەکرێت بەم شێوەیە دابەشبکرێن. بۆیە ناکرێت، تەنها فۆرمی وشەکان ببنە پێوەر بۆ دیارکردنی جۆرەکانی وشەیەك بە پێچەوانەوە دەبێت بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی وشەیەك هەمو لایەنەکانی وشەکە( فۆرم، ئەرك، واتا،...تاد) لەبەرچاوبگرین .

[٥٨] (ئەحمد حەسەن) لە باسی جۆرەکانی ئاوەڵناودا ، ئاوەڵناو دابەشدەکاتە سەر (سادە ،لێکدراو، کۆژ،یان ڕستە)، بڕوانە : ئەحمەدحەسەن : ١٩٧٦: ١٢٩. بەڵام (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) لە باسی جۆرەکانی ئاوەڵناودا لە ڕوانگەی (واتا و ڕۆنان)ەوە جۆرەکانی ئاوەڵناوی جیاکردوەتەوە، بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١١٩–١٤٠

**هەشتەم :** لە دابەشکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناودا ، تێکەڵییەك دەبینرێت. بۆ نمونە: ئاوەڵناو لە هەمو زمانەکاندا سێ پلەی هەیە، کە بریتیین لە:١-پلەی چەسپیو ٢-پلەی بەراورد ٣- پلەی باڵا. پلەکانی ئاوەڵناو پەیوەندییان بە جۆری ئاوەڵناوەوە نییە، واتە هەردو مۆرفیمی / تر/ ، / ترین/ دو مۆرفیمی ڕێزمانین دەچنە سەر ئاوەڵناو و جۆری جیاواز دروست ناکەن، بەڵکو تەنها باری ڕێزمانی ئاوەڵناوەکە دەگۆڕن. لە ڕێزمانی دێریندا لای هەندێك زمانەوان پلەکانی ئاوەڵناو بە جۆری ئاوەڵناو دانراون، وەك لای (سادق بەهادین ، نەسرین فەخری ، نوری عەلی ئەمین) دەبینرێت. ((بۆیە ڕاست نییە، وەك وشەی جیا جیا تەماشابکرێن، واتە وشەی نوێ ڕۆنانێن، بەڵکو فۆرمی جۆربەجۆری یەك وشە دەردەبڕن.)) [ ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠١٤:١٠٧].

**نۆیەم :** کە دەڵێین جۆرەکانی ئاوەڵناو مەبەستەکەمان ڕون نییە و جۆرە لێڵییەك دروست دەبێت ، کە نازانرێت مەبەستمان لە جۆری ئاوەڵناوە لە چی ڕویەکەوە. بۆیە بۆ ڕەوینەوەی ئەم لێڵییە لە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناودا، بە باشی دەزانین ئاوەڵناو لە سێ ڕوەوە دابەشبکەین، کە ئەوانیش بە پێی هەر سێ ئاستی زمان (مۆرفۆلۆژی ، سینتاکس، سیمانتیك)دەبێت.

**دەیەم:** لە ڕێزمانی دێریندا چەندین جۆری ئاوەڵناو دیاریکراون، واتە پۆلینێکی یەکگرتو لای زمانەوانەکان نابینرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی ورد جۆرەکانی ئاوەڵناویان پۆلین نەکردووە، بۆ نمونە دەوترا (ئاوەڵناوی چۆنێتی) ،دیارە زۆربەی جۆرەکانی ئاوەڵناو لە خۆیدەگرێت، وەك ( بەها، ڕەنگ ، ڕواڵەتی شت،...تاد) بۆیە ئەو دابەشکردنانە ورد نەبون. بۆ ئەوەی زانستیتر و ئاسانتر جۆرەکانی ئاوەڵناو دەستنیشانبکەین پێویستە ئەو ئاوەڵناوانەی واتای هاوبەشیان هەیە، لە ژێر ناوێکدا پۆلێنبکرێن.

### ٢-١-٤ جۆرەکانی ئاوەڵناو لای دیکسۆن :

(دیکسۆن) یەکێکە لەو زمانەوانە هاوچەرخانەی، کە لێکۆڵینەوەی زۆری لە بارەی ئاوەڵناوەوە کردوە. هەوڵیداوە لە ڕوی واتاوە پۆلێنی ئاوەڵناو بکات . لە پۆلێنکردنەکەشدا ویستویەتی گشتگیر بێت، واتە توێژینەوەکانی تیۆرین و لە بارەی ئاوەڵناون لە هەمو زمانەکاندا. بۆ یەکەمجار لەساڵی (١٩٧٧) لە کتێبی ( Where have all adjective gone) دا ، دابەشکردنێکی گشتی واتایی کردوە بۆ جۆرەکانی ئاوەڵناو و پێی وابووە، کە حەوت ناوچەی بیریی لە هەمو زمانەکاندا هەن ، کە ئاوەڵناو پڕیان دەکاتەوە، ئەوانیش بریتین لە:

١– دووری –Dimension–

٢– تایبەتی فیزیکی – PHESICAL PROPERTY–

٣– ڕەنگ –Color–

٤– تایبەتی کەسی – Human propensity–

٥– تەمەن – Age–

٦–بەها – Value–

٧–خێرایی - Speed [R.M.W. Dixon :1977 :31]، پاشان لە کتێبی ( Adjective classes in typological perspective) دا ، بە پۆلێنکردنەکە دا چووەتەوە و هەشت جۆری تری دەستنیشانکردوە، کە بریتیین لە: ((١–دوری، ٢–بەها،٣–چەندێتی،٤–ژمارە٥–شوێن،٦–ڕواڵەتیشت،٧–کات،٨–خێرایی.)) [R.m.w.Dixon:2004:30] ، هەروەها دابەشکردنێکی تری (دیکسۆن) بۆ ئاوەڵناو لە ڕوی واتاوە بریتییە لەو دابەشکردنەی کە ئاوەڵناو دابەشدەکاتە، سەر سێ کۆمەڵەی واتاییەوە، پاشان هەریەك لەو سێ کۆمەڵەیەش لە چەند جۆرێك ئاوەڵناو پێکدێن، کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە :

ئـ : جۆری ناوەڕۆکی واتایی– Core Semantic Type–

١–بارستایی ٢– تەمەن ٣–بەها ٤– ڕەنگ .

**پـ:** جۆری لایەنگیری واتایی – Peripheral Semantic Type –

١–تایبەتی فیزیکی ٢–تایبەتی مرۆیی ٣ –خێرایی.

**پـ:** جۆری واتایی لە گروپێکی گەورە لە ئاوەڵناو– Semantic Type In Large Adjective Classes

١–سەختی ٢– چونیەکی ٣– چۆنێتی ٤– ژماردن ٥– شوێن ٦– ژمارە(پلەیی،بنجی). [ R.M.W. Dixon: 2004 :3-4:] ، ئەوەی جێگەی سەرنجە هەمو ئەو جۆرانەی دیکسۆن جیایکردونەتەوە لە زمانی کوردیدا هەن ، بەڵام ئەوەی زمانی کوردی تایبەتمەند دەکات ئەوەیە، کە جۆری (ژماردن) لە زمانی کوردیدا بە ئاوەڵناو دەرنابڕدرێت، بەڵکو ژمارە لە زمانی کوردیدا پۆلێکی سەربەخۆی فەرهەنگییە. بۆ یەکەمجار لە زمانی کوردیدا (محەمەد مەعروف فەتاح) لەژێر کاریگەریی بۆچونەکانی (دیکسۆن) دا بە دەستکارییەکی کەمەوە جۆرەکانی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردیدا پۆلێنکردووە. زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لە پاش ئەو لەسەر ئاوەڵناو کراون، هەمان دابەشکردنیان بە بێ دەستکاری وەرگرتووە. ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە، کە هەمو ئەو تیورە زمانیانەی دەیانەوێت لایەنی گشتێتی بخەنەڕو، ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگیرێت، کە مەرج نییە، هەمو زمانەکان بچنە ژێر باری ئەو تیورەوە. بۆیە لە دابەشکردنەکەی دیکسۆندا دەبینین، کەموکورتی سەرەکی ئەوەیە مەرج نییە هەمو زمانەکان ئەو بیرۆکانە بە ئاوەڵناو دەربڕن، بۆ نمونە زمانی کوردی بیرۆکەی ( ژمارە) بە ئاوەڵناو دەرنابڕێت، یان تەمەن ئەگەر بە ژمارە دەربڕدرا، ئەوا نابێتە ئاوەڵناو. وەك (بیست ساڵ، شەش مانگ، دو ڕۆژ،...تاد)، هەر ئەمەش وامان لێدەکات، بڵێین پێویستە بە پێی هەڵسوکەوتی زمانی کوردی و تایبەتێتی ئاوەڵناو لە زمانەکەدا لە ئاوەڵناو بکۆڵینەوە و پۆلێنی بکەین.

## ٢-١-٥ چەمك و پێناسەی ئاوەڵناو:

لە بارەی چەمکی ئاوەڵناوەوە، زمانەوانی ئوستورالّی (دیکسۆن) پێی وایە، سێ چەمکی گرنگ هەن، کە هەمو زمانەکان پێویستیان بەوە هەیە، ئەم سێ چەمکە دەربڕن، ئەوانیش بریتیین لە:١ – بەشدار – Participant– : مرۆڤ، ئاژەڵ ، شت ،...تاد ٢– تایبەتێتی بەشدار– Properties– :درێژ ، باش ، تازە، ...تاد ٣–چالاکی– Activitie – : دەبارێ، دێت، دەخواتەوە،...تاد [Pernilla Hallonsten: 2009: 8] بە پێی ئەم بۆچونە بێت، چەمکی (ئاوەڵناو) چەمکێکی گەردونییە– Universal – هەمو زمانێك وەك چۆن ناو لە شتە (بەرجەستە، واتایی) کان دەنێت و ناو بۆ ڕودان و کردار دادەنێت، پێویستە وشەی هەبێت بۆ وەسفکردن و دەرخستنی تایبەتێتی ناوەکان، بەلاّم ((ئاساییە بیرۆچکەیەك لە زمانێکدا بەهۆی بەشێکی ئاخاوتنەوە دەربڕدرێ، لە زمانێکی تردا بەهۆی بەشێکی ترەوە.)) [محەمەد مەعروف : ٢٠١٠: ٣٠٩]، وشە ناولێنەری شتە، ئەو وشەیەی ناوی شتەکان دەنێت (ناو) ە، هەوەها ئەو وشەیەی ناو لە ڕودان و کردارەکان دەنێت (کردارە) ە. دیارە شتیش خاوەنی خاسیەتە، ئەو وشەیەی ناو لە خاسییەتی وشەکان دەنێت (ئاوەڵناو)ە، بەم پێیە خاسیەت لە شت جیانابێتەوە، بۆیە هەمیشە ئاوەڵناو لە ناو جیانابێتەوە. کەواتە ئاوەڵناو (( وشەیەکە بەتایبەتی لەگەڵ ناو دا بەکاردێت، بۆ پێدانی زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەوشتەی کە دەگەڕێتەوە بۆی. )) [Gorge Yule: 1979: 88]. بێ گومان پێناسەکەی (یۆل) سینتاکسییە و مەرجی سیمانتیکی نەخستووەتەڕو،کە بریتییە لە بونی واتای پەسنی لە هەر وشەیەکدا بۆ ئەوەی بە ئاوەڵناو دابنرێت.بەم پێیەش ئاوەڵناو چەمکێکە – Consept– لە هەمو زمانێکدا هەیە و زمانەکان وشەی تایبەتیان بۆ دەربڕینی چەمکی خاسیەت و تایبەتێتی شتەکانی دەوروبەر هەیە ، بەلاّم ئەوەی زمانەکان لە یەکتر جیادەکاتەوە، ئەوەیە مەرج نییە، هەڵسوکەوتی زمانەکان لەگەڵ چۆنییەتی دەربڕینی ئەو چەمکانە وەك یەك بێت. دیارە هەر زمانەوانەو لە ڕوانگەی ڕێبازی توێژینەوەکەیەوە پێناسەی بۆ ئاوەڵناو کردوە، بۆ نمونە:

ئەوانەی لەڕوانگەی سینتاکسەوە لە ئاوەڵناویان ڕوانیوە دەڵێن : (( ئاوەڵناو وشەیەکە، کە زیاتر ڕۆڵێکی سینتاکسی هەیە، کە بریتییە لە دیاریکردنی ناوێك، یان جێناوێك و دانی زانیاریی زیاتر لە بارەی (ناو و جێناو) ی پێشو. )) [Roger stone: 2010 : 107].

ئاوەڵناو لە ڕوانگەی( واتا) ەوە دەکرێت، بەم شێوازانە پێناسە بکرێت: ((ئاوەڵناو بەشێکی سەرەکی پۆلەوشەکانە. پێکهاتەی ئەم وشەیە وەسفی وردەکاری و چۆنییەتی دەکات. ))[ Pernilla Hallonsten :2009 : 8 ]

((ئاوەڵناو پۆلێکی کراوەیە. لە ڕوی واتاوە دەبێت بە چەند گروپێکەوە وەك : ڕەنگ ،قەبارە، تەمەن، کێش، بەها )) [Gramley & kurt-michael :1992 : 132 ]

لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی لە بەردەستماندان و بە پێی ئاراستەی توێژینەوەکەمان دەتوانین، بەشێوەیەك پێناسەی ئاوەڵناو بکەین، کە لانی کەم پەسەندتربێت لەو پێناسانەی کە پێشتر بۆ ئاوەڵناو کراون، بە شێوەیەك کە لە پێناسەکانی تر گشتگیرتر بێت، واتە تەنها یەك لایەن نەکاتە بنەما بۆ پێناسەی ئاوەڵناو : ئاوەڵناو پۆلێکی سەربەخۆی فەرهەنگییە[٥٩] لە ڕستەدا بەتەنها نایەت، یان شوێنی (ناو و جێناو ) دەکەوێت و تایبەتێتی ئەو ناوە یان جێناوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە، یان دەچێتە چوارچێوەی بەشەکردارەوە بۆ تەواوکردنی واتاکەی. لە ڕوانگەی (شوێنی هاتن ،ڕوخسار، واتا) وە دابەشدەبێتە سەر چەند جۆرێکەوە.

[٥٩] هەندێك زمانەوان (ئاوەڵناو) بە پۆلێکی سەربەخۆی فەرهەنگی دانانێن، ئەمە لە کاتێکدا ،کە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ( ئاوەڵناو) وەك (ناو ،کردار ، ژمارە) بە سەربەخۆیی لە فەرهەنگدا دەبینرێت و بە سەرنجدان لە زمانی کوردی دەردەکەوێت، ئاوەڵناو لە زمانەکەدا هەیە و لە دوای (ناو و کردار) لە پلەی سێیەم دێت لە ڕوی ژمارەوە.

بۆ زانیاریی لەم بارەیەوە بڕوانە:

ئـ : محەمەد مەعروف فەتاح : ٢٠١٠: ٣٠٣

بـ : هیدایەت عەبدوڵا موحەمەد : ٢٠٠٢: ٩٦

## ٢-١-٦ جۆرەکانی ئاوەڵناو :

کە دەڵێین (جۆرەکانی ئاوەڵناو) دەربڕینێکی گشتییە و نازانرێت، مەبەستمان لە کام جۆری ئاوەڵناوە، چونکە دەکرێت ئاوەڵناو لە چەند ڕویەکەوە جیابکرێتەوە. بۆیە پێویستە لە کاتی جیاکردنەوەی جۆری ئاوەڵناودا ئەوە دەستنیشانبکرێت، کە لە چی ڕویەکەوە جیادەکرێتەوە. لێرەدا چەند جۆرێك دەستنیشان دەکەین:

**ئـ: ئاوەڵناو لە ڕوی ڕەسەنایەتییەوە**[٦٠] :١- ئاوەڵناوی ڕەسەن : ئەو ئاوەڵناوانەن، کە لە فەرهەنگدا وەك وشە(مۆرفیم) ی سەربەخۆ دەردەکەون. واتە لە ڕێگەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانەوە نەکراون، بە ئاوەڵناو وەك : سور ، پیر، باش،...تاد

٢-ئاوەڵناوی ناڕەسەن : ئەو ئاوەڵناوانەن، کە لە ڕێگەی پرۆسەی مۆرفۆلۆژییەوە دروستبوون. واتە وەك مۆرفیمی سەربەخۆ لە فەرهەنگدا دەرناکەون، بەڵکو لە پۆلە فەرهەنگیی و سینتاکسییەکانی ترەوە هەڵگوێزراون. وەك: فێڵباز،دەستبڕ،خەمناك،...تاد

**بـ: ئاوەڵناو لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە:**

١-ئاوەڵناوی سادە : لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ پێکدێت: جوان ، تاڵ، گەورە،..تاد

٢-ئاوەڵناوی داڕێژراو : لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ و مۆرفیمێکی داڕێژەر بە شێوەی پێشگر یان پاشگر پێکدێت : فێڵباز، بێکەڵك،...تاد٣-ئاوەڵناوی لێکدراو : ئەو ئاوەڵناوەیە کە لە دو مۆرفیمی سەربەخۆ، یان دو مۆرفیمی سەربەخۆ و مۆرفیمێکی بەند یان، زیاتر پێکدێت: گەورەکچ ، پیرەپیاو ، دەمبەخێر ، چاولەدەر،...تاد.

**پـ: ئاوەڵناو لە ڕوی سینتاکسەوە:**

---

[٦٠] هیدایەت عەبدوڵا ، زاراوەی (ئاوڵناوی ڕەسەن ) و (ئاوەڵناوی ناڕسەن، ئاوەڵناوئاسا) ی بەکارهێناوە، بەڵام شنەجەبار، هەردو زاراوەی (بنجی و نابنجی ) بەکارهێناوە بڕوانە:

ئـ: هیدایەت عەبدوڵا : ٢٠٠٢: ١٠٤-١٢٣

بـ: شنەجەبار : ٢٠٠٦ : ٥-١٧

١– ئاوەڵناوی دیارخەری: ئەو ئاوەڵناوانەن لە چوارچێوەی فرێزی ناویدان و دەبنە دیارخەر بۆ (ناو و جێناو) .

٢–ئاوەڵناوی بەشەکرداریی: ئەو ئاوەڵناوانەن  کە لەگەڵ کرداری (بون) ی بێهێز دا دێن

تـ:**ئاوەڵناو لە ڕوی سیمانتیکەوە** : دابەشدەبێتە سەر چەند جۆرێك وەك (،ڕەنگ، بەها ، تەمەن، تام، کێش ، دوریی،ڕواڵەتی شت،...تاد) . دەتوانیین، جۆرەکانی ئاوەڵناو لە شێوەی هێلکارییەکدا بخەینەڕو:




( ١٥ )

دەتوانین ئاوەڵناوەکان بە پێی شوێنی هاتنیان لە ڕستەدا بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشبکەین، بۆ زانیاریی لە بارەی شوێنی هاتنی ئاوەڵناوەکان بڕوانە بەشی ( ٣– ٢– ٨ ) (ل١٢١)

## ٢-١-٧ جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕوی واتاوە:

**٢-١-٧-١ ئاوەڵناوی ڕەنگ- Color** : ئەو ئاوەڵناوانەن کە ڕەنگی کەرەستەیەك ،شتێك، گیاندارێك،...تاد  دیاریدەکەن . ڕەنگەکان هەمویان کەرەستەی لێڵن– Ambiguity –  واتە لە ڕستەدا ڕوندەبێتەوە، کە ڕەنگەکان وەك ناو بەکارهاتون، یان وەك ئاوەڵناو ئەمەش بەو واتایە دێت، کە ((ڕەنگەکان ئاوەڵناون، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ناون بۆ ڕەنگەکانیان.)) [مصطفى کریم

٢٠٠١: ٢٦] ئەگەر چی لە فەرهەنگدا ناون بۆ ڕەنگەکانی سروشت، بەڵام لە ئاستی سینتاکسدا ئەگەر لە فرێزێکدا بون بە دەرخەر وەك ئاوەڵناو ڕەفتار دەکەن. هەروەها مۆرفیمەکانی /تر/ ، /ترین/ وەردەگرن، بەڵام لە زمانی کوردیدا ڕەنگەکان زیاتر لە کەتیگۆریی ئاوەڵناو نزیك دەبنەوە، کەمتر بە تەنها بەکاردەهێنرێن، بەڵکو زۆرجار وەك دەرخەر ڕەنگی شتێکمان بۆ دەردەخەن، واتە پیشاندانی چۆنێتی شتەکان، ئەمەش ئەرکێکی سەرەکی ئاوەڵناوە .

وەك دەبینین وشەی [سەوز] لەم دو ڕستەیەدا ، بووەتە ئاوەڵناو و ناو :

(٣) کراسێکی سەوزم کڕی .(ئاوەڵناو)

(٤) سەوز ڕەنگێکی جوانە.(ناو)

ڕەنگەکان لە زمانی کوردیدا زۆرن، ڕەنگە دیارەکان ئەمانەن (سەوز ، سور ، زەرد ، ڕەش ، سپی ، مۆر، شین، پرتەقاڵی،...تاد)[٦١] ، وەك وتمان جگە لەو وشانەی سەرەوە، ڕەنگەکان لە فەرهەنگدا ژمارەیان زیاترە و چالاکانە وەك ئاوەڵناو ڕۆڵدەبینن. لە ڕوی واتاوە، ئاوەڵناوە ڕەنگەکان دوانیان لە یەك فرێز، یان ڕستەدا بەیەکەوە نایەن، هۆکارەکەشی ئەوەیە ڕەنگەکان لە یەکتری جیاوازن، کە شتێکمان بە سەوز دانا، ئیتر ئەو شتە ڕەش نییە،یان هەر ڕەنگێکی تر بۆ نمونە:

(٥) کراسێکی سەوزم کڕی.

(٦) * کراسێکی سەوز و ڕەشم کڕی

بەڵام ئەو ڕەنگانەی وەك وشەیەکی فەرهەنگی – Lexeme – مامەڵە دەکەن، واتە قاڵبێکیان وەرگرتوە و کەرتەکانیان پێش و پاش ناخرێن، دەتوانن بەیەکەوە بێن:

(٧) تەلەفزیۆنێکی ڕەشو سپیم کڕی .

(٨) نازادار کچێکی سورو سپییە.

---

[٦١] دەوترێت ڕەنگە سەرەکییەکان تەنها سیانن ، کە بریتیین لە :١–شین ٢ –زەرد ٣–سور . هەمو ڕەنگەکانی تر بە تێکەڵبونی ئەو سیانە دروستبون. بۆ زانیاریی دەربارەی ژمارەی ڕەنگەکان، بڕوانە : **مصطفى محمد كريم** : ٢٠٠١: ٢٦.

بەلاّم ناتوانین بلّێین:(٢٤)*نازدار کچێکی سەوزوسورە. ڕەنگەکان نابنە دژ واتا، واتە گەرم و ساردیان نییە و هیچ یەکێك لە ڕەنگەکان نابنە دژی ڕەنگێکی تر، بەلّکو ڕەنگەکان هەریەکەیان دەگەڕێنەوە بۆ ڕەنگی شتەکان لە سروشتدا، کە چاوی مرۆڤ لێکیان جیادەکاتەوە، بۆیە بەرامبەر یەکتر ناوەستن، هەندێك جار تێڕوانینی کۆمەلّگا وای کردوە، هەندێك لە ڕەنگەکان وەك دژ دەربکەون، ئەوەش دەکرێت، لە چوارچێوەی کۆزمانەوانیدا لێکبدرێتەوە. لەگەلّ ئەوەی ڕەنگەکان دەبنە دەرخەری ناو، هەندێك جار وشەیەکی تر دەبێتە دەرخەری ڕەنگەکان بەتایبەتی ئەو وشانەی ڕادەی تۆخی و کالّی و چۆنێتی ڕەنگەکان دەردەخەن:شینی کالّ، سەوزی تۆخ، شینی ئاسمانی، ... تاد، تایبەتییەکی تری ئاوەلّناوی ڕەنگ ئەوەیە لە باری چەسپیودا دەکەوێتە دوای ناوەوە، بەلاّم لە باری پلەی بالاّدا دەکەوێتە پێش ناو: چاوی سەوز ، سەوزترین چاو،...تاد. هەندێك لە ڕەنگەکان لەگەلّ چەند چاوگێکی دیاریکراودا کرداری لێکدراو دروستدەکەن، بەلاّم لە ڕستەدا وەك تەواوکەر دەردەکەون، لە ڕاستیدا ((ڕەنگەکان لەگەلّ هەمو چاوگێکدا ڕیز نابن و لایەنی هەلّبژاردنیان لەژێر دەسەلاّتی خودی وشەکاندایە . )) [سەرچاوەی پێشو :٤٣ ] هەریەك لە چاوگەکانی، (چونەوە، کردن، بونەوە ، هەلّگەڕان ، بون)، لەگەلّ هەندێك ڕەنگدا وشەی لێکدراو دروستدەکەن: زەردکردن، سوربونەوە، زەردهەلّگەڕان، سەوزبون، ...تاد تایبەتییەکی تری ئاوەلّناوی ڕەنگ ئەویە، تەنها لەگەلّ ناوی بەرجەستەدا دێت (+بەرجەستە) واتە نابێت، شتێك بونی فیزیکی نەبێت و ڕەنگی هەبێت: * خەونی سەوز، * خۆشەویستی قاوەیی، * هێمنی سپی،...تاد

### ٢-١-٧-٢ ئاوەلّناوی تەمەن - Age:

ئەو ئاوەلّناوانەن کە تەمەن، یان کۆن و تازەیی شتێك، گیانلەبەرێك ، دەردەخەن. هەمو سیفەتێکی ئاوەلّناویان تێدایە، بۆ نمونە هەرسێ پلەی (چەسپیو ، بەراورد، بالاّ) وەردەگرن: پیر⟵ پیرتر ⟵ پیرترین.

ئاوەلّناوی تەمەن یەکێکە لەو ئاوەلّناوانەی، کە دەچنە چوارچێوەی ئەو حەوت بیرەی،کە

لە هەمو زمانەکانی جیهاندا سەرچاوەی ئاوەڵناون، واتە ئاوەڵناو دەریاندەبڕێت[٦٢] .ئاوەڵناوەکانی تەمەن لە زمانی کوردیدا ژمارەیان زۆر نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بڕوانینە وشەکانی ( پیر ، گەنج ، تازەپێگەیشتو ، کەنەفت ، بەساڵاچو،...تاد) وەك ئاوەڵناو دەبنە دەرخەری ناو : پیاوی پیر ، ژنی بەساڵاچو ، کوڕی گەنج،... تاد . هەریەك لەو وشانەی سەرەوە لایەنێکی ناوەکەمان بۆ دەردەخەن، کە ئەویش تەمەنە. بۆیە دەتوانین بڵێین: ئەو وشانە وەك ئاوەڵناو دەردەکەون . ئەگەرچی ئەم وشانە لە ڕوی فەرهەنگەوە بە کەرەستەیەکی لێڵ دەژمێردرێن، چونکە لە ڕستەدا هەندێك جار وەك ناو دەردەکەون، یان دەکرێت بڵێین، لە ڕۆنانی ژێرەوەدا ناوێك هەبووە و لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەرنەکەوتوە، وەك لەم ڕستانە دا دەردەکەوێت :

(٩) پیاوی <u>پیر</u> دەبێت ڕێزی لێبگیرێت.(ئاوەڵناو)

(١٠) <u>پیر</u> دەبێت ڕێزی لێبگیرێت.(ناو)

لە زمانی کوردیدا ئەگەر تەمەن بە ژمارە دەربڕا ، نابێتە ئاوەڵناو : بیست ساڵ ، دو ڕۆژ ، هەشت مانگ،...تاد . ئاوەڵناوەکانی تەمەن بەرامبەر بەیەك دەوەستن، واتە دانەیەکیان گەرمە و ئەویتریان ساردە بۆیە لەڕوی پەیوەندی واتاییەوە دژواتا پێکدەهێنن:

پیر × گەنج

بەساڵاچو× تازە پێگەیشتو

تازە × کۆن

لەگەڵ کرداری (بون) دا، هەندێکیان وشەی لێکدراو دروستدەکەن، لەم بارەدا وەك تەواوکەری کردارەکە دەردەکەون، بەڵام لە ڕاستیدا کرداری لێکدراون وەك: پیربون، نوێبون، کۆنبون،...تاد. تایبەتییەکی تری ئاوەڵناوی تەمەن ئەوەیە، کە پێکەوە نایەن، چونکە لە ڕوی لۆژیکەوە نابێت، شتێك کۆن بێت و نوێش بێت، یان پیر بێت و گەنجیش بێت، بە پێچەوانەوە ئەو پێکهاتەیە ناڕاست دەبێت : * کوڕێکی پیر و گەنج، * ئۆتۆمبیلێکی کۆن و نوێ،...تاد ، بەڵام

[٦٢] (دیکسۆن) پێی وایە، کە حەوت بیر لە هەمو زمانەکانی جیهاندا سەرچاوەی ئاوەڵناون، کە بریتین، لە : (بەها ، تەمەن ، ڕەنگ، تایبەتی کەسی ، تایبەتی مرۆڤ،بارستایی،خێرایی.) بڕوانە (٢-١-٤ )

دەکرێت لە سیاقێکدا دوانیان بێن بە مەرجێك دژواتای یەکتر نەبن : پیاوێکی پیری بەسالاچوی،...تاد

**٢-١-٧-٣ ئاوەڵناوی بەها - Value :** (دیکسۆن) بە یەکێك لەو حەوت بیرەی دادەنێت، کە دەربڕینیان لە زمانەکانی جیهاندا دەخرێتە ئەستۆی ئاوەڵناو، بە مەرجێك ئەو زمانە ئاوەڵناوی هەبێت[٦٣]. لە زمانی کوردیدا، کۆمەڵێك وشە بەها دەردەبڕن و وەك ئاوەڵناو دەردەکەون وەك : ( گران ، هەرزان ، بەنرخ، بێنرخ، باش ، خراپ، نایاب ، پەسەند ، چاك ، گرنگ، بێکەڵك، بەکەڵك،...تاد)، هەندێك لەو ئاوەڵناوانە بە ئاوەڵناوی چۆنییەتیش ناودەبرێن وەك (باش، خراپ،...تاد). ئاوەڵناوەکانی بەها هەمو تایبەتییەکی ئاوەڵناویان تێدایە، وەك وەرگرتنی مۆرفیمی /تر/ و / ترین/، واتە پلەدارن :گران ⟵ گرانتر ⟵ گرانترین

(( سیمایەکی ئەم ئاوەڵناوانە ئەوەیە، کە لەگەڵ هەمو ناوێکدا دێن [± بەرجەستە] ))[ڤیان ئیبراهیم:٢٠٠٨ :٣٦] بۆ نمونە : سەفەرێکی گرنگ، تاقیکردنەوەیەکی گران، پرسیارێکی ئاسان،...تاد. هەندێك لەم ئاوەڵناوانە لەگەل کرداری بیهێزدا دێن بۆ تەواوکردنی بەشەکردار، واتە رۆڵی تەواوکەر دەبینن:

(١١) ئۆتۆمبیلەکە هەرزانە.

(١٢) خانوەکە گرانە.

(١٣) هیوا کوڕێکی باشە.هەروەها، لەگەڵ کرداری ( بون) دا کرداری لێکدراو دروستدەکەن : باشبون، خراپبون، گرانبون ، بێکەڵکبون،...تاد زۆربەیان ساردوگەرمیان هەیە بەم شێوەیە:

گران×هەرزان

خراپ×باش

چاك × خراپ

نایاب× خراپ

بەکەڵك × بێکەڵك،... تاد . ئەگەر هەمو ئەو وشانەی، کە واتای هەڵسەنگاندن و نرخاندنیان

---

[٦٣] بڕوانە (٢-١-٤)

تێدایە بە ئاوەڵناوی بەها دابنەین، ئەوا بە بەراورد بە جۆرەکانی تری ئاوەڵناو ژمارەیان لە زمانی کوردیدا زۆرە.( دیکسۆن ) هەر دو وشەی [باش، خراپ] و ئەو وشانەی تر، کە دەبنە هایپۆنیمی ئەو دو وشەیە بە ئاوەڵناوی بەها دادەنێت[٦٤]. ئاوەڵناوی بەها، وەکو زۆربەی ئاوەڵناوەکان دەکەوێتە دوای سەرەی فرێزی ناوی وەك : شتی بەکەڵك، کتێبی بەسود، بەردی بەنرخ،...تاد. هەروەها ئەو وشانەی بەها دەردەبڕن لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەمویان ئاوەڵناون، بە پێچەوانەی جۆرەکانی تری ئاوەڵناوەوە کەمتر بە کەرەستەی لێڵ دەژمێردرێن، چونکە هەرگیز ئەم ئاوەڵناوانە ناتوانن بە تەنها لە ڕستەدا بێن ، بە بێ یاریدەی ناوێك، یان کردارێك.

### ٢-١-٧-٤ تایبەتیی کەسی - Human propensity:

ئەو ئاوەڵناوانەن، کە تایبەتی مرۆڤ دەردەبڕن و وەسفی لایەنێکی فیزیکی، یان لایەنێکی واتایی مرۆڤ دەکەن، دەکرێت ئەم ئاوەڵناوانە بکەین بە دو بەشەوە :

١– تایبەتی فیزیکی

٢– تایبەتی واتایی

### ٢-١-٧-٤-١تایبەتیی فیزیکیی مرۆڤ :

ئەو ئاوەڵناوانەن، کەوەسفی لایەنێکی فیسۆلۆژی مرۆڤ دەکەن، واتە(( چۆنییەتی هەڵکەوتنی لەش و لار و فیسۆلۆژی مرۆڤ دەردەبڕن. )) [شنەجەبار :٢٠٠٦ : ١٤] هەریەك لەم وشانە لایەنێکی فیسۆلۆژی مرۆڤ دەردەخەن: ( بالا بەرز، قەڵەو، لاواز، توکن ، ورگن، قژبژ، قەزەم، کورتەبالا ، حۆل، کەچەڵ، کۆسە، چاوسەوز، قژزەرد، قەدباریك،...تاد) هەمویان پلەدارن،واتە دەتوانن مۆرفیمی /تر/ ، /ترین/وەربگرن:

قەڵەو ⟵ قەڵەوتر ⟵ قەڵەوترین.

---

[٦٤] بۆ زانیاریی لەم بارەیەوە بڕوانە : ڤیان ئیبراهیم : ٢٠٠٨ : ٣٦.

له فەرهەنگدا وەك ئاوەڵناو تۆماردەکرێن، واتە کەرەستەیەکی لێڵ نین، بەڵکو هەمو سیفەتێکی ئاوەڵناویان تێدایە و دەتوانن ئەرکەکانی ئاوەڵناو ببینن. دەتوانن بەیەکەوە لە سیاقێکدا بێن، بە مەرجێك ( سارد و گەرم) نەبن : پیاوێکی قەڵەوی باڵابەرز، * پیاوێکی قەڵەوی لاواز ، بەهەمان شێوەی جۆرەکانی تری ئاوەڵناو لەگەڵ کرداری (بون) دا هەندێکیان کرداری لێکدراو دروستدەکەن : قەڵەوبون، لاوازبون، کەچەڵبون،...تاد. دەبنە تەواوکەری کرداری بێهێز:

(١٤) پیاوەکە کەچەڵە.

(١٥) کوڕەکە لاوازە.

(١٦) ژنەکە باڵای بەرزە.

تایبەتییەکی ئەم پۆلە ئاوەڵناوە ئەوەیە، کە تەنها لەگەڵ ناوێکدا دێن، بەرجەستە بێت. واتە نیشانەی واتایی – Semantic future– ئەو ناوە [+ بەرجەستە] بێت ، چونکە وەسفی لایەنی فیزیکی ناو دەکات ، بە پێچەوانەوە لەگەڵ ناوە واتاییەکاندا پێکهاتەی مانادار دروستناکات: * خۆشەویستی قەڵەو ، *خەونی لاواز ، * ئاشتی کوێر ، * بەزەیی درێژ، ...تاد، هەروەها لە ئاستی پەیوەندییە واتاییەکاندا دژ واتا پێکدەهێنن، واتە گەرم وساردیان هەیە و بەرانبەر بە یەکدەوەستن:

قەڵەو × لاواز

کورت ×درێژ

توکن ×کۆسە( بێتوك )

توکن × کۆسە

قەزەم × درێژ ، تاد

بەشداری پێکهاتەی فرێزی ناوی دەکەن و وەك هەمو ئاوەڵناوێکی تری زمانی کوردی رەفتار دەکەن، واتە لە پلەی باڵا دا دەکەونە پێش سەرەی فرێزە ناوییەکە، بەڵام لە پلەی

(چەسپیو و بەراورد) دا دەکەونە دوای سەرەوە وەك : قەڵەوترین منداڵ، منداڵێکی قەڵەو ، منداڵێکی قەڵەوتر، ...تاد.

**٢-١-٧-٤-٢ ئاوەڵناوی تایبەتیی واتایی مرۆڤ**[٦٥]: ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە تەنها تایبەتن بە مرۆڤەوە و وەسفی لایەنێکی واتایی–Abstract– مرۆڤ دەکەن. وەك: هۆشیاری، دەرونی، هۆش، ڕەفتار، چالاکی و ژیری،...تاد. واتە ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە بە پێچەوانەی ئاوەڵناوی تایبەتیی فیزیکی مرۆڤەوە، تەنها لایەنی واتایی مرۆڤ دەردەخەن. نمونەی ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە وەك : (ژیر ، هێمن ، ئارام ، ڕێکوپێك ، بەشەرم ، بێشەرم ، کەمئەقڵ، شێت ، زانا ، دانا ، زیرەك ، تەمبەڵ، لەسەرخۆ، شەڕەت ، خۆشەویست ، دڵپاك ، دڵپیس ، دڵسۆز ، خەمخۆر، بێخەم ، تێکدەر،...تاد)

تایبەتییەکی ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە ئەوەیە، کە خۆیان هەڵگری نیشانەی { - بەرجەستە } ن، بەڵام دەگەڕێنەوە بۆ ناوێك کەهەڵگری نیشانەی {+بەرجەستە } بێت، هەرگیز نابنە دەرخەری ناوێکی واتایی وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێت :* خەونی شێت * خۆشەویستی *ئاشتی دڵپاك * نیشتیمانپەروەری ئارام،...تاد

به هەمانشێوەی ئاوەڵناوەکانی تر بەشداری لە پێکهاتەی فرێزی ناوی دەکەن و دەکەونە دوای ناوی سەرەوە ئەگەر لە پلەی (چەسپیو و بەراورد) دا بن، ئەگەر لە پلەی باڵاشدا بن دەکەونە پێش ناوی سەرەوە :مرۆڤی دڵپاك ، مرۆڤی دڵپاکتر ، دڵپاکترین مرۆڤ،...تاد ئەمجۆرە ئاوەڵناوانە لەگەڵ کرداری( بون) دا کرداری لێکدراو دروستدەکەن وەك : ژیربون، تەمبەڵبون ، زیرەکبون ، ئاقڵبون،...تاد. دەبنە تەواوکەری کرداری بێهێز :

(١٧) خوێندکارەکە زیرەکە.

(١٨) منداڵەکە ژیرە.

(١٩) پیاوەکە کەمدووە.

[٦٥] ئەو سەرچاوانەی، کە باسیان لە جۆرەکانی ئاوەڵناو کردوە، بەم شێوەیە جیایان نەکردوەتەوە، بەڵکو بە تێکەڵی باسیان لە ئاوەڵناوی تایبەتی کەسی کردوە.

ئەم ئاوەڵناوانە، لە فەرهەنگدا وەك ئاوەڵناو تۆماردەكرێن و كەرەستەی لێڵ نین. هەمو زمانەكانی دنیا ئەو جۆرە وشانەیان هەیە، كە وەسفی لایەنی واتایی مرۆڤی پێبكەن، بەلاّم مەرج نییە، لە هەمو زمانێكدا ئاوەڵناو بەم ئەركە هەڵبسێت، بەلاّم لە زمانی كوردیدا وەك دەیبینین ئەم ئەركە لە ئەستۆی ئاوەڵناودایە.ئەم ئاوەڵناوانە تاكێكیان گەرمە و ئەویتریان ساردە و بەرامبەر بە یەكدەوەستن، وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەكەوێت:

زیرەك ×تەمبەڵ

ئاقڵ × بێئەقڵ

فرەوێژ × كەمدو

وریا × گێل

دڵپاك × دڵپیس

خەمخۆر × بێباك (بێخەم)

بە هەمان شێوەی ئاوەڵناوی تایبەتی فیزیكی دەتوانن، دوانیان لە سیاقێكدا بێن بە مەرجێك ئەو دو ئاوەڵناوە گەرموسارد نەبن :

(٢٠) كۆسار كوڕێكی خوێنگەرم و لەسەرخۆیە.

(٢١)* نازدار كچێكی زۆربلێی كەمدوە

**٢-١-٧-٥ بارستایی و قەبارە - Size** : ئاوەڵناوی بارستایی ئەوئاوەڵناونەن،كەبارستایی و قەبارەی شتەكانمان بۆ دەردەخەن، واتە ئاوەڵناوی قەبارە دەرخەری سیمای قەبارە و بارستایی شتەكانن.

نمونەی ئەم ئاوەڵناوانە وەك : ( پان ، درێژ ، بەرین ، فراوان ، تەسك ، باریك ، كورت ، گەورە ، بچوك ، بەرز ، نزم، تەنك ، قوڵ، ئەستور، قەبە، گچكە ،... تاد)

وەك دەردەكەوێت ژمارەیان زۆرە و لە فەرهەنگی زمانی كوردیدا هەن و وەك ئاوەڵناو تۆمار كراون ، واتە نابنە كەتیگۆرییەكی تر و كەرەستەیەكی لێڵ نین.

((یەکێ لە ئاوەڵناوەکان ،گەرمە و ( ئیجابییە ) ، ئەویتریان ساردە)) [محەمەد مەعروف:٢٠١٠ : ٣١١]
وەك لەم نمونانە دا دەردەکەون:

ئەستور×باریك

کورت × درێژ

بچوك × گەورە

قوڵ × تەنك

قەبە × گچکە

بەرز × نزم

پانوپۆڕ × تەسکوتروسك

بەرین × تەسك

دەتوانن پلە دەربڕن و بەراورد ئەنجام بدەن لە نێوان دو شتدا :

فراوان ←—— فراوانتر ←—— فراوانترین

دەبنە تەواوکەری کرداری بێهێز لە ڕستەدا :

(٢٢) شەقامەکە پانە .

(٢٣) کۆڵانەکە تەسکە.

فرێزی ناوی فراواندەکەن و لە پلەی باڵادا دەکەونە پێش سەرە و لەو دو پلەکەی تردا دەکەونە پاش ناوی سەرە. وەك : شەقامی فراوان ، شەقامی فراوانتر ، فراوانترین شەقام. بە هەمان شێوەی جۆرەکانی تری ئاوەڵناو لەگەڵ کرداری ( بون ) دا ، کرداری لێکدراو دروستدەکەن وەك : درێژبون ، پانبون ، ئەستوربون ، قوڵبون،... تاد. دەتوانن لە سیاقێکدا بەیەکەوە بێن، بە مەرجێك گەرموسارد نەبن :

(٢٤) دەریاچەکە پان و قوڵە.

(٢٥) * دەریاچەکە پان و تەسکە

(٢٦)*دەریاچەکە قوڵ و تەنکە

تەنها لەگەڵ ناوێکدا دێن، هەڵگری نیشانەی (+بەرجەستە) بێت ، واتە شتێك بونی نەبێت، ناکرێت قەبارە و بارستایی هەبێت ، بەڵام بەهۆی زۆر بەکارهێنانی ئەم ئاوەڵناوانە لەلایەن کۆمەڵەوە دەخوازرێن و لەگەڵ ناوی واتایشدا بەکاردێن، کەواتە دەکرێت بڵێین، لەگەڵ هەر دو ناوی (بەرجەستە و واتایی) یشدا (± بەرجەستە) بەکاردێن، بەم شێوەیە : شەقامی درێژ ، کۆشکی بەرز ، کۆڵانی تەسك ، دەریاچەی قوڵ، ...تاد

خەونی کورت ، خەیاڵی فراوان ، ئەندێشەی قوڵ ، درۆی گەورە، ...تاد.

**٢-١-٧-٦ دوری - Dimension :** بریتین لەو جۆرە ئاوەڵناوانەی، کە دوری و نزیکی شتێك دەردەبڕن. (دیکسۆن ) ئاوەڵناوەکانی وەك (بچوك ، گەورە ، قوڵ ، فراوان،...تاد) بە ئاوەڵناوی دوری دادەنێت[٦٦] . بەڵام دەکرێت هەر دو ئاوەڵناوی ( دور ، نزیك ) بە ئاوەڵناوی دوری دابنەین و ئەوانەی سەرەوە بە ئاوەڵناوی بارستایی و قەبارە دابنەیین، بە پێی ئەم جیاکردنەوەی ئێمە ژمارەی ئاوەڵناوی دوری کەمە و بە زۆری ئەو دو وشەیە دەگرێتەوە. ئەم ئاوەڵناوانە هەڵگری هەمو تایبەتییەکانی ئاوەڵناون وەك : مۆرفیمی / تر/ ، / ترین/ وەردەگرن : دور ← دورتر ← دورترین

دەبنە تەواوکەری کرداری بێهێز :

(٤٣)ڕێگاکە دورە.

(٤٤) ماڵی ئێوە نزیکە .

لە فراوانکردنی فرێزی ناویدا بەشدار دەبن و وەك ئاوەڵناوەکانی تر ڕەفتار دەکەن ، وەك :ڕێگای دور ، ڕێگای دورتر ، دورترین ڕێگا .

لەگەڵ ناوێکدا دێن، هەڵگری نیشانەی واتایی (+ بەرجەستە) بێت، هەرچەندە لەچەند بارێکی کەمدا دەخوازرێن و لەگەڵ ناوی واتایشدا دێن ، بەڵام بەشێوەیەکی فراوان هەر لەگەڵ ناوە بەرجەستەکاندا دێن، وەك :

---

[٦٦] بۆ زانیاری لەبارەی پۆلێنکردنەکەی دیکسۆن بۆ جۆرەکانی ئاوەڵناو بڕوانە : R.M.W Dixon: 2004: 4

شاری دور ، وێستگەی نزیك ، خەونی نزیك ، خەونی دور * خۆشەویستی نزیك ،* برایەتی دور،...تاد.

لەگەڵ کرداری (بون)دا کرداری لێکدراو دروست ناکەن، بەو پێیەی : دوربون ،نزیکبون،...تاد ناتوانن وەك کردارێکی لێکدراو لە ڕستەدا بە یەکەوە بێن، بەڵکو لە ڕستەدا دەبنە تەواوکەری کرداری (بون) کاتێکیش دەبنە تەواوکەر وشە نین، بەڵکو فرێزن . واتە وەك وشەیەکی لێکدراو قاڵبیان وەرنەگرتوە، بەڵکو چاوگی (بون) لەم بارەدا لەگەڵ بکەری کەسی سێیەمی کۆ ڕێکدەکەوێت ، نوسەکی /ن/ بۆ بکەری کەسی سێیەمی کۆ دەگەڕێتەوە،( دور و نزیك) یش وەك دو ئاوەڵناو دەبنە تەواوکەری کردارەکە. وەك : ئەوان دوربون ، نزیکبون،... تاد. ئەم دو ئاوەڵناوە دەبنە دژواتای یەکتر : دور × نزیك .

**٢-١-٧-٧ تام - Taste** : بریتین لەو جۆرە ئاوەڵناوانەی، کە تام و چێژی خواردن و خواردنەوە دەردەخەن. ئەو تامانەی کە لە ڕێگەی زمانەوە لێکجیادەکرێنەوە، هەمویان دەچنە نێو ئاوەڵناوی تامەوە، وەك (سوێر ، ترش ، تاڵ ، شیرین ، تون، مەزەدار ، بێمەزە ، توند، تیژ، مزر،بەتام،بێتام،...تاد) .

ئەم جۆرە ئاوەڵناونە کەرەستەی لێڵ نین، لە فەرهەنگدا وەك ئاوەڵناو تۆمارکراون، لە زمانی کوردیدا ژمارەیان زۆر نییە .((ئەم پۆلە ئاوەڵناوە چێژییە سروشتیانە لەگەڵ ئەو ناوانەدا ڕێکدەکەون، کە ئاشنایەتییان لەگەڵ هەستی چێژکردندا پتەوە . ))[هیدایەت عەبدولا: ٢٠٠٢: ١١٣] ، جگە لەوەی ئەو ناوە دەبێت هەڵگری نیشانەی (+بەرجەستە) بێت، لانی کەم دەبێت، ئەم نیشانانە لەخۆی بگرێت، بە پێچەوانەوە پێکهاتەیەکی واتادار دروستناکات، بڕوانە ئەم نمونانەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| ± بەرجەستە<br>± خواردن<br>+ خواردنەوە<br>±چەشتن | چای شیرین ، چێشتی سوێر ، بیبەری توند ، * ئاسنی سوێر ، * خۆشەویستی شیرین،... تاد<br>واتە ئەم ئاوەڵناوانە بە پێی نیشانە واتاییەکانی خۆیان ، چەند ناوێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرن ، بە پێچەوانەشەوە هەرگیز دروستەیەکی خاوەن واتا |

پێکنایەت. ئەم پۆلە ئاوەڵناوە پلەدارن، دەتوانن هەڵکەوتنی شتێك لە نێو کۆمەڵێك شتدا دەربخەن و بەراوردیش لە نێوان شتەکاندا بکەن:

سوێر ⟵ سوێرتر ⟵ سوێرترین

بەهەمان شێوەی ئاوەڵناوەکانی تر، فرێزی ناوی فراواندەکەن وەك : چای گەرم ، چای گەرمتر ، گەرمترین چا، ...تاد. لەگەڵ کرداری بێهێزدا دێن و دەبنە تەواوکەری کردار لە بەشەکرداردا:

(٢٧)شوتییەکە شیرینە.

(٢٨)بیبەرەکە تونە .

لەگەڵ کرداری (بون) دا کرداری لێکدراو دروستدەکەن، بۆ نمونە : شیرین بون، تاڵبون ، سوێربون،...تاد. هەندێکی کەمیان دەبنە دژواتا، واتا کەمتر گەرموسارد یان تێدایە وەك : تاڵ×شیرین. هەرچەندە زۆر بە کەمی دژواتا پێکدەهێنن ، بەڵام هەمویان ناتوانن بە جوت بێن، چونکە لە ڕوی لۆژیکەوە ناکرێت بە یەکەوەبێن، بەو پێیەی ئەگەر شتێك تامێکی هەبو، ناکرێت لە هەمان کاتدا تامێکی تریشی هەبێت، جگە لەو ئاوەڵناوە تامانەی، کە ئیدیەمن وەك (ترش و تاڵ،ترش و سوێر،...تاد)

(٢٩)* چایەکی شیرن و سوێرم خوارد

(٣٠)* چێشتەکە زۆر سوێر و شیرن بو

هەروەها بەپێی نیشانەی واتایی خۆیان چەند ناوێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرن و ڕێکدەکەون لەگەڵیاندا:

( ٣١) * چایەکی زۆر تون بو.

(٣٢) * زەلابێیەکی تاڵ بو

لەبەرئەوەی چاوەڕوان ناکرێت چا (تون) بێت، بەڵکو چاوەڕوان دەکرێت ،کە چا (شیرین )،یان (تاڵ) بێت. هەروەها وا چاوەڕوان دەکرێت زەلابیٚ شیرین بێت، هەرگیز زەلابیٚ تاڵ نییە .

٨-٧-١-٢ ڕواڵەتی شت - Physical properties: ئەو پۆلە ئاوەڵناوەن، کە سیما و خەسڵەتی دەرەوەی شتمان بۆ دەردەخەن. واتە ئەو لایەنانەی، کە دەبینرێن و دەستیان لێدەدرێت.((ئەمانە بە زۆری خاسیەتی شت دەردەخەن، بەڵام وەك خوازە بۆ باسکردن لە کەس و گیانلەبەریش بەکاردێت.)) [ محەممەمەعروف : ٢٠١٠ : ٣١٤ ]. (دیکسۆن) و ئەو زمانەوانە کوردانەی دابەشکردنی ئاوەڵناویان لەوەوە وەرگرتوە پۆلی (تام ، بەها، تەمەن ، کێش،...تاد) ، یان لە چوارچێوەی ڕواڵەتی شت داناوە[٦٧]، بەڵام ئێمە تەنها ئەو وشانەی تایبەتی دەرەوەی شت دەردەخەن،بە ئاوەڵناوی ڕواڵەتی شت دادەنێین، ئەمەش وادەکات،کە جۆرەکانی ئاوەڵناو وردتر دابەشبکەین، چونکە ئەگەر هەمو ئەو جۆرە جیاوازانەی ئاوەڵناو بخەینە چوارچێوەی ڕواڵەتی شتەوە، وا دەکات دابەشکردنەکەمان ورد نەبێ. نمونەی ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە وەك :

(نەرم ، ڕەق ، ، شل ، توند، زبر، خەست ، ساف ، لار ، ڕاست ، کون ،تەڕ ، وشك ،لوس، ...تاد)

مۆرفیمی /تر/ ، /ترین/ وەردەگرن :

نەرم ⟵ نەرمتر ⟵ نەرمترین

دەبنە تەواوکەری کرداری بێهێز :

(٣٣) شلەکە خەستە.

(٣٤) کێکەکە نەرمە .

دەبنە دەرخەری فرێزی ناوی و وەك هەر ئاوەڵناوێکی تر ڕەفتاردەکەن :

دارێکی تەڕ ، دارێکی تەڕتر، تەڕتین دار، ...تاد

لەگەڵ کرداری (بون) دا کرداری لێکدراو دروستدەکەن : تەڕبون ، لاربون ، ڕەقبون،...تاد

---

[٦٧] بڕوانە ئـ : R.M.W Dixon: 2004: 4

بـ : محەمەد مەعروف فەتاح : ٢٠١٠: ٣١٤.

لەگەڵ ناوێکدا دێن، کە هەڵگری نیشانەی واتایی [+ بەرجەستە] بێت، هەندێك جار دەخوازرێن و لەگەڵ ناوی واتایشدا دێن، بەڵام لەگەڵ هەمو ناوێکی واتایدا نایەن، بەڵکو تەنها لەگەڵ هەندێکیاندا ڕێکدەکەون وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێت لەگەڵ هەر دو جۆری ناوی واتایی و بەرجەستەشدا دێن : شلەی خەست ، دۆی تەڕ، جێگەی زبر ، دڵی ساف ، زمانی زبر ، قسەی ڕەق ، * خۆشەویستی نەرم ، * ئازایەتی ساف ، * کوردایەتی وشك،...تاد. وەکو پێشتر وتمان لەگەڵ ناوی ( شت ) دا دێن [+ شت ] ، بەڵام وەك خوازە لەگەڵ ناوی مرۆڤیشدا دێن: مرۆڤی وشك ، منداڵی لار ، پیاوی ڕاست،...تاد

بەرامبەر بە یەکدەوەستن واتە دژ واتا پێکدەهێنن :

ساف × زبر

تەڕ × وشك

شل × توند(ڕەق)

ڕەق × نەرم

دەتوانن بەجوت بێن، بە مەرجێك ئەو دو ئاوەڵناوەی بەیەکەوە دێن دژواتای یەکتر نەبن : تەختەیەکی ساف و ڕەق ، چیمەنێکی نەرمی تەڕ، * تەختەیەکی نەرمی ڕەق،... تاد

**٢-١-٧-٩ کێش -weight** : ئەو پۆلە ئاوەڵناوەن، کە کێشی شت دیاریدەکەن. واتە هەر شتێك قورسایی هەبێت، ئەم پۆلە ئاوەڵناوە ئەو قورساییە دیاریدەکەن. ژمارەی ئەو وشانەی بۆ دەربڕینی قورسی بەکاردێن، سنوردارن، بە زۆری هەر دو وشەی (قورس ، سوك ) وەك ئاوەڵناوی کێش ڕەفتار دەکەن. زمانەوانەکان پۆلی (ئاوەڵناوی کێش ) یان لە چوارچێوەی ئاوەڵناوی ڕواڵەتی شتدا داناوە[٦٨] ، بەڵام ڕواڵەت تەنها دیوی دەرەوەی شت دەگرێتەوە، بۆیە ئەگەر بوترێت تایبەتی شت پەسەندترە. ئێمە بە باشمان زانی پۆلی کێش جیابکەینەوە، چونکە

[٦٨] شایەنی باسە (محەمەد مەعروف فەتاح ) دابەشکردنی جۆرەکانی ئاوەڵناوی لە (دیکسۆن)ەوە وەرگرتوە، زۆربەی زمانەوانە کوردەکانیش لە (محەمەد مەعروفە) وە وەریانگرتوە، بۆیە وەرگرتنەکە زۆر جار بە بێ دەستکاری بووە.

لە ڕوی واتاوە تەواو جیاوازن لە پۆلی (ڕواڵەت ، بەها ، تەمەن،...تاد). ئەم دو ئاوەڵناوە هەر دو مۆرفیمی پلەی بەراورد و بالآ وەردەگرن :

قورس ⟵ قورستر ⟵ قورسترین

وەك تەواوكەری كرداری بێهێز دەردەكەون :

(٣٥) كێشی ئۆتۆمبیلەكە قورسە.

(٣٦) كێشی پوش سوكە .

بەهەمان شێوەی ئاوەڵناوەكانی تر دەبنە دەرخەری سەرەی فرێزی ناوی، لە پلەی باڵادا پێش سەرەی فرێزی ناوی دەكەون، بەڵام لە دو پلەكەی تر پاشی دەكەون :

(٣٧) شوتییەكی قورسم بۆ بكێشە .

(٣٨) شوتییەكی قورسترم بۆبكێشە

(٣٩) قورسترین شوتیم بۆ بكێشە.

لەگەڵ ( بون) دا كرداری لێكدراو دروستدەكەن وەك : قورسبون ، سوكبون،...تاد. دەبنە دژ واتای یەكتر: سوك × قورس. هەرگیز لە یەك سیاقدا بە یەكەوە كۆنابنەوە بۆ گوزارشت لە شتێك ، چونكە شتێك ئەگەر قورس بێت ، ئەوا نابێت سوك بێت :

(٤٠)* شوتییەكی قورس و سوكم بۆ بكێشە

بە زۆری لەگەڵ ناوێكدا دێن خاوەنی ئەم دو نیشانەیە بێت [+بەرجەستە+ شت] ، بەڵام وەك خوازە لەگەڵ ناوی واتاییدا دێن و لە چەند بارێكیشدا لەگەڵ ناوی مرۆڤدا دێن ، بە مەرجێك دەبێت ڕێككەوتنی كۆمەڵی لەسەر هەبێت ، یان بۆ مەبەستی خوازە بێت، ئەگینا دروستەكە مانادار نابێت : مرۆڤی قورس (بەڕێز ،سەنگین) ، مرۆڤی سوك (بێڕێز، كەسایەتی لاواز ) ، شەڕێكی قورس، شەڕێكی سوك ، * هێمنیی سوك ، * ئارامیی قورس،...تاد

٢-١-٧-١٠ **خێرایی -Speed**: پۆلێکی ئاوەڵناون، کە پێوانە و ڕادەی ڕۆشتن بەسەرچون و خێرایی کەسێك، یان شتێك، یان دیاردەیەکمان بۆ دەردەخەن. واتە ((ئەو ئاوەڵناوانەن، کە خێرایی دەردەبڕن.)) [ ڤیان ئیبراهیم: ٢٠٠٨ : ٣٧ ] ، وەك دەردەکەوێت زمانی کوردی لە ئاست دەربڕینی چەمکی خێرایی، زۆر دەوڵەمەند نییە لە فەرهەنگدا، ئەو وشانەی زیندون و بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنرێن ئەمانەن : (هێدی ، لەسەرخۆ، خێرا ، پەلە، زو، تیژڕەو، توند،تیژ، هێواش،خاو،...تاد) وەك دەبینین لەنێو ئەو ئاوەڵناوانەدا، ئاوەڵناوەکانی سەر بە پۆلی ( تایبەتی واتایی مرۆڤ، ، ڕواڵەتی شت،...تاد) دەبینرێن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە ئاوەڵناوەکان زیاد لە واتایەك دەگەیەنن، ئەگەر چی هەمو واتاکان فەرهەنگی نین، هەندێکیان واتای بارکراون،بەڵام زیاد لە واتایەکیان هەیە و فرەواتان، بۆیە (( فرەواتایی دەکرێت بەوە پێناسە بکرێت، کە بریتییە لە وشەیەك واتای جۆراو جۆری هەبێت.))[ Gorge Yule: 1979:121] بۆ نمونە: وشەی [توند] ، لە پۆلی ڕواڵەتی شتدا بەشداری دەکات وەك: پەتی توند، هەوەها لە پۆلی ئاوەڵناوی تام دا بەشدار دەبێت: چێشتی تون ، لەگەڵ پۆلی خێراییشدا ، واتای خێرا دەگەیەنێت: ڕاکردنی توند.

مۆرفیمی بەراورد و باڵا وەردەگرن : توند ⟵ توندتر ⟵ توندترین

لەگەڵ کرداری بێهێزدا وەك تەواوکەر دەردەکەون :

(٤١) ئۆتۆمبیلەکە خێرایە.

(٤٢) یاریزانەکە لەسەرخۆ بو.

دەبنە دەرخەری فرێزی ناوی، واتە لە فراوانکردنی سەرەی فرێزی ناویدا بەشداری دەکەن: یاریزانی خێرا ، یاریزانی خێراتر ، خێراترین یاریزان،...تاد. لەگەڵ کرداری (بون) دا کرداری لێکدراو دروستدەکەن : خێرابون، توندبون ، تیژبون ،...تاد

دەبنە دژواتای یەکتر :

توند × لەسەرخۆ

خێرا × هێواش

لەگەڵ ناوێکدا دێن ،کە هەڵگری نیشانەی واتایی[+ بەرجەستە]بێت، دەکرێت بەم یاسایە نیشانی بدەین :

| |
|---|
| ناوی مرۆڤ، گیاندار ، دیاردە سروشتییەکان + ئاوەڵناوی خێرایی |

واتە لانی کەم ئەو ناوانە دەبێت هەڵگری ئەم نیشانانە بن :

±بینین

± گیاندار

+دیاردە

+ هەستی بەرکەوتن

+جوڵە

± مرۆڤ

وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێت: ئۆتۆمبیلی خێرا ، ڕەشەبای توند ، یاریزانی خاو،...تاد بەڵام وەکو زۆربەی ئاوەڵناوەکانی تر، ئەمانیش دەخوازرێن و لەگەڵ ناوی واتایشدا بەکاردەهێنرێن، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خواستنی ئەم ئاوەڵناوانە لەلایەن کۆمەڵەوە وەك: پەیوەندیی بەهێز، ڕەفتاری لەسەرخۆ، ...تاد.

زۆربەیان دەبنە هاوواتای یەکتر،چونکە چەمکی خێرایی لە زماندا بە چەند وشەیەك دەردەبڕدرێت.هەرچەندە بە پێی زمانەکان دەگۆڕێت، لە زمانی کوردیدا زیاتر هەر دو وشەی [خێرا ، توند]، گوزارشت لە بیری خێرایی دەکەن و وشەکانی تر دەبنە هاوواتایان ئەگەرچی هاوواتای تەواویش نەبن بەڵام واتای ئەم ئاوەڵناوانە لەیەکترەوە زۆر نزیکن : خێرا = تیژ = تیژڕەو =، پەلە = زو،...تاد لەسەرخۆ = هێدی = هێواش = خاو، ...تاد .

## ٢-١-٨ هەندێك پۆلی نابنجی ئاوەڵناو

### ٢-١-٨-١پۆلە ئاوەڵناوی کراو و کردو - Verbal Adjective:

ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە بە نابنجی و ناڕەسەن دادەنرێن، هەمویان لە کردارەوە هەڵدەگوێزرێن– Derivatio– واتە سەر بەو (٩) جۆرە بنەڕەتییە نین ، کە پێشتر جیامانکردونەتەوە، لە ڕێزمانی دێریندا بە کۆمەڵەی یەکەم دەوترا ناوی بکەر– اسم فاعل– و بە کۆمەڵەی دووەمیش دەوترا، ناوی بەرکار – اسم مفعول– بەو پێیەی پۆلی یەکەم هەڵگری سیفەتی بکەرین، بۆ نمونە : مردو، نوستو، هاتو، ڕۆشتو،... تاد، هەروەها پۆلی دووەمیان هەڵگری سیفەتی بەرکارین : سوتاو، نوسراو ، سکسوتاو، دەستبڕاو، گیراو،...تاد. (نوری عەلی ئەمین ) پێی وایە ، کە ئاوەڵناوی فرمانی : ((ئێسکێکی فرمانە و تام و بۆی ناو ئەدا.)) [نوری عەلی :٢٠١٤: ١٢٤ ] ، هەروەها (ڕەفیق شوانی ) لە بارەی ناوی بکەرییەوە دەڵێت : (( ناوی بکەر بەو وشانە دەوترێت، کە لە چاوگەوە وەردەگیرێن. واتای ڕوداوێك لە لایەن ئیشکەرەوە دەگەیەنن و توانا تایبەتییەکەیان سیفەتێکی بەردەوام و هەمیشەییان پێدەبەخشێت. )) [ڕەفیق شوانی : ٢٠٠٨ : ٧٤ ] ، هەروەها هەمان بۆچون بۆ پۆلی کراویش ڕاستە، واتە لە کردارەوە هەڵگوێزراون و سیفەتی بەرکاریان تێدایە، بەو شێوەیە دەردەکەون، وەك ئەوەی ڕودانی کرداریان کەوتبێتە سەر. لەبارەی تایبەتێتی ئەم دو پۆلە تاکە سیفەتێك کە تێیاندا هەبێت لە ئاوەڵناو بچن، ئەوەیە وەسفی لایەنێکی ناوە دەرخراوەکەمان بۆ دەکەن : دایکی سکسوتاو، نامەی هاتو ، پیاوی مردو، کەسی گیراو،...تاد، بەڵام هیچ سیفەتێکی تری ئاوەڵناویان تێدا نییە وەك :ناتوانن بەراورد لە نێوان دو شتدا بکەن، هەروەها ناتوانن هەڵکەوتنی شتێکمان بۆ دەربخەن لەنێو هاوپۆلەکانیاندا، کە دو ئەرکی سەرەکی ئاوەڵناون. بە واتایەکی تر هەر دو مۆرفیمی پلەی بەراورد / تر/ و مۆرفیمی پلەی باڵا / ترین/ وەرناگرن،مەگەر بەشێوەی میتافۆر بێت،ئەویش بۆ چەند بارێکی کەم دەخوازرێن. وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێت :

*مردو ⟵ مردوتر ⟵ مردوترین

*گیراو ⟵ گیراوتر ⟵ گیراوترین

ئەگەر لەگەڵ کرداری بێهێزدا بەکارمان هێنان دەبنەوە بە کردار و ڕێژەی کرداری هەواڵی تەواو وەردەگرن، واتە ناتوانن ببنە تەواوکەری کرداری بێهێز :

(٤٣) ئازاد لە دوێنێوە نوستوە.

(٤٤) نامەیەکمان بۆ هاتوە .

(٤٥) پیاوەکە لەشی هەموی سوتاوە .

(٤٦) دزەکە گیراوە.

لەگەڵ کرداری (بون) دا ناتوانن، کرداری لێکدراو دروستبکەن وەك :* هاتوبون ،* مردوبون،*خەوتوبون،*سکسوتاوبون،*جەرگبڕاوبون،*گیراوبون،...تاد

خاڵێکی زۆر گرنگی تر ئەوەیە،زۆربەیان نابنە دژواتای یەکتر، واتە دوانیان بەشێوەی دو وشەی جیاواز نادۆزینەوە دژواتابن چەند دانەیەکی کەمیان نەبێت. کاتێکیش دەیانکەین بە دژواتا لە ڕێگەی مۆرفیمی /نە/ ی نەرێکردنی کردارەوە واتاکانیان پێچەوانە دەبنەوە :

| | |
|---|---|
| مردو × نەمردو(زیندو) | سوتاو × نەسوتاو |
| نوستو × نەنوستو (بێدار) | بڕاو × نەبڕاو |
| کەوتو × نەکەوتو | گیراو × نەگیراو |

لە فەرهەنگدا هەریەك لە(هاتن ، گرتن، سوتان،...تاد) وەك کردار تۆمار دەکرێن. واتە لە فەرهەنگدا هەن و واتایان بەرامبەر دانراوە، بەڵام پۆلەئاوەڵناوی (کراو و کردو) لە فەرهەنگدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی (سادە) نابینرێن، چونکە هەمویان هەڵگوێزراون .

**٢-١-٨-٢ ئاوەڵناوی ڕێژەیی -نیسبی-** : ئەو ئاوەڵناوانەن، کە لە ڕێگەی پەیوەندی بە شتێکەوە سیفەتێك دەگەیەنن. واتە : (( ڕاستەوخۆ دەلالەتی شتێك ڕاناگەیەنێت . )) [ئەوڕەحمانی حاجی مارف : ٢٠١٤ : ١٢٥ ] ، هەمو ئاوەڵناوە نیسبییەکان ناسادەن، واتە لە ڕێگەی هەڵگواستنەوە دروستدەبن، ئەم ئاوەڵناوانە لە ناوێك و پاشگرێك دروستدەبن، بەم شێوەیە:

| |
|---|
| ناو + /ی ، ین ، انە ، ەکی ، ە/ = ئاوەڵناوی ڕێژەیی |

کوردی ، ئینگلیزی دێهاتی ، شاری[٦٩] ، خوێنین، ئاسنیین ، پیاوانە ، ژنانە ، کوردانە ،دەشتەکی ، خێڵەکی ، بەهارە ، زستانە ، هاوینە،...تاد. ئەم وشانە دەتوانن وەکو ئاوەڵناوە بنجییەکان ببنە دەرخەری ناوێك وەك : زمانی کوردی ، پیاوی شاری[٧٠]، مادەی ئاسنیین، جلی ژنانە، خێڵی دەشتەکی ، پۆشاکی زستانە،...تاد. هەروەها ناتوانن مۆرفیمی /تر/ و /ترین/ وەربگرن : * کوردیترین،* ئاسنینترین،...تاد[٧١]. ئاوەڵناوە ڕێژەییەکان دەبنە، تەواوکەری کرداری بێهێز بەم شێوەیە :

(٤٧) ئەو پیاوە دەشتەکییە.

(٤٨) ئەو جلە زستانەیە.

(٤٩) زمانی من کوردییە.

بەڵام ناتوانن، لەگەڵ کرداری (بون) دا وەك ئاوەڵناوە بنەڕەتییەکان کرداری لێکدراو دروستبکەن . :*ئاسنیین بون، * زستانەبون ، *کوردانە بون،...تاد هەروەها هەمویان دژواتا پێکناهێنن بۆ نمونە ئەم وشانە هیچ دژواتایەکیان نییە : ئاسنیین ، شاری ، بەهارە ، کوردانە،...تاد.
هەندێکیشیان دەبنە دژواتای یەکتر :

ژنانە × پیاوانە

زستانە × هاوینە

لادێیی × شاری . ئەگەر دژواتای یەکتر نەبن ، لە چوارچێوەیەکی زمانیدا بە ئاسانی دەتوانن بەیەکەوە بێن وەك لەم ڕستانەدا دەردەکەوێت :

---

[٦٩] ئەو ئاوەڵناوە ڕێژەییانەی، کە لە ڕێگەی پاشگری /ی/ ڕێژەییەوە داڕێژراون ، واتای ئەسڵ و بنج و بناوان دەگەیەنن. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : ك.ك.کوردۆیف : ١٩٨٦: ١٠٨

[٧٠] پێویستە جیاوازی لە نێوان مۆرفیمی /ی/ ی واتایی و /ی/ ی ڕێژەیی دا بکرێت، یەکەمیان ناوی واتایی دروستدەکات و دوەمیان ئاوەڵناوی ڕێژەیی.

[٧١] لە زۆر زماندا ئاوەڵناوی ڕێژەیی پلەی بەراورد و باڵا وەرناگرێت لەم بارەیەوە بڕوانە : ئەوڕەحمانی حاجی مارف : ٢٠١٤: ١٢٨.

(٥٠) قاتێکی کوردیی پیاوانەم کڕی.

(٥١) پۆشاکی پیاوانەی زستانە بازاڕی گەرمە .

(٥٢) * پیاوێکی شاریی لادێییم بینی .

ئەم ئاوەڵناوانە له فەرهەنگدا بە بێ پاشگرەکانیان وەك ناو تۆمارکراون، ئاوەڵناوی ڕێژەیی وەك لێکسیمێکی سادە نابینرێت، چونکە هەمویان نسادەن. کەواتە ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە لە ڕێگەی ناوەوە هەڵدەگوێزرێن، بۆیە ڕاستەوخۆ ناتوانن سیفەت و چۆنێتی شتێك دەربخەن. هەر ئەم هۆکارەش وای کرد بەیەکێك لەو (١٠) بیرە بنەڕەتییەی دانەنرێت، کە زمانی کوردی لە ڕێگەی ئاوەڵناوەوە دەریاندەبڕێت.

**٢-١-٩ بەکارهێنانی ئاوەڵناویی هەندێك ناو** : هەندێك ناو لە زمانی کوردیدا بەکارهێنانێکی پەسنکەرانەیان هەیە، هەرچەندە لە فەرهەنگی زمانەکەدا وەك ناو تۆمار دەکرێن. تاکە سیفەتێکی ئاوەڵناو کە لەم وشانەدا هەبێت، ئەویش پیشاندانی چۆنێتییەچونکە ((پیشاندانی چۆنییەتی ئەرکێکی ئاوەڵناوە )) [Cristal:2004:199] هەریەك لەم وشانە دەتوانن چۆنییەتی دەربڕن:

- دەنگی ئاژەڵ : جیکە ، گمە ، حیلە ، زیکە ، جیڕە،...تاد
- دەنگی مرۆڤ : ورتە ، چپە، بۆڵە ، خشە،...تاد
- ئەندازە : چوارگۆشە ، سێگۆشە ، لاکێشە ، بازنە،...تاد
- تایبەتی گیانلەبەر : خشۆك ، ئاوی ، گۆشتخۆر ، شیردەر،...تاد
- ناوی ئاژەڵ : کەر ، شێر ، حوشتر ، مار ، مانگا ، بەراز،...تاد

ئەگەر هەریەك لەم وشانە وەك ئاوەڵناو تاقیبکەینەوە، دەبینین تەنها یەك تایبەتیی ئاوەڵناویان تێدایە، کە ئەویش بریتییە لە دانی زانیاریی زیاتر لە بارەی ناوێکەوە، چونکە ((ئاوەڵناو وشەیەکە بەتایبەتی لەگەڵ ناودا بەکاردێت، بۆ پێدانی زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەو شتەی کە بۆی دەگەڕێتەوە.)) [Gorge Yule: 1979:118] بۆ نمونە ئەم پۆلەوشانە لەم

نمونانەی خوارەوە لایەنێکی ناومان بۆ دەردەخەن:

ئەندازە : خانوی چوارگۆشە، پاکەتی لاکێشە، ڕاستەی سێگۆشە،...تاد

دەنگی گیانلەبەر : حیلەی ئەسپ ، جیکەی باڵندە ، زەڕەی کەر،...تاد

دەنگی مرۆڤ : ورتەی مرۆڤ ، بۆڵەی پیرەژن، ...تاد

تایبەتی گیانلەبەر: گیانلەبەرەخشۆکەکان ، ئاوییەکان ، شیردەرەکان ،...تاد

ناوی ئاژەڵ : پیاوی کەر ، منداڵی سەگ ، کوڕی بەراز،...تاد

بەم جۆرە ناوانە دەوترێت، ناوی نیشانەکراو – Marked Nouns – واتە (( وشەیەك کە سەربە پۆلەڕەگەزی ناوە دەشێت، ئەدگاری ئاوەڵناویی هەبێت و لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویدا ئەو ئەدگارەی دەربکەوێت.)) [محەمەد مەحوی : ٢٠١٤ :١١٠]

هیچ جۆرێکیان مۆرفیمی بەراورد و باڵا وەرناگرن: *چوارگۆشەتر /ترین/ ، *ورتەتر *، * شیردەرتر، * زەڕەتر،...تاد . ئەمە لە کاتێکدا (( بۆ جیاکردنەوەی ناو لە ئاوەڵناو دەتوانین پشت بەپاشگری بەراوردکرن /تر/،/ترن/ ببەستین)) [محەمەد مەعروف : ٢٠١٠: ٣٠١ ] (( زۆرینەی ئاوەڵناو دژواتای هەیە و دژواتاکانیش زۆربەی خەسڵەتەکانیان لە یەکەوە نزیکە و لەوانەیە یەك دو خەسڵەت لە یەکیان بترازێنێ و پێچەوانەی یەکتر بوەستن . )) [هیدایەت عەبدوڵا: ٢٠٠٢: ٩٦]، بەڵام ئەم وشانە لە نێو خۆیاندا هەرگیز نابنە دژواتای یەکتر. لەگەڵ کرداری (بون) دا کرداری لێکدراو دروست ناکەن، لە کاتێکدا (( ئاوەڵناوی چۆنێتی زۆر چالاکە لەم بوارەدا و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت بە تایبەتی لەگەڵ کرداری (بون) (کرد)دا)) [یوسف شەریف : ٢٠١٣ :٤٠ ]

* زەڕەبون ، * سێگۆشەبون ، * خشۆکبون ، * ورتەبون،...تاد

هەروەها ناتوانن ببنە تەواوکەری کرداری بێهێز لە هەمو دەمێکدا :

(٥٣)* ئەوە دەنگی ورتەیە

(٥٤) مار گیانلەبەرێکی خشۆکە.

(٥٥) * مار گیانلەبەرێکی خشۆکبوو

(٥٦)* مار گیانلەبەرێکی خشۆك دەبێت

(٥٧) ئەو یاریگایە لاکێشەیە.

لە نمونەکانی سەرەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە، کە ئەو وشانە تەنها دەتوانن ببنە تەواوکەری کرداری بێهێز لەگەڵ کرداری بێهێز بۆ دەمی ئێستا، بەڵام بۆ دەمەکانی تر دەبێت ببنە دیارخەری ناوێك و پاشان ببنە تەواوکەری کرداری بێهێز، واتە لە چوارچێوەی فرێزە ناوییەکەدا دەبنە تەواوکەری کرداری بێهێز.لە ڕوی نیشانەی واتایی و ڕێککەوتنیان لەگەڵ ناودا وەك ئاوەڵناوەکان ڕەفتار ناکەن، بۆ نمونە ناوی دەنگی گیانلەبەر تەنها لەگەڵ ناوێکدا دێن و ناتوانن لەگەڵ ناوی تردا بێن، هەرچەندە نەبونەتە لێکسیم و لە فەرهەنگدا وەك پێکهاتەیەکی واتادار تۆمارنەکراون، بەڵام هەرگیز لەگەڵ ناوی تردا نایەن و وەك کۆمەڵە وشە– Collocation – دەردەکەون وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێت :

حیلەی ئەسپ ، گمەی کۆتر، باعەی مەڕ، زەڕەی کەر،...تاد.

هەرگیز ئەو وشانەی دەنگ دەردەبڕن ناکرێت، لەگەڵ ناوێکی تردا بێن،واتە پەیوەندییەکی وتایی ناچارییان لەگەڵ یەکتردا هەیە، بەپێچەوانەوە پێکهاتەکە واتادار نابێت وەك :

* زەڕەی چۆلەکە ، * باعەی بەراز ... تاد.

لە فەرهەنگدا ئەم وشانە کەرەستەیەکی لێڵن، بۆ نمونە ناوی دەنگی گیانلەبەران بە ئاسانی دەبنە کردار : دەحیلێنیٚ ، دەجیکێنیٚ، دەزەڕێنیٚ،...تاد، بەڵام لە فەرهەنگدا وەك ناو تۆمار دەکرێن، بۆیە ئەم وشانە تەنها یەك سیفەتی ئاوەڵناویان تێدایە، کە ئەویش دەرخستنی (دەنگ، شێوە ،تایبەتی،...تاد ) یە، بەڵام هیچ تایبەتییەکی تری ئاوەڵناویان تێدا نییە وەك لە تایبەتیی جۆرەکانی ئاوەڵناودا خستمانە ڕو.

## ٢-٢ئاوەڵناو و دیاردەی پێکداچونی پۆلە وشەکان

### ٢-٢-١ دیاردەی پێکداچونی پۆلەوشەکان - Overlap:

دیاردەی پێکداچون و تێکەڵبونی وشەکان بریتییە لەوەی، وشەیەك لەیەککاتدا بتوانێت سەر بە دو یان زیاتر لە پۆلەفەرهەنگیی و سینتاکسییەکان بێت. ئەم دیاردەیە بە ڕای زمانەوانەکان دیاردەیەکی گشتییە – Universal– و لە هەمو یان زۆربەی زمانەکانی جیهاندا دەبینرێت[٧٢].بۆ نمونە لە زمانی عەرەبیدا، هەریەك لە وشەکانی (قائل، سامع، **مذیع**،...تاد) لە هەمانکاتدا (ناو و کردار ) ن، یان ناوەکانی وەك (احمد، **یثرب** ، یزید،...تاد) ڕێژەی ڕۆنانەکەیان لەسەر ڕێژەی(کردار)ە.[٧٣] لە زمانی ئینگلیزیدا کردارەکانی وەك ( Open, Fast...etc)[٧٤] لەم دو ڕستەیەدا وەك ( ئاوەڵناو ) ڕەفتاردەکەن:

(58)-He left the door <u>open</u>. (Adjective)

(59)-he made the machine <u>fast.</u> (Adjective)

هەربۆیە (( گوێزانەوە و گۆڕانی وشە لە بەشێکی ئاخاوتنەوە بۆ بەشێکی دیکەی ئاخاوتن، دیاردەیەکی هەمیشەییە لە زماندا . لەبەرئەوە دابەشکردنی وشە بەسەر بەشەکانی ئاخاوتندا کارێکی گرانە.)) [ئەوڕەحمانی حاجی مارف : ٢٠١٤ : ٦٩ ]

بە پێی سروشتی زمانی کوردی لە ئێستادا دیاردەی پێکداچون دەبینرێت و ئاوەڵناویش لەم بوارەدا بەشدارییەکی چالاك دەکات، ئاوەڵناو دەبێت بە ناو، هەروەها دەبێت بە ئاوەڵکردار ، هەندێك جاریش دەبێت بە کردار، بەڵام پۆلگۆڕینی ئاوەڵناو بۆ هەمو پۆلەفەرهەنگییەکانی تر وەکو یەك نییە، بەڵکو لەگەڵ هەندێکیاندا زیاتر پێکدادەچن. مەرج نییە، دیاردەی پێکداچون تەنها لە نێوان دو کۆمەڵەی سەر بە هەمان پۆل ڕوبدات. وەك (ناو و ئاوەڵناو) ،بەڵکو دەکرێت لە نێوان پۆلەسینتاکسی و فەرهەنگییەکانیشدا ڕوبدات، بۆ نمونە پرییۆزەیشن دەبێت بە

---

[٧٢] بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە : pernilla Hallonsten : 2009: p :

[٧٣] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : ابراهیم انیس : ؟ : ١٩٣– ١٩٥

[٧٤] بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە : ١– NIDHAM SHEET: 2005: 6

٢-FATIMA Hassan: 2009: 8٢

پێشگری مۆرفۆلۆژی، یان فرێزی پێشناوی دەبێت بە پرییۆزەیشن، بیگومان ئەم دیاردەی پێکداچونە تەمومژی فەرهەنگی دروستدەکات. بۆیە (( لەم جۆرە تەمومژییە دا زیاتر جەخت لەسەر بەشەکانی ئاخاوتن دەکرێتەوە. وشە هەیە، دەکرێت لە ڕستەیەکدا (ناو) بێت ، لە ڕستەیەکی تردا (ئاوەڵکردار) بێت ، لە ڕستەیەکی تردا (ئاوەڵناو ) بێت.)) [همزە حسين: ٢٠١١: ٤٥] ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر وشەیەك لە کێڵگەواتاییەکەیدا سەر بە پۆلێکی دیاریکراوە، بەڵام لەبەر پێویستی، وشەکان لە کێڵگەی خۆیانەوە دەپەڕنەوە بۆ کێڵگەیەکی تر. واتە بە بۆچونی ئێمە هەریەك لە ئاوەڵکردارە چۆنێتییەکانی وەك (جوان، پەلە، خێرا، ...تاد) لە فەرهەنگدا ئاوەڵناون، بەڵام لە ڕستەدا وەسفی کردار دەکەن و دەبنە ئاوەڵکردار، یان وشەکانی وەك (زانا ، دانا ،زیرەك،...تاد) لە بنەڕەتدا ئاوەڵناون، بەڵام کۆمەڵ بەکاریهێناون بۆ ناوی تایبەتی، بۆیە لە ئێستادا وەك ناوی تایبەتیش دەردەکەون. هەروەها کردارێکی وەك (ئەژی) وەك ناوی تایبەتی بەکاردەهێنرێت، بەڵام وەك دەزانین ئەم وشەیە لە کێڵگەی واتایی خۆیدا سەر بە پۆلە فەرهەنگی کردارە. وەك پێشتریش خستمانەڕو، ئەم دیاردەیە تەنها تایبەت نییە بە زمانێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو لە زۆربەی زمانەکاندا دەبینرێت، بەڵام هەر زمانەو بە پێی تایبەتێتی خۆی دیاردەی پۆلگۆڕینەکە ئەنجامدەدات. بۆ نمونە وشەکانی وەك (سەر ، بن، پێش ،لا، بەر،...تاد) لە بنەڕەتدا ناون و بۆ ئەو شوێنانە دەگەڕێنەوە، کە لە واتاکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لە ڕستەدا ئەگەر شوێنی ڕودانی کردارەکە ڕونبکەنەوە، دەبنە ئاوەڵکردار. هەروەها هەندێك جار دەبنە پێشگریش وەك لەم وشانەدا دەبینرێت : بەرماڵان،بەرچاو، بەرگوێ،[٧٥] ...تاد لە ڕوی تایپۆلۆژییەوە ((زمانی کوردی تایبەتمەندی زمانی نوسا و و تێکچڕژاو هەڵدەگرێت.)) [محەمەد مەعروف فەتاح & صباح ڕەشید : ٢٠٠٦: ٩٠] . هەر بۆیە وشەی سادە لە زمانی کوردیدا بە بەراورد بە وشە داڕێژراو و لێکدراوەکان زۆر کەمترە. بۆ نمونە دەوترێت : زمانی کوردی نزیکەی (٦٠٠٠) کرداری سادەی تێدایە ، بەڵام بە هۆی مۆرفیمە داڕێژەرەکانەوە ئەم ژمارەیە بەرزدەبێتەوە بۆ نزیکەی (٦٠٠٠٠–٧٠٠٠٠) کردار[٧٦] .ئەم ڕاستییە وامان لێدەکات بڵێیین، کە وشەکانی زمان لە ڕوی داڕشتنەوە پەیوەندییەکی بە هێزیان بە یەکەوە هەیە. واتە (ئاوەڵناو) لە (ناو ،

[٧٥] بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی پۆلگۆڕینی وشەکان بڕوانە : ئەورەحمانی حاجی مارف : ١٩٧٧ : ٨– ٩.

[٧٦] د.فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠/ ١٢/: ٢٠١٥ چاوپێکەوتن.

کردار،...تاد) دروست دەبێت، هەروەها بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش بڕوانە ئەم نمونانەی خوارەوە:

ناو = ناو +ئاوەڵناو /ڕەگ/ (دڵگەش، برازا، دارتاش،... تاد)

ئاوەڵناو = ژمارە + ناو ( دوودڵ، چوارچاو،... تاد)

کردار = ئاوەڵناو + +چاوگ ( سەوزبون، شینبون،... تاد)

(دیکسۆن) پێی وایە، کە دیاردەی پێکداچونی هەر سێ پۆلی فەرهەنگی(ناو ،ئاوەڵناو ،کردار) بە پێی زمانەکان دەگۆڕێت. زمانی کوردی لەم ڕووەوە لە زمانی ئینگلیزییەوە نزیکە، بەو پێیەی کە پێکداچونی (ئاوەڵناو) لەگەڵ (ناو) دا فراوانترە، بە بەراورد بە پێکداچونی (ئاوەڵناو) لەگەڵ (کردار) دا بەو پێیەی، کە هاوڕێیەتی ئاوەڵناو و ناو فراوانترە بە بەراورد بە هاوڕێیەتی ئاوەڵناو لەگەڵ پۆلەفەرهەنگییەکانی تر. دەتوانین ئەم پەیوەندییە لە هێڵکاریی ژمارە (١٦) ەدا دا ڕونبکەینەوە[٧٧]:




( ١٦ )

[٧٧] هێڵکارییەکەم بە دەستکارییەوە لەم سەرچاوەیەوە وەرگرتوە : R.MW.Dixon: 2004:39

## ٢-٢-٢ ئاوەڵناو و ناو:

خواستنی ئاوەڵناو بۆ ناوی تایبەتی  لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی فراوان دەبینرێت، ئەم دیاردەیەش ڕاستی دیاردەی پێکداچونی ئەم دو پۆلە فەرهەنگییەمان  بۆ ڕوندەکاتەوە،  بۆ نمونە: دانا، زانا ،زیرەك ، دڵسۆز، ڕوخۆش ، ئازاد،...تاد

لە یەککاتدا (ئاوەڵناو و ناو) ن، بۆیە  بۆ ڕەوینەوەی ئەم لێڵییە دەبێت، وشەکان لە ڕستەدا بەکاربهێنرێت، ئەوکات ڕوندەبێتەوە، کە وەکو ناو، یان ئاوەڵناو  بەکاهێنراوە  بۆ نمونە :

(٦٠) دانا هات.  (ناو)

(٦١) هیوا کوڕێکی دانابوو.(ئاوەڵناو)

(٦٢) مرۆڤی دانا سود بە دەوروبەرەکەی دەگەیەنێت. (ئاوەڵناو)

ئەو وشانە لە فەرهەنگدا بە ئاوەڵناو دادەنرێن، بەڵام کۆمەڵ بۆ ناوی تایبەتی بەکاریان دەهێنێت بۆیە لە هەمانکاتدا بونەتە ناوی تایبەتیش.

لایەنێکی تری پێکداچونی ئاوەڵناو و ناو ، بریتییە لە بابەتی ( میتافۆر) ، زۆرجار ناو وەکو ئاوەڵناو بەکاردێت، واتە هەندێك ناو دەخوازرێن و وەکو ئاوەڵناو بەکاردەهێنرێن. بۆ نمونە هەریەك لە وشەکانی(  پیاو، کوڕ، کچ، مرۆڤ،... تاد ) دەکرێت وەك ناو و ئاوەڵناویش دەربکەون، وەك لەم دو ڕستەیەی خوارەوە وشەی  (پیاو)  لە هەمانکاتدا (ئاوەڵناو و ناو) یشە:

(٦٣) پیاو کاری وا ناکات.

(٦٤) تۆ زۆر پیاویت. [٧٨]

لەگەڵ ئەوەی وشەکان پێکدادەچن، بەڵام لە کێڵگەی واتایی خۆیاندا سەر بە پۆلێکی دیاریکراون،  قسەکەری هەر زمانێك بە ئاسانی دەتوانێت وشەکان بناسێتەوە .

---

[٧٨] بۆ زانیاریی زیاتر  لەم بارەیەوە بڕوانە:  ئەوڕەحمانی حاجی مارف : ٢٠١٤: ٢١٦

### ٢-٢-٣ ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار:

پەیوەندی ( ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار ) لەوەدا دەردەکەوێت، کە کاتێك ئاوەڵناوەکان لە ڕستەدا پەسنی کردار دەکەن، دەبنە ئاوەڵکردار. لەم کاتەشدا وشەکان لە هەمان باری (ڕەگ) دا دەبنە ئاوەڵناو لە ئاستی فەرهەنگدا، بۆ نمونە: (باش ،خێرا،جوان،خراپ، ...تاد) لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ئاوەڵناون ،بەڵام لەم ڕستانەدا دەبنە ئاوەڵکردار:

(٦٥) ئازاد باش یاریدەکات.

(٦٦) ئۆتۆمبیلەکە خێرا دەڕۆشت.

(٦٧) من جوان دەنوسم.

هەروەها ئەو ئاوەڵناوانەی ،کە لەڕێزمانی دێریندا پێیان دەوترا (ئاوەڵناوی چۆنییەتی) دەبنە ئاوەڵکردار، ئەویش بە زیادکردنی مۆرفیمی / بە / ی ڕێزمانی و مۆرفیمی / ی / وشەدارێژی واتایی – Abstract – ،کە لە ڕستەدا فرێزی ئاوەڵکرداری دروستدەکەن. بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ئاوەڵناو | فرێزی ئاوەڵکرداری |
|---|---|
| خێرا | بە خێرایی |
| جوان | بە جوانی |
| توند | بە توندی |
| پاك | بە پاکی |

جۆری ئەو ئاوەڵکردارانەش کە بەم شێوەیە دروستدەبن، ئاوەڵکرداری چۆنییەتین، واتە چۆنییەتی ڕودانی کردار ڕووندەکەنەوە.

## ٢-٢-٤ ئاوەڵناو و کردار :

کردار و ئاوەڵناو وەك دو پۆلی سەربەخۆی فەرهەنگی، پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە. لە کۆندا (( ئاوەڵناو لە لایەن (ئەرستۆ ) و (پرتۆ) ەوە  بە بەشێك لە کردار دانراوە، پێیان وابووە، کە ئاوەڵناو  و  کردار سەر بە پۆلێکی فەرهەنگین، کە پێی دەوترێت (پۆلی کردار). )) [ Nidham sheet :2005 : 81 ]. بەلاَم زمانەوانەکان لە ئێستادا وەك دو پۆلی فەرهەنگی جیا دایاندەنێن، (جۆن لیۆنز) پێی وایە کە: ((ئاوەڵناو و کردار دو پۆلی فەرهەنگی جیان ، چونکە ئاوەڵناوەکان دەکەونە ناو بەشەکردارەوە، هەروەها مۆرفیمەکانی کردار و وەرناگرن. جگە لەوەش (کات ، ئەسپێکت ، دەمکات) یان تێدانییە. )) [ Lyons  :1968 : 324 ]

لە زمانی کوردیدا هەندێك وشە هەن، لە یەککاتدا (ئاوەڵناو و کردار ) ن، ئەگەر ببنە دیارخەری (ناو) ێك، ئەوا دەبنە ئاوەڵناو، بەلاَم ئەگەر ئەرکی دیارخەریان نەبینی، ئەوا  جێکەوتەی کردار پڕدەکەنەوە و دەبنە کردار  بەم شێوەیە:

(٦٨) خۆری درەوشاوە هەڵهات.          (ئاوەڵناو)

(٦٩) خۆر دەدرەوشێتەوە.          (کردار)

(٧٠) فرمێسکی بریسکاوەی چاوەکانیم بینی.   (ئاوەڵناو)

(٧١) فرمێسکی چاوەکانی دەبریسکایەوە.     (کردار)

(٧٢) گوڵێکی گەشاوەم بە دیاری وەرگرت.     (ئاوەڵناو)

(٧٣) گوڵی باخەکەمان گەشایەوە.(دەگەشێتەوە)    (کردار)

ئەمە و چەندین وشەی تر هەن لە زمانی کوردیدا، کە دەتوانن بەر هەر دو  پۆلەفەرهەنگی (ئاوەڵناو و کردار)  بکەون،  جیاکردنەوەشیان تەنها لە ڕستەدا دەبێت، بە سەرنج دان لە ئێستای زمانی کوردی  دەبینین، پێکداچونی (ئاوەڵناو) لەگەڵ (ناو) دا فراوانترە بە بەراورد بە پێکداچونی  (ئاوەڵناو و کردار).

## ٢-٣-١ ئاوەڵناو و چەمکی ئۆنریفکس - Honorifics :

ئەو وشە و فرێز و پارچە(ڕستیلە) – Clause – و ڕستانەی، کە چەمکی ڕێز لە زماندا دەردەبڕن، نزیکایەتییان لەگەڵ ئاوەڵناو دا هەیە. بەو پێیەی ئاوەڵناو وشەیەکە پەسنی شتێك دەکات، ئونریفکس یان ڕێزگرتن لە هەمو زمانێکدا دەربڕینی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم نزیکایەتییەی نێوان چەمکی ئاوەڵناو و ئۆنریفکس وای لە هەندێك زمانەوان کردووە، کە ئەم دو بابەتە تێکەڵ بەیەك بکەن . (د.بائیز) سێ جۆر ئاوەڵناو دەستنیشاندەکات، کە ئەوانیش بریتیین لە:١-ئاوەڵناوی ڕێزگرتن ٢-ئاوەڵناوی پیشە ٣-ئاوەڵناوی لەقەب.[٧٩] ،هەریەك لە وشەکانی (خاتون ،کاك ،هێژا، بەڕێز، تەنەکچی ،دوکاندار، مامۆستا، ئەندازیار،...تاد) بە ئاوەڵناو دادەنێت، بەڵام هیچ یەکێك لەو وشانە ئاوەڵناو نیین، بەڵکو (ناو ، نازناو ، بریناو) ن، و چەمکی ئۆنریفکس لە زماندا دەردەبڕن. لەم ڕوەشەوە دەکرێت لە چوارچێوەی (زانستی زمانی کۆمەڵایەتی) دا لێکۆڵینەوە لە سەر چەمکی ڕێزگرتن[٨٠] لە زمانی کوردیدا بکرێت، بە پێچەوانەوە (ئاوەڵناو) پۆلێکی فەرهەنگییە، دەکرێت لە چوارچێوەی ئاستەکانی زمانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، واتە وەك بابەتی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە ناوەوەی زمان،بەڵام لێکۆڵینەوە لەسەر ڕێزگرتن لە زماندا ((وەك سۆسیۆپراگماتیك شرۆڤە دەکرێت.))،[سەلام ناوخۆش :٢٠١٠: ٨٠]ئەو وشانەی کە بە (ئاوەڵناوی پیشە) ناو دەبرێن، هیچ تایبەتمەندییەکی ئاوەڵناویان تێدانییە، بەڵکو بەو وشانە دەوترێت، ناوی پیشە. هەروەها ئەوانەشی (ئاوەڵناوی لەقەب)یان پێدەوترێت، دیسانەوە ئاوەڵناو نین، بەڵکو ئەوانە پێیان دەوترێت (نازناو – Nick Name) ، نازناویش (( ناوێکی نافەرمییە، کە ئاسایی لە جیاتی ناوی ڕاستەقینەی خۆی لە لایەن هاوڕێ و خێزانەوە بەکاردێت. )) [ئارام عەبدولواحید :٢٠١٣: ٢٣٩].

---

[٧٩] بۆ زانیاریی بروانە : د.بائیز. گۆڤاری پەیڤ ؟ :ل٤٢-٤٤

[٨٠] بۆ زانیاریی لە بارەی چەمکی ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا ، بروانە : عەبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠٠٩: ١٢١-١٣٢

## ٢-٣-٢ ئاوەڵناو و چەمکی ئاوەڵناوئاسا Morphological Adjective

لەم ساڵانەی دواییدا، ئەم چەمکە هاتە نێو زمانەوانی کوردییەوە، مەبەست لە چەمکی ئاوەڵناو ئاسا بە پێی بۆچونی زمانەوانەکان دەگۆڕێت، هەندێکیان پێیانوایە،کە ئاوەڵناوە داڕێژراو و لێکدراوەکان هەمویان (ئاوەڵناو ئاسا)ن[٨١] ، تەنها ئاوەڵناوە سادەکان ئاوەڵناوی بنەڕەتین. بەڵام هەندێکی تریان سنوری ئاوەڵناوئاسا بە فراوانتر دەزانن و هەر وشەیەك لە چوارچێوەی فرێزی ناویدا ئەرکی دیارخەری بینی، ئەوا بە(ئاوەڵناو ئاسا) ی دادەنێن[٨٢]. مەبەست لە ((ئاوڵناو ئاسا ئەو کەرەستەو وشانەن، کە لە جێی ئاوەڵناو دێن، یان ئەو کەرەستانەن، کە لە ڕستە دا ئەرکی ئاوەڵناو دەبینن.)) [ڤیان ئیبراهیم :٢٠٠٨ :٣٧]، بە بۆچونی ئێمە ئەم زاراوەیە پەسەند نییە، چونکە ناکرێت لە زماندا دو کەرەستە یەك ئەرکیان بینی، ئیتر بە دو کەرەستەی هاوپۆل یان نزیك لە یەك ئەژماربکرێن. بە بۆچونی ئێمە زاراوەی (ئاوەڵناوئاسا) دوبارەکردنەوەی هەمان هەڵەی دێرینەکانە، کە هەوڵیان دەدا، لە سەر بنەمای ئەرك وشەکان پۆلێن بکەن. ئەگەر بە پێی ئەم بۆچونە بێت، هەمو ئەو کەرەستانەی ڕۆڵی دیارخەر دەبینن دەبنە (ئاوەڵناو ئاسا) . ئەو زمانەوانانەی ئەم زاراوەیە بەکاردێنن بۆ نەهێشتنی تێکەڵبونی بەشەکانی ئاخاوتنە، بۆ ئەم مەبەستەش ((جارێك لە وشەکە دەدوێن وەك (لێکسیم)، جاری دووەم لە فۆرمێکی جیاوازی وشەکە (شێوەکانی وشە) ، واتە ئەگەر وشە لە شێوە جیاوازەکانی جیابکەینەوە ئیتر توشی ئەم تەنگ و چەڵەمە و تێکچڕژانە نابین لە دابەشکردن و جیاکردنەوەی بەشەکانی ئاخاوتن. هەر لێکسیمێك دەچێتە بەشێکی دیاریکراوەوە و بواری تێکەڵبون نامێنێت.)) [محەمەد مەعروف :٢٠١٠: ٣٠٤] بەپێی ئەم بۆچونە بێت ، هەمو ئاوەڵناوە سادەکان بە ئاوەڵناو دابنرێن و داڕێژراو و لێکدراوەکانیش بە ئاوەڵناوئاسا دابنرێن، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگرین، کە دیاردەی پێکداچونی بەشەکانی ئاخاوتن بەم ڕێگەیە چارەسەرناکرێت،

---

[٨١] محەمەد مەعروف فەتاح لەگەڵ ئەو بۆچونەدایە، کە ئاوەڵناوە داڕێژراو و لێکدراوەکان( ئاوەڵناو ئاسا) ن ، تەنها وشەسادەکان بە ئاوەڵناو دادەنێت. بڕوانە: محەمەدمەعروف فەتاح : ٢٠١٠: ٣٠٧

[٨٢] ڤیان ئیبراهیم ، هەمو ئەو کەرەستانەی لە شوێنی ئاوەڵناو بەکاردێن ، بە ئاوەڵناوئاسا دادەنێت. بڕوانە:
ڤیان ئیبراهیم: ٢٠٠٨ : ٣٧

چونکە لە وشە سادەکانیشدا پێکداچون ڕودەدات، وەك خواستنی ئاوەڵناوەکان بۆ ناوی تایبەتی. بۆیە هیچ یاسایەکی زمانی ناتوانێت بەر بە تێکچڕژانی وشەکان بگرێت، چونکە لەلایەن کۆمەڵەوە ئەم کارە ئەنجامدەدرێت و وشەکانیش هەڵگری ئەم تایبەتمەندییەن.

بە پێی بۆچونی ( ئاوەڵناوئاسا) لە زمانی کوردیدا هەریەك لەم وشانە بە ئاوەڵناوئاسا دادەنرێن:

١–ناو : کوڕی سیروان ، داری ترێ،...تاد

٢–بریناو : مامۆستا ئازاد، مەلا ئەحمەد،...تاد

٣–ژمارە: دوو کوڕ ، سێ لەسەرچواری کتێبەکان،...تاد

٤–ئامرازی نادیار : کوڕێکی تر، کتێبێکی دیکە،...تا

٥–ئامرازی نیشانە: ئەم کوڕە، ئەو کوڕانە،...تاد.

ئەگەر بە پێی ئەم بۆچونە بێت، دەبێت (جێناو) بە( ناوئاسا) ناوببەین، چونکە (جێناو) زۆربەی ئەرکەکانی ناو دەبینێت. بۆیە بەڕای ئێمە پێویستە ئەو کەرەستە زمانییانەی لە پێش یان پاش سەرەی فرێزی ناوی دێن، بە ناوی خۆیانەوە ناوبنرێن. وەك ( ژمارە ، نازناو، بریناو، ئامرازی نیشانە، ئامرازی نادیار،...تاد) ، بە پێچەوانەوە زاراوەی (ئاوەڵناوئاسا) زاراوەیەکی پەسەند نییە، چونکە ئەو وشانەی بە ئاوەڵناوئاسا دانراون، ئەگەر یەك ئەدگاری ئاوەڵناویان تێدابێت، کە ئەویش ئەدگاری (دیارخەری) یە، ئەوا چەند ئەدگارێکی تری ئاوەڵناویان تێدا نییە وەك :

١– مۆرفیمی / تر/ و / ترین/ وەرناگرن.

٢– – لە ڕوی سیمانتیکەوە نیشانە واتاییەکانی ئاوەڵناویان تێدا نییە .

٣– لە ڕوی سینتاکسیشەوە هەمو ئەرکەکانی ئاوەڵناو نابینن، وەك ئەرکی ، تەواوکەری کرداری بێهێز. بۆیە دەبێت ئەم وشانە بەپێی تایبەتییەکانی خۆیان ناویان بۆ دابنرێت و جیا بکرێنەوە،چونکە ئەم وشانە تایەتی و ئەدگارێ ئاوەڵناویان تێدا نییە.

## ٢-٣-٣ ئایا ئاوەڵناو پۆلەفەرهەنگییەکی سەربەخۆیە؟

زمانەوانەکان بۆچونی جیایان هەیە لەبارەی ئەوەی، کە ئایا ئاوەڵناو پۆلەفەرهەنگییەکی سەربەخۆیە؟ ، یان بەشێکە لە پۆلەفەرهەنگی ناو؟ لە ڕێزمانی دێرینی عەرەبیدا[٨٣] ئاوەڵناو بەشێك بووە لە ناو، چونکە زمانەوانە عەرەبەکان پێیان وابووە ئاوەڵناو هەمو مۆرفیمەکانی ناو وەردەگرێت. بۆیە بەشێکە لە ناو، لە زمانی ئینگلیزیدا هەمیشە ئاوەڵناو بە پۆلێکی سەربەخۆ دانراوە، لە دواین ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئاوەڵناو کراون، بە پۆلێکی سەربەخۆ دانراون. (دیکسۆن) دان بە هەر سیٚ پۆلی (ناو ،ئاوەڵناو ، کردار) دا دەنێت وەك سیٚ پۆلی فەرهەنگی[٨٤].لە زمانی کوردیدا دو بۆچونی جیاوازمان هەیە، بۆچونێکیان پێی وایە، ئاوەڵناو بەشێکە لە ناو، بۆچونێکی تر پێی وایە، ئاوەڵناو پۆلێکی سەربەخۆیە.[٨٥]

---

[٨٣] بڕوانە:محمد محی الدین : ٢٠٠٨ : ١٦٧

[٨٤] بڕوانە :٢٠٠٤ : R.M.W. Dixon

[٨٥] ئەڕەحمانی حاجی مارف پێی وایە ئاوەڵناو بەشەئاخاوتنێکی سەربەخۆیە ، لەم ڕوەشەوە پێی وایە ، ئاوەڵناو ئەگەرچی لەڕوی ژمارەوە لە ناو کەمترە لە زمانی کوردیدا ، بەلاّم لە ناویش جودا دەبێتەوە ، چونکە ئاوەڵناو خاوەنی پلەیە، هەروەها هەندێك مۆرفیمی وشەداڕێژ ئاوەڵناو سازدەکەن ، کەچی ناو ساز ناکەن، لە ڕوی واتاشەوە ناو و ئاوەڵناو دو بەشەئاخاوتنی جیاوازن ، ناو بۆ شتێك دەگەڕێتەوە، بەلاّم ئاوەڵناو بۆ ناوێك دەگەڕێتەوە. لە بەرامبەر ئەم بۆچونەدا ( محەمەد مەعروف فەتاح) پێی وایە ، کە ئاوەڵناو بەشەئاخاوتنێکی سەربەخۆ نییە و بەشێکە لە ناو ، چونکە ژمارەی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا زۆر کەمە و جگە لەوەش (ناو) هەمو تایبەتمەندییەکانی ئاوەڵناو وەردەگرێت، وەك (پلە). پێشی وایە هەندێك بیر هەن لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناو دەریاندەبڕێت وەك (بارستایی، بەها ،ڕەنگ، تایبەتی فیزیکی شت، خێرایی، تەمەن بەها). بۆ زانیاریی لەم بارەیەوە بڕوانە:

ئـ: ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٨،ل١٣٨–١٣٩

بـ: محەمەد مەعروف فەتاح : ١٩٩٠.

هەروەها (محەمەد مەحوی ) لەم بارەیەوە پێی وایە، ئاوەڵناو پۆلەڕەگەزێکی سەربەخۆیە و بە هیچ جۆرێك بنەمای بونی وشە بە شێوەی مۆرفیمی سەربەخۆ لە فەرهەنگدا ناکرێت، لەبەرچاو بگیرێت ، چونکە زۆربەی وشەکانی زمانی کوردی هەڵگوێزراو و لێکدراون ، بەمجۆرەش ژمارەی ئاوەڵناوەکان بە ڕادەیەك کەمدەبنەوە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ، ڕەنگە هەندێك لەو بیر و ناوەڕۆکانەش دەرنەبڕن، کە پێویستە ئاوەڵناو دەریانبڕێت . بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە : محەمەد عەبدولفەتاح : ٢٠١٤ .

بەبۆچونی ئێمە (ئاوەڵناو) لە زمانی کوردیدا  پۆلەفەرهەنگییەکی سەربەخۆیە بەڵگەشمان بۆ بۆچونەکەمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕو:

١- لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ئاوەڵناو هەیە، ئەگەرچی ژمارەیان لە (ناو و کردار) کەمترە، بەڵام ئاوەڵناوەکان لە فەرهەنگدا وەك پۆلێکی سەربەخۆ تۆمارکراون.

٢-ئاوەڵناو خاوەنی ( پلە)  یە، کە ناو هەڵگری ئەم تایبەتمەندییە نییە.

٣-ئاوەڵناو ئەرکی بەراوردکردن لە ئەستۆدەگرێت، کە دیاردەیەکی زمانیی گشتییە و لە هەمو زمانەکاندا بەراوردکردن هەیە، بەڵام مەرج نییە، ئاوەڵناو لە هەمو زمانێکدا بەم ئەرکە هەڵبسێت.

٤-مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی (ناو و کردار) وەك /ەکە، ێك، ان/، /بـ، دە، را، ڕێ، وە، نە، نا،...تاد/ هەرگیز ناچنە سەر ئاوەڵناو، ئەگەر مۆرفیمەکانی ناو بچنە سەر ئاوەڵناوێکیش ڕاستەوخۆ دەگەڕێنەوە بۆ ناوێك، کە دەکرێت دەرنەبڕابێت، یان قرتێنرابێت، بۆ نمونە کە دەڵێین:  (جوانێك هات.) لە بنەڕەتدا ناوێك پێش ئاوەڵناوی (جوان) لە دروستەی ژێرەوەی فرێزەناوییەکە  هەبووە بەڵام قرتێنراوە، واتە بەم شێوەیە بووە ( کچێکی جوان هات . )

٥-هەندێك مۆرفیمی وشەداڕێژ ئاوەڵناو سازدەکەن، ناو سازناکەن ، بە پێچەوانەشەوە بڕوانە: (٣-١) .

٦-ناو لە ڕوی (واتا) وە دەگەڕێتەوە بۆ شتێك یان  دیاردەیەك، ...تاد ، بەڵام ئاوەڵناو تایبەتێتی ئەو ناو و دیاردەیەمان بۆ دەستنیشاندەکات، بۆیە ((پیشاندانی چۆنێتی لەگەڵ بەراوردکردنی چۆنێتی شتەکان ئەرکی ئاوەڵناوە.))[Cristal: 2004:199]

٧- ئەو ناوچە بیریانەی کە ئاوەڵناوەکان پڕیان دەکەنەوە وەك (بەها ، بارستایی ، تەمەن ، ڕەنگ، تایبەتی فیزیکی شت، تایبەتی کەسی،...تاد) ، ناوەکان ناتوانن،  پڕیان بکەنەوە.٨- ئاوەڵناوەکان کێڵگەی واتایی خۆیان هەیە و پەیوەندییەکی بیری هاوبەش کۆیان دەکاتەوە ،کە جیاوازە لە کێڵگەی واتایی ناوەکان.

٩- شیکردنەوەی پێکهاتەی واتایی ئاوەڵناوەکان، ئەو ڕاستییە پیشاندەدات، کە ئاوەڵناو خاوەنی کۆمەڵێك نیشانەی واتاییە، کە ناو هەڵگری ئەو نیشانانە نییە، بە پێچەوانەشەوە ناوەکان خاوەنی کۆمەڵێك نیشانەی واتایین، کە ئاوەڵناوەکان هەڵگری ئەو نیشانانە نین.

## ٢-٣-٤ ئاوەڵناو و پێکەوەهاتن (هاوڕێیەتی زمانی) - Collocation :

(پێکەوەهاتن) دیاردەیەکی زمانییە، کە لە هەر دو ئاستی (واتا و دەق) دا گرنگی پێدەدرێت. پێکەوەهاتن بریتییە لەوەی، کە دو وشە پەیوەندییەکی بە هێزیان بەیەکەوە هەبێت، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە زۆرەی وشەکان بە بینینی یەکێك لەو وشانە ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ لای وشەکەی تر بچێت. ئەوەی وادەکات بیرمان بۆ وشەکەی تر بچێت ئەوەیە ، کە لە زمانەکەدا وشەکان زۆر لەگەڵ یەکدا بەکاردەهێنرێن، بۆیە (( هەندێك لە وشەکان ئەوەندە هاوڕێیەتییان بەهێزە لە کاتی بەکارهێناندا بە ناوهێنانی یەکێکیان ئەوی تر دێتەوە یاد.)) [تابان محەمەد :٢٠١٤ : ٥٩]

(دیبوگراند) لە زانستی زمانی دەقدا -Discourse analyses- پێکەوەهاتنی لە بەشی ڕێکخستن - Cohesion- و لە ڕێکخستنیشدا لە بەشی ڕێکخستنی فەرهەنگی داناوە، بەمشێوەیە:




پێکەوەهاتن [دیبوجراند : ١٩٩٨: ١٠٣] (١٧)

گرنگی پێکەوەهاتن لە زماندا لەوەدا دەردەکەوێت، کە واتای هەندێك لە وشەکانی زمان بەهۆی ئەو وشانەوە ڕوندەبێتەوە، کە زۆر لەگەڵیدا دێن، ئەم دیاردەیە لە زۆربەی وشەکاندا بەدی دەکرێت، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە وشەکە سەر بە چی پۆلێکی فەرهەنگی و سینتاکسییە. دەبێت ئەوەش بزانین، کە پێکەوەهاتن لە (ئیدیەم ) جیاوازە بەو پێیەی ئیدیەمەکان وەك وشەیەکی سەربەخۆ مامەڵەدەکەن، بەڵام (پێکەوەهاتن) تەنها بریتییە لە

پەیوەندیی بەهێزی دو وشە کە لە ئەنجامی زۆر بەیەکەوەهاتنیاندا دروستبووە. لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناوەکان پێکەوەهاتنیان لەگەڵ ناودا زۆر بەهێزە، بەشێوەیەک هەندێک ئاوەڵناو ئەوەندە پەیوەندییان لەگەڵ چەند ناوێکدا بەهێزە، بە ناوهێنانی ئاوەڵناوەکە ڕاستەوخۆ پێشبینی ناوەکە دەکرێت. هۆکاری ئەم پەیوەندییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئاوەڵناوەکان  بە زۆری وەسفی لایەنێکی ئەو ناوەیان کردووە،  کە لە گەڵیدا هاتون.

بۆ دەرکەوتنی ئەم ڕاستییەش چەند نمونەیەک دەهێنینەوە، کە پێکەوەهاتنی ئاوەڵناوەکانمان لەگەڵ ناوەکاندا بۆ ڕوندەکاتەوە:

| | |
|---|---|
| گەلای دار | ڕۆژی ڕوناك |
| زۆنگی زەرد | مۆبایلی هۆشمەند (زیرەك) |
| پێستی ئەسمەر | بالآی بەرز |
| دەموچاوی جوان | ڕێگای دور (نزیك) |
| ناوچەی خۆڵەمێشی | دەنگی خۆش (بەرز ...تاد) |
| ئاوی قوڵ (تەنك) | چای شیرین (تاڵ) |
| بارانی بەخوڕ | پیاو (ژن) ی پیر |
| یاریزانی گۆڵکار | کچی جوان |
| شەوی تاریك | کوڕی قۆز |

وەك دەردەکەوێت، ئاوەڵناوەکان خواستی هاوڕێیەتییان لەگەڵ ناوەکاندا زیاترە، وەك لە کردارەکان. لە نمونەکانەوە ئەومان بۆ ڕوندەبێتەوە، لە ئەنجامی زۆر پێکەوەهاتنی ئەو ئاوەڵناوانە لەگەڵ ناوەکاندا  بە ناوهێنانی ئاوەڵناوەکان  ئاخێوەری زمانی کوردی ڕاستەخۆ پێشبینی ناوەکان دەکات.

# بەشی سێیەم

### ١-٣-ئاستەکانی زمان:

ئاستەکانی زمان بەیەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی زانستی زمان دادەنرێت. گریمانەی ئاستەکانی زمان لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە زمان دیاردەیەکی ئالۆز و تێکچڕژاوە، بۆیە بۆ لێکۆڵینەوە زمانەوانەکان ((پەنایان بردۆتەوە بەر ئەوەی گریمانەی وا دابنێن ، کە زمان لە چەند لایەنێك (ئاستێك) پێکهاتبێ ، بۆ ئەوەی بتوانن لە بەشێك ، یان زیاتر لەبەشەکانی زمانەوانیدا دیراسەی بکەن.)) [تالیب حوسێن: ٢٠١٤ : ٩ ] ، هەروەها ئاستی سەرەکی و ناسەرەکیش جیاکراونەتەوە، سەرەکییەکان ئەو ئاستانەن کە ڕاستەوخۆ لە زمان دەکۆڵنەوە، ئاستە ناسەرەکییەکانیش زمان بە دەرەوەی زمان دەبەستنەوە. کەواتە زمان، پێکهاتەیەکی یەکگرتوی سیستماتیکی هەیە و ناتوانرێت بەشبکرێت و سنوری دابڕاو لە نێوان یەکەکانیدا دابنرێت. دانانی ئاستی شیکردنەوەی زمان، تەنها بۆ لێکۆڵینەوەیە. دەتوانین ئاستەکانی زمان و کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەی ئاستەکان، کە بەهەوڵ و کۆششی ڕێبازە زمانەوانییە یەك لەدوای یەکەکان بەرهەمهاتون، لەم خشتەیەدا ڕونبکەینەوە :

| یەکەکانی زمان | ئاستەکانی زمان | ئاستی سەرەکی و ناسەرەکی |
|---|---|---|
| دەنگ | فۆنەتیك | ناسەرەکی |
| فۆنیم | فۆنۆلۆژی | سەرەکی |
| بڕگە | | |
| مۆرفیم | مۆرفۆلۆژی | سەرەکی |
| وشە | | |
| فرێز | سینتاکس | |
| ڕستە | | |
| مۆرفیم،وشە،فرێز ،ڕستە،دەق | سیمانتیك | ناسەرەکی |
| مۆرفیم ،وشە،فرێز ،ڕستە،دەق | پراگماتیك | |

( ١٨ )

### ٣-١-١مۆرفۆلۆژیای ئاوەڵناو :

لەم بەشەی تۆێژینەوەکەماندا، لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا لە ئاوەڵناو دەکۆڵینەوە. دەمانەوێت یاساکانی داڕشتن و لەیەکدانی ئاوەڵناو لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست–شێوەزاری سلێمانی– دیاریبکەین. جەختمان لەسەر ڕوخساری مۆرفۆلۆژیانەی ئاوەڵناوە هەڵگوێزراو و لەیەکدراوەکان کردوەتەوە، لەگەڵ هەندێك تێبینی لەبارەی پەیوەندیی واتایی کەرتەکانی ئاوەڵناوی لێکدراو، چونکە (( کەرتکردنی وشە لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە گرنگە ، ئەمە نەك تەنها چۆنیەتی ڕۆنان و پێکهاتە و دروستبونی وشە ئاشکرادەکات، بەڵکو یارمەتی ڕونکردنەوەی تەواو و قوڵتری مانا و ناوەڕۆکیش دەدات و پەیوەندی لەگەڵ وشەی تردا دیاریدەکات. )) [ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ٦٥] .

خاڵێکی گرنگ لە مۆرفۆلۆژیدا پێویستە بیزانین، ئەوەیە کە زمانەوان لێکۆڵینەوەی سینکرۆنی – Synchronic– بۆ وشەکانی زمانەکەی دەکات، بەمەبەستی زانینی چۆنییەتی پێکهاتنی وشەکانی زمانەکەی، بەڵام هەرگیز ناتوانێت هەمو ئەو یاسایانەی، کە ڕێگە دەدەن بە پێکهاتنی وشەی نوێ، لە زمانەکەیدا بدۆزێتەوە، چونکە گۆڕان و گەشە لە زماندا بەردەوامە و سنورێکی دیاریکراوی نییە. کێشەیەکی تری دەستنیشانکردنی پێکهاتەی وشەکان ئەوەیە، کە کاتێك لەسەر بنەمای بیری مۆرفیم شییان دەکەینەوە، هەندێك کەرتی وشە (داڕێژراو و لێکدراو) ەکان بێ واتان و مۆرفیمی بەندن، کەچی لە ژینگەی تریشدا دوبارە نابنەوە، کە مەرجێکی مۆرفیم ئەوەیە، کە بە هەمان واتا لە ژینگەی تردا دوبارە ببێتەوە.لە هەمو زمانەکانی دنیادا پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان بریتین لە داڕشتنی وشەی نوێ، کە لە ڕێگای هەڵگواستن– Derivational – و لەیەکدان – Compounding – دروست دەبن، بەشێکی تری پرۆسەمۆرفۆلۆژییەکان بریتییە لە مۆرفۆلۆژیی شکانەوە –Inflectional Morphology–گرنگی دان بە مۆرفیمە ڕێزمانییەکان، واتە ئەوانەی ئەرکی ڕێزمانی بەجێدەگەیەنن. دەکرێت ئەو بۆ چونەی خستمانە ڕو لە ڕێگەی ئەم هێڵکارییەوە ڕونی بکەینەوە :



(١٩)

(( یەکێك لەو تێبینییە بەربڵاوانەی ڕێزمانی دێرین لەبارەی وشەکان هەیبو ، بریتیبو لە دابەشکردنی وشەکانی زمان بۆ دو بەش ، کە ئەوانیش بریتیین لە: ١- پۆلی داخراو ٢- پۆلی کراوە.)) [Germley&michael:١٩٩٢:١٢٥] ئاوەڵناو لە پۆلە کراوەکانە، بۆیە ناتوانین ژمارەی ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی بە وردی بخەملێنین، بەڵام ئاشکرایە، کە ژمارەیان لە(ناو و کردار) کەمترە. سەرەتا هەوڵدەدەین یاساکانی هەڵگواستنی ئاوەڵناو دیارییبکەین ، واتە دیاریکردنی ئەو گیرەکانەی – Affixes – کە بە شێوەی پێشگر– Prefix– و پاشگر– Suffixes – لەگەڵ (ئاوەڵناو و ناو و ڕەگ و قەدی کردار و وشەکانی ڕادە) دەردەکەون و ئاوەڵناوی هەڵگوێزراو دروستدەکەن .

## ٣-١-٢ئاوەڵناوی هەڵگوێزراو - Derivational Adjective :

هەریەك لە زاراوەکانی (داڕێژراو ، هەڵگوێزارو ، ئاڵۆز ) لە زمانی کوردیدا دانراوە، بۆ ئەو وشانەی، کە لە کەرتێکی واتادار و مۆرفیمێکی بەند پێکدێن. (محەمەد مەعروف) دەڵێت : (( وشەی ئاڵۆز لە ئەنجامی لێکدانی وشەیەکی سەربەخۆ و گیرەکێ، یان زیاتر پێکدێت گیرەکەکان، یان لە جۆری ڕێزمانیین،یان داڕشتنن. )) [محەمەد مەعروف : ٢٠١١: ٩٧]

ئاوەڵناوە هەڵگوێزراوەکان، یان لە پۆلەفەرهەنگییەکانی ترەوە هەڵگوێزراون، یان هەر لە ئاوەڵناوەوە هەڵگوێزراون. ئاوەڵناوی هەڵگوێزراو لە زمانی کوردیدا لە هەریەك لە ( ناو ، ڕەگ و

[86] هێڵکارییەکە لە: نەرمین عومەر : ٢٠١٠: ٣٣. وەرگیراوە

قەدی کردار ، ڕادە ، ئاوەڵناو ) دروست دەبن. دەکرێت ئاوەڵناوە هەڵگوێزراوەکان بەم شێوەیە پێناسە بکەین : ئەو ئاوەڵناوانەن، کە لە مۆرفیمێکی واتادار و پێشگرێك، یان پاشگرێك، یان پێشگر و پاشگر پێکەوە دروستدەبن. ئەو مۆرفیمە واتادارەش دەشێت (ناو ، ئاوەڵناو ، کردارو و ڕادە) بێت. مۆرفیمە داڕێژەکان – Derivational Morphem – ، کە دەچنە سەر ڕەگ و قەد وشە،یان (لێکسیمی) نوێ بەرهەمدەهێنن ، واتە مەرجە وشە پاش ئەوەی گیرەکی پێوە دەلکێت، واتاکەی بگۆڕێت، چونکە (( ئەو وشانەی، کە مۆرفیمی وشە داڕشتن وەردەگرن، یەکەی واتایی نوێ دروست دەکەن و لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن. )) [میدیا مراد: ٢٠٠٩: ١٤]، کەواتە مەرجی مۆرفیمە وشەداڕێژەکان ئەوەیە، واتای نوێ دروستبکەن، بەلاّم مەرج نییە پۆل یان (کێڵگەی واتایی) وشە بگۆڕن، چونکە جاری وا هەیە، وشەکە پۆلی فەرهەنگییەکەی ناگۆڕێت، بەڵکو تەنها واتاکەی دەگۆڕێت.[٨٧] لە یاساکانەوە بۆمان دەردەکەوێت، ژمارەی ئەو ئاوەڵناوانەی کە بە پێشگر هەڵدەگوێزرێن، زۆر کەمترن لەوانەی،کە بە پاشگر هەڵدەگوێزرێن، ئەمەش تایبەتییەکی زمانی کوردییە لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە، کە پێشگرەکان بە بەراورد بە پاشگرەکان کەمتر توانای ئەوەیان هەیە، ئاوەڵناوی نوێ دابڕێژن. پێشگرەکان لە بنەڕەتدا مۆرفیمی ڕێزمانیین، /نە، نا، بـ، بێ،...تاد/ و پاش ئەوەی ئاوەڵناویش دادەڕێژن، واتا ڕێزمانییەکەیان وندەکەن ، بەلاّم ئەرکەکەیان دەگۆڕێت.

### ٣-١-٢-١یاساکانی هەڵگواستنی ئاوەڵناو بە پێشگر :

١–

| |
|---|
| / بێ / + ناو |

بێویژدان ، بێغیرەت ، بێناز ، بێکەڵك، بێکەس ، بێوەفا ، بێدین ، بێتام ، بێسنور، بێنرخ ، بێمێشك ، بێناو ، بێدەنگ ، بێکار ، بێخەتا ، بێهۆش... تاد

[٨٧] بڕوانە : سەرچاوەی پێشو : ٣٣

٢-

| / به / + ناو |
|---|

بەهۆش ، بەناز ، بەکەڵك ، بەوەفا ، بەپێز، بەدەنگ، بەهێز، بەجەرگ، بەسام ، بەتام ، بەغیرەت ، بەنرخ، بەبەها[٨٨]، ... تاد

٣-

| / نە / + ئاوەڵناو |
|---|

نەشیاو ، نەخۆش، نەساغ، نەساز،... تاد

٤-

| / نە / + ناو |
|---|

نەیار، نەدار،... تاد

٥-

| / نە / + ڕەگ |
|---|

نەمر ، نەبەز، نەزان، نەکوڵ،نەترس،نەبڕ،نەسوت، نەناس، نەگۆڕ، ...تاد

6-

| / نا / + ئاوەڵناو |
|---|

ناخۆش ، نالەبار، ناقولاً [٨٩] ، ناڕێك ، ناپاك، ناڕاست، نادروست، ناساغ، ناشیرین،... تاد

[٨٨] نوری عەلی ئەمین ، لە بارەی ئەو ئاوەڵناوانەی ، کە بە پێشگری /بە/ لەگەڵ ( ناو) دا دروست دەبن ، پێی وایە ، کە لێکدراون ، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ تایبەتییەکی لێکدراویان تێدا نییە :بڕوانە – نوری عەلی ئەمین : ٢٠١٤: ١٢١

تایبەتییەکی هەر دو پێشگری /بە،بێ/ ئەوەیە ،کە لەگەڵ ئاوەڵناو دا نایەن بۆ سازکردنی ئاوەڵناو، بەڵکو لەگەڵ پۆلەوشەکانی تر دا دێن.

٧-

| |
|---|
| / نا / + ناو |

ناجۆر، ناکەس، ناحەز، نامەرد، ناشوکر، ناپیاو،... تاد

٨-

| |
|---|
| / بـ / + ڕەگ |

بکوژ، بوێر، بزان، بگۆڕ، بکوڵ،... تاد

٩-

| |
|---|
| / نا / + ڕەگ |

ناساز، ...تاد

## ٣-١-٢-٢یاساکانی هەڵگواستنی ئاوەڵناو بە پاشگر:

١-

| |
|---|
| ناو+ / ە / |

زستانە ، هاوینە، بەهارە،... تاد

٢-

| |
|---|
| ناو+ / انە / |

[89] هەرچەندە لێرەدا ئەم دو پێشگرە مۆرفۆلۆژین ، بەلاّم (مەسعود محەمەد) پێی وایە پێشگری /نە/ لە ڕوی نەرێکردنەوە بەهێزترە لە /نا/ ، بەو پێیەی ، کە /نە/ کرداری ڕابردو نەرێ دەکات، بەلاّم /نا/ ڕانەبردو نەرێ دەکات، بەڵگەشی ئەوەیە ، کە ڕابردو شتێکە دەیزانیین و بەسەرچوە ، بەلاّم ڕانەبردو ڕوننییە : نەسرین نەچو. (زانیمانە ،کەنەسرین نەچوە) بەلاّم کەدەڵێین : نەسرین ناچێت. ( لەوانەیە بشچێت ،چونکە جاریٚ ڕوی نەداوە.) بڕوانە : مەسعود محەمەد: ٢٠١١: ٣١

ژنانه، کچانه ، کوڕانه ، پیاوانه ، خزمانه ، کوردانه ، شێرانه ، گەنجانە، هێمنانه،... تاد[٩٠]

٣-

| |
|---|
| ناو+ / ین/ |

ئاسنین، بەردین، ژەنگین، زێڕین، شەرمین، خۆڵین، قوڕین، گوین، گەچین ، دارین، سەنگین،...تاد

٤-

| |
|---|
| ناو+ / ی / |

کوردی ، بەهاری ، شاری ، لادێیی،چیایی، دەشتی ، پرتەقاڵی ، فستقی ، هەناری ، قاوەیی،... تاد[٩١].

٥-

| |
|---|
| قەد+ / و / |

مردو، هاتو ، دانیشتو ، ڕۆشتو، خەوتو ،کەوتو ، نوستو ، دەرچو، بەستو،[٩٢] ... تاد

٦-

| |
|---|
| ڕەگ + / او / |

[٩٠] ( کەوسەرعەزیز) پێی وایە ، کە / انە/ دەچێتە سەر ئاوەڵناو، ئاوەڵناوی نوێ دروست دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا ناو دروستدەکات : پاکانە ، تەنگانە.. تاد ، ئاوەڵناو نین :بڕوانە :کەوسەرعەزیز : ١٩٩٠: ٩٤– ٩٥

[٩١] ئەو پاشگرانەی وەکو / ین ،ی ،انە ،ە ،ەکی/، کە دەچنەسەر ناو و ڕاستەوخۆ سیفەتێك ناگەیەنن ، پێیان دەوترێت پاشگری ڕێژەیی - نیسبی- واتە ڕاستەخۆ ناتوانن وەسفی شتێك بکەن، بەڵکو لە ڕێگەی دانی سیفەتی شتێکی ترەوە دەتوانن وەسفی شتێك بکەن . بڕوانە : (٢–١–٨–٣)

[٩٢] نەرمین عومەر پێی وایە ،کە / و/ تەنها دەچێتە سەر قەدی کردارە تێنەپەڕەکان ، بەڵام کرداری [بەستن] تێپەڕەو مۆرفیمی /و/ یش وەردەگرێت : من دەرگاکەم بەست. بڕوانە : نەرمین عومەر : ٢٠١٠: ٥٠

سوتاو ، خوراو، براو، کراو، شێواو، تۆراو، شکاو، بەسراو، گیراو، دزراو، قوپاو،[٩٣]... تاد

-٧

| |
|---|
| ناو+ / انی / |

کوڕانی ، کچانی ، ژنانی ، شەڕانی،... تاد

-٨

| |
|---|
| ناو+ / ەوەر، اوەر/ |

بەختەوەر، هەستەوەر، پیشەوەر، جەنگاوەر،[٩٤]... تاد

-٩

| |
|---|
| ناو+ /ۆك / |

خەمۆك ، لەرزۆك، شەرمۆك،... تاد

-١٠

| |
|---|
| ڕەگ+ / ا/ |

زانا ، دانا ، توانا، ...[٩٥] تاد

-١١

| |
|---|
| ناو+ / ن/ |

شەرمن، ورگن ، توکن، چڵمن ، چڵکن ، گۆشتن ، خرپن ، لیکن،... تاد

[٩٣] بەو پێەی / او/ دەچێتە سەر قەدی بکەرنادیار، بۆیە دەبێت کردارەکان تێپەڕبن. هەروەها هەندێك لەو ئاوەڵناوانەی بەم ڕێگایە دروستدەبن، وەك ناویش بەکاردێن وەك : نوسراوی فەرمی ... تاد

[٩٤] هەر دو پاشگری /ەوەر ، اوەر/ تەنها دەچنە سەر ناوە واتاییەکان.

[٩٥] ئەو ئاوەڵناوانەی بە (ڕەگ+ا ) پێکهاتون ، لە ئێستا دا بە شێوەیەکی فراوان وەکو ناو بەکاردەهێنرێن.

١٢-

| ناو+ / بار / |
| --- |

غەمبار، تاوانبار، گوناهبار، کارەساتبار ، خەتابار، ئازێتبار،... تاد

١٣-

| ناو+ /یار / |
| --- |

بەختیار، هۆشیار،...[٩٦] تاد

١٤-

| ناو+ / باز / |
| --- |

فێڵباز، چەنەباز، تەڵەکەباز، کۆترباز، حیلەباز، مەکرباز، مێباز، نێرباز،... تاد

١٥-

| ناو+ / مەند / |
| --- |

هۆشمەند، بەهرەمەند، زەرەرمەند، سودمەند،...[٩٧] تاد

١٦-

| ناو+ / دار / |
| --- |

---

[٩٦] وەك لە نمونەکاندا دیارە ئەو ئاوەڵناوانە لە ئێستادا بونەتە ناوی تایبەتی، بەڵام سیفەتی ئاوەڵناوییان وننەکردوە، هەروەها بە پێی ئەو یاسایە دەکرێت چەندین وشەی تر ڕۆبنێین: ڕێیار، شاخیار، دەشتیار، ئاویار، دەنگیار، گەرمیار، ...تاد، بەڵام ئەم وشانە باو نیین لە ئێستای زمانەکەدا ، هەروەها ناویش ڕۆدەنێن لەگەڵ ڕەگدا : ڕەگ + یار . وەك : نوسیار، بریار، فرۆشیار، کڕیار،... تاد

هۆشیار ، لەبنەڕەتدا ئاوەڵناوە ، بەڵام بەشێوەیەکی فراوان خواستراوە بۆ ناوی تایبەتی:

مرۆڤی هۆشیار کۆمەڵگا لێی سودمەند دەبێت. ، هەروەها پلەداریشە، وەك : ئەو لە من هۆشیارترە .

[٩٧] ئەوشانەش ئاوەڵناون ،بەڵام وەکو ناوی تایبەتی بەکاردەهێنرێن.

ئاگادار، نازدار، بەرهەمدار، ئەویندار، دەزگیراندار، بریندار، دیندار،خەبەردار،... تاد

-١٧

| |
|---|
| **ناو+ / ار/** |

گرفتار،...تاد

-١٨

| |
|---|
| **ناو + / ناك /** |

غەمناك ، ترسناك ، خەتەرناك،... تاد

-٢٠

| |
|---|
| **ناو + / ەكی /** |

خێڵەکی ، دەشتەکی، ماڵەکی،... تاد

-٢١

| |
|---|
| **ناو+ / اوی /** |

ئارداوی ، تۆزاوی ، شاخاوی ، خۆڵاوی ، ڕۆناوی ، بارگاوی ، دەرداوی ، خوێناوی[٩٨]،... تاد

-٢٢

| |
|---|
| **ئاوەڵناو+ / ایی /** |

قوڵایی، سەوزایی، شینایی، تەنکایی، تەختایی، پێچایی،خڕایی،وشکایی، تەڕایی،... تاد

-٢٣

| |
|---|
| **ناو+ / ایی،اوی/** |

---

[٩٨] دەبێت / ا وی/، لێرەدا جیاییبکەینەوە لە /ا و/ بە واتای شتێك ئاوی تێدابێت وەك : ئارداو، ماستاو ،ڕۆناو ،... تاد کە لە : ئارد+ئاو، دروستبوە و وەك ناو ڕەفتار دەکەن.

**دەشتایی،خۆڵاوی،قوڕاوی،...تاد**

**٢٤ –**

| |
|---|
| **ئاوەڵناو+ / انی /** |

**وشکانی، ...تاد**

**–٢٥**

| |
|---|
| **ئاوەڵناو+ /ۆکە /** |

**گێلۆکە ، گێژۆکە ، فەقیرۆکە،...تاد**

**–٢٦**

| |
|---|
| **ناو+ /زن /** |

**درۆزن ،...تاد**[٩٩]

**–٢٧**

| |
|---|
| **ناو+ /گین /** |

**خەمگین ، سەنگین،... تاد**

**–٣٠**

| |
|---|
| **ئاوەڵناو+ /ەڵە /** |

**زەردەڵە ، سەوزەڵە، وردەڵە، زیتەڵە، نەرمەڵە، ڕەقەڵە، چەرمەڵە، باریکەڵە،... تاد**

---

[٩٩] لە کوردی ناوەڕاستدا ، تەنها ئەو وشەیە دەبینرێت، بەڵام دەشێت لە زارەکانی تری زمانی کوردیدا وشەی تر ببینرێت : وەك [پەڕۆزن] ، لە شێوەزاری هەورامیدا، کە بە واتای کەسێك دێت درۆی کەسێکی تر بشارێتەوە. بڕوانە : شنەجەیار : ٢٠٠٦: ٢٦ .

-٣١

| |
|---|
| ئاوەڵناو+ /تاڵە / |

ڕەشتاڵە،...تاد

-٣٢

| |
|---|
| ئاوەڵناو + /کیلە ،کەڵە، کۆڵە / |

جوانکیلە ، سپیکەڵە ، درێژکۆڵە، سورکەڵە،... تاد

-٣٣

| |
|---|
| ڕەگ + /ۆك / |

گەڕۆك ، گرینۆك، لەرزۆك،...تاد

-٣٤

| |
|---|
| ئاوەڵناو+ /کە / |

لوسکە ، سورکە[١٠٠]، سپیکە،... تاد

-٣٥

| |
|---|
| ئاوەڵناو+ /ۆڵ / |

سیسۆڵ، کزۆڵ، نەرمۆڵ،... تاد

-٣٦

| |
|---|
| ناو+ /ێتی / |

[١٠٠] سورکە ، بەو خاکە دەوترێت ، کە سوربێت.

کەرێتی ، پیاوێتی، منداڵێتی ، مرۆڤێتی، ژنێتی،[١٠١] ... تاد

٣٧- ئاوەڵناو+ /ەڵان /

نەرمەڵان، سەوزەڵان،... تاد

٣٨- ناو+ /ەڵان /

بەردەڵان،...تاد

٣٩- ئاوەڵناو+ /ین/

نەرمین،...تاد

٤٠- ئاوەڵناو+ /یلە /

وردیلە، خنجیلە، ...[١٠٢] تاد

٤١- قەد+ /ەوار /

---

[١٠١] خۆی لە بنەڕەتدا مۆرفیمی / ێتی/ یە ، بەڵام ئەگەر وشەکە بە دەنگێکی بزوێن کۆتایی هاتبو ، ئەوا / یـ / وەکو دیاردەیەکی فۆنۆلۆژی دەردەکەوێت، لەبەرئەوە دو بزوێن بە سەریەکەوە نایەن : گەورە + ێتی ، بۆیە /یـ/ دێتە نێوانیانەوە و/یٚ/ یش لە نێو دەچێت. پاشگری/ ێتی/ ئەگەر چوە سەر ئاوەڵناو (ناو) دروستدەکات وەك: ڕەشێتی ، سپێتی ، گەورەیەتی ، بچوکێتی ، جوانێتی ، سەوزێتی ، شێتێتی ... تاد.

[١٠٢] ئەم پاشگرە واتای بچوککردنەوە دەگەیەنێت، هەروەها ئەگەر پاشگری / یلە/ چوە سەر ناو، ئاوەڵناو دروستناکات بەڵکو ناو دروستدەکات : گەردیلە، کاریلە،...تاد، ناو دروستدەکات.

خوێندەوار،...تاد

٤٢-

| |
|---|
| ناو+ /ەوار / |

کۆڵەوار،...تاد

٤٣-

| |
|---|
| ڕەگ+ /ەك / |

نوسەك ، گیرەك،...[١٠٣]تاد

٤٤-

| |
|---|
| ناو+ /ەکی / |

سەرەکی ، ...تاد

٤٦-

| |
|---|
| ناو+ /کەر / |

گۆڵکەر،شەڕکەر ،ئیشکەر،...تاد

٤٧-

| |
|---|
| ناوی داڕێژراو+ /کار/ |

چاکەکار، خراپەکار،...تاد

٤٨-

| |
|---|
| ئاوەڵناو+ /ۆڵە / |

[١٠٣] ئەو زاراوانە وەکو ناو بەکاردێن، بەڵام لە بنەڕەتدا واتای چۆنییەتییان تێدایە وەك : ئەو زۆر نوسەکە.

نەرمۆڵە، شڕۆڵە، کزۆڵە،...تاد

٤٩-

| |
|---|
| **ئاوەڵناو+ /اك/** |

ڕوناك، ...تاد

## ٣-٢-١ یاساکانی هەڵگواستنی ئاوەڵناو بە پێشگر و پاشگر پێکەوە :

تەنها ئەو ئاوەڵناوانە دەگرێتەوە، کە لە کردارەوە هەڵگوێزراون.ئەوانەی کە بە ئاوەڵناوی (کراو و کردو) ناسراون . بۆیە هەمو ئەو پێشگرانەی دەچنەسەر کردار، لەگەڵ ئاوەڵناوی (کراو و کردو) دا بەکاردێن و ئاوەڵناوی هەڵگوێزراو دروستدەکەن. گرنگترین ئەو پێشگرانەش ئەمانەن: / هەڵ، ڕا، دا، دەر، وەر،...تاد / کەواتە (ڕەگ، قەدی) کردارەکە پێش ئەوەی ئەم پێشگرانەیان بچێتە سەر، مۆرفیمی / راو،و/ ی وەرگرتوە ، واتە پێشگر و پاشگر بەیەکەوە ئاوەڵناوی هەڵگوێزراویان دروستکردوە :

١-

| |
|---|
| **/هەڵ/ + ڕەگ+ /او /** |

**هەڵگەڕاو ، هەڵبڕاو، هەڵدڕاو،هەڵگوێزراو،هەڵبژێراو،هەڵگیراو،... تاد**

٢-

| |
|---|
| **/وەر/ + ڕەگ + /او /** |

وەرگەڕاو، وەرگێڕاو،... تاد[١٠٤]

---

[١٠٤] پێشگری / وەر/ لەگەڵ (ئاوەڵناوی کردو) دا نایەت ، چونکە زۆربەیان تێنەپەڕن، ئەم پێشگرەش ناچێتەسەر ئەو کردارە تێنەپەڕانە، بەلاّم وەك لە نمونەکاندا دەردەکەوێت لەگەڵ ئاوەڵناوە کراوەکاندا چالاکانە دێت و ئاوەڵناوی نوێ دروستدەکات.

٣- 

| /ڕا/ + ڕەگ + /راو / |
|---|

ڕاپێچراو، ڕاهێنراو، ڕاگوێزراو،... تاد

٤- 

| /دەر/ + ڕەگ + /راو / |
|---|

دەرکراو، دەرهێنراو، دەرخراو، ... تاد

٥- 

| /هەڵ/ + قەد + /و / |
|---|

هەڵهاتو، هەڵکردو، هەڵچو[١٠٥]، ... تاد

٦- 

| /ڕا/ + قەد + / و / |
|---|

ڕاهاتو، ڕاکردو، ... تاد

٧- 

| /دەر/ + قەد + /و / |
|---|

دەرکەوتو، دەرهاتو، دەرکردو،... تاد.

8- 

| /دا/ + ڕەگ + /راو / |
|---|

[١٠٥] لێرەدا /چو/ قەدی کرداری (چون) ە بۆیە پێویست ناکات / و/ یکی تری بۆ زیادبکرێت، چونکە خۆی بە / و/ کۆتایی هاتوە.

داهێنراو،دابڕاو،داكراو،داپێچراو،داپۆشراو، داڕژاو،...تاد

ئەو هەشت یاسایەی كە خستمانە ڕودەكرێت،لەڕێگەی مۆرفیمی ڕێزمانی /نە/ی نەرێكردنەوە نەرێبكرێن، چونكە هەمویان ڕابردون، بۆیە بە پێویستمان نەزانی هەمویان بە یاسا دوبارەبكەینەوە، بۆیە دەكرێت بەم شێوانە بنوێنرێن :

پێشگر + /نە/ ڕەگ+ پاشگر : هەڵنەگەڕاو، ڕانەهێنراو، دەرنەكراو... تاد

پێشگر +/نە/ قەد + پاشگر : دەرنەكەوتو، ڕانەهاتو، هەڵنەهاتو... تاد.

### ٣-١-٣ ئاوەڵناوی لێكدراو - Compound adjective :

ئاوەڵناوی لێكدراو بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت، كە لە دو كەرتی واتادار، یان دو كەرتی واتادار و (پێشگر و پاشگر و ناوبەند) یێك پێكدێن .وا ڕێكدەكەوێت، كە هەندێك جار كەرتێكی ئاوەڵناوە لێكدراوەكە بێواتایە و بۆ ڕونكردنەوەی كەرتەكەی تر دێت. زمانی كوردی هیچ ئاوەڵناوێكی لێكدراو ی تێدا نابینرێت، كە لە دو كەرت زیاتر پێكبێت ، واتە :((لێكدراو ژمارەی كەرتەكانی (وشەكان) لە دو تێناپەڕن. )) [محەمەد مەعروف:٢٠١٠: ٢٧٧] لە زماندا سێ كردە زۆر گرنگە ، كە ئەوانیش بریتیین لە : ١- ڕیزبون ٢- لەیەكدان ٣- پەیوەندی. وشەی لێكدراویش وەك یەكەیەكی زمانی خاوەن یەك پێكهاتەی واتاداری فەرهەنگی، كەرتەكانی لە( ڕیزبون ،لێكدان و پەیوەندی ) دا پێڕەوێكی تایبەت بە خۆیان هەیە. بۆیە دەكرێت لە چەند خاڵێكدا پەیوەندی واتایی كەرتەكانی ئاوەڵناوی لێكدراو و ڕۆڵی ئەو پەیوەندییە لە ڕیزبون و پرۆسەی لەیەكدانەكەدا ڕونبكەینەوە :

١- بە سەرنجدان لە ئاوەڵناوە لێكدراوەكان، بۆمان دەردەكەوێت ڕیزبونی كەرەتەكانیان كۆت و بەندكراون بە چەند یاسایەك وەك :

ئـ: بەزۆری كەرتی بچوك پێشدەكەوێت[١٠٦]، واتە ئەو كەرتەی كە ژمارەی برگە و فۆنیمەكانی كەمترە پێشدەكەوێت، بەڵام ڕێكیش دەكەوێت، كە ژمارەی برگەكانیان وەك یەك بێت، یان

[١٠٦] بڕوانە : محەمەد مەعروف فەتاح : ٢٠١٠: ٢٨٨

کەرتی یەکەم زیاتر بێت، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر. وەك: چاوسەوز، مەلابەزێن ، سپیپێست،سەرگەرم،بالا بەرز...تاد

ب : لە ئاوەڵناوە لێکدراوەکاندا کەرتی یەکەم بەهادارترە، بەو پێیەی لە زۆربەی ئاوەڵناوە لێکدراوە بەستراوەکاندا کەرتی یەکەم هەلگری واتای سەرەکییە و کەرتی دووەم تەنها ئەرکی تەواوکردنی کەرتی یەکەم دەبینێت. وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێت: گورجوگۆڵ، گەرموگوڕ، سوکوسۆڵ، ڕیکوپێك، پانوپۆڕ، ... تاد

پ : ئەو کەرتەی پێشدەکەوێت، لە زۆر باردا واتایەکی گەرمی(ئەرێنی) هەیە، هەروەها کەرتی دووەم واتایەکی ساردی(نەرێنی) هەیە لەو ئاوەڵناوانەی، کە کەرتەکانیان دژیەکیان هەیە وەك: گەورەوبچوك، باشوخراپ، بەرزونزم، پاکوپیس،... تاد

٢- لەیەکدانی ئاوەڵناوە لێکدراوەکان بە دو شێوە دەبێت، یان بە بێ هیچ ناوبەندێك دو پۆلی فەرهەنگی لێکدەدرێن، یان بەهۆی ناوبەندێکەوە لێکدەدرێن و دەکرێت پێشگر و پاشگریش بەشداربن. بۆ نمونە بڕوانە ( ٣-١-٣-١) و (٣-١-٣-٢) .

٣-پەیوەندی واتایی هەر دو کەرتی ئاوەڵناوی لێکدراو بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
ئـ: هەندێك جار پەیوەندییەکی لۆژیکی لەنێوان هەر دو کەرتەکەدا هەیە[١٠٧] ، لە ڕوی واتاییەوە کەرتێکی ئاوەڵناوەکە هۆکاری کەرتەکەی ترە، بۆیە هۆکارەکە پێشدەکەوێت و دەرئەنجامەکەش دەکەوێتە دواوە: سافولوس، لەڕولاواز،کەڕولاڵ،...تاد واتە شتێك تا ساف نەبێت لوسیش نییە، هەوەها مرۆڤ ئەگەر کەڕ بێت، زمانیشی ناپژێت و زمان بەدەستناهێنێت-Acquisition- .
ب: هەندێك جار پەیوەندی واتایی هەر دو کەرتەکە دژواتاییە وەك : بەرزونزم، گەورەوبچوك، حازروبزر،... تاد

پ: هەندێکی تر لەئاوەڵناوە لێکدراوەکان پەیوەندی واتایی دو کەرتەکەیان هاوواتاییە: شۆخوشەنگ،چاپوکوپتەو،ڕێکوپێك،تەنگوچەڵەمە،...تاد

[١٠٧] چاوپێکەوتن، بەکرعومەرعەلی ٢٠١٥/١٢/١٦

ت: هەندێك پێیان وایە ئاوەڵناوە لێكدراوەكان، هەمویان فرێزن و لەئاستی سینتاكسدا دروستدەبن[١٠٨]، پاشان دەبنە وشەیەكی لێكدراو، بەم جۆرە لێكدراوانەش دەوترێت : لێكدراوی سینتاكسی– Syntactic Compound– واتە بەرهەمی سینتاكسن و دێنە ناو فەرهەنگەوە واتە لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا دروست نەبون.

بەڕای ئێمە ئەم بۆچونە هەمو ئاوەڵناوە لێكدراوەكان ناگرێتەوە، بەڵكو تەنها ئەوانە دەگرێتەوە، كە بتوانرێت پێشبینی یاسای بەلێكسیم بونەكەی بكەین– Lexicalization– ، بەلاَم هەندێك ئاوەڵناوی لێكدراو هەن، تەنها بەرهەمی پرۆسەی لێكدانی مۆرفۆلۆژین وەك: كوتومت، خواناس، كەمخۆر، گوڵگوڵی، كەمدو، زۆربڵێ،...تاد، بەلاَم بە ئاوەڵناوە لێكدراوەكانی وەك : دڵشكاو ، دەستبڕاو، شێرەكوڕ، بالاَبەرز،...تاد دەتوانیین بڵێین بەلێكسیمبوی فرێزەكانی وەك :( دەستی بڕاو، دڵی شكاو، كوڕی شێر، بالاَی بەرز، ....تاد) ن. لەم بارەشدا پەیوەندی هەر دو كەرتەكە پەیوەندییەكی ناڕاستەوخۆیە، واتە كەرتی یەكەم سەرەكییە و كەرتی دووەم دەبێتە تەواوكەر ،واتە (( یەكێكیان هەڵگری واتای سەرەكییە و كەرتەكەی تر واتای وشەلێكدراوەكە ڕون و ئاشكرا دەكات. ))[نازەنین جەلال:2004 : ١٣]

د: ئاوەڵناوە لێكدراوە بەستراوەكان – Ordinate Compound adjective– لە ڕوی پەیوەندییەوە لە یەك ئاستی پەیوەندیدان، بەدەر لەو ئاوەڵناوە لێكدراوانەی، كە كەرتی دووەمیان لە ئێستا بە تەنها بەكارناهێنرێن وەك لە ( ١– ب ) باسمانكرد،بۆ نمونە : بەرزونزم، دورونزیك، كەروگا، پانوبەرین،...تاد لەم ئاوەڵناوە لێكدراوانەدا هیچ یەكێكیان كەرتی سەرەكی نین،بەڵكو كەرتەكانی دروستەی هاوپەیوەند –Ordinate structure–لە زماندا لە هەمان ئاستی پەیوەندیدان.[١٠٩]

---

[١٠٨] بۆ زانیاریی دەربارەی بەلێكسسیم بونی فرێزی ئاوەڵناوی بڕوانە: محەمەد مەجید: ٢٠١٥: ٨٣–٨٥

[١٠٩] بۆ زانیاریی دەربارەی دروستەی هاوپەیوەند بڕوانە :عەبدولجەبار مستەفا مەعروف: ٢٠١٠: ٨٢–٨٣.

کەواتە لەو سێ خاڵەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، وشەی لێکدراو بە هەمانشێوەی ڕستە خاون ڕێسایەکە لە نێو خۆیدا، واتە وەك چۆن بەشەکانی ڕستە لێکدەدرێن و لە لێکدانەکەشدا پەیوەندییەك دەیانبەستێت بەیەکەوە، کە بریتییە لە پەیوەندی (١- ڕێزمانی ٢- واتایی)، هەروەها بەشەکانی ڕستە لە ڕیزبونەکانیاندا واتای جیاوازمان دەدەنێ، بە هەمان شێوەش وشە لێکدراوەکان خاوەن پێڕەوێکی ناوخۆیین، کە کەرتەکانیان لێکدەدرێن، هەروەها لە لەیەکدانەکەدا لە خۆوە ڕیزنابن، جگە لەوەش پەیوەندییەك بە یەکەوە دەیانبەستێت، وەك پێشتر خستمانەڕو.

### ٣-١-٣-١یاساکانی لەیەکدانی ئاوەڵناو بە بێ ناوبەند و پێشگر و پاشگر:

| ژمارە + ناو |
|---|

دودڵ،دوڕو،چوارچاو ، ... تاد

٢-

| ناو + ناو |
|---|

بەژنچنار،باڵاعەرعەر،گەردنبلور،گەنمڕەنگ، میواندۆست، خەتخەت، چینچین[110] ، ... تاد

٣-

| ناو + ئاوەڵناو |
|---|

ڕوڕەش، باڵابەرز، باڵاکورت، ڕوسپی، چاوجوان،سەرگەرم،دەمچاڵ، چاوقەوی،دڵتەڕ، ڕوخۆش، ڕیشسپی، دەمسپی، دەمپیس،... تاد

٤-

| ئاوەڵناو + ناو |
|---|

[110] بۆ یاسای ژمارە (٢) بڕوانە ئەم سەرچاوەیە : ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٠٥

سپیپێست، سورپێست، ڕەشپێست، خۆشباوەڕ، پڕسود، بەدناو،... تاد

٥-

| |
|---|
| ناو+ ڕەگ |

خواناس، پیاوکوژ، سەربەست، مەلابەزێن، خوێنڕێژ، جەرگبڕ، ئاشتیخواز، قۆڵبڕ، دەستبڕ، شەڕفرۆش، نەتەوەپەرست،... تاد

٦-

| |
|---|
| ئاوەڵناو + ڕەگ |

دوربین، ڕەشپۆش، سپیپۆش، ڕێکپۆش ، ڕاستگۆ، ڕەشبین، دورکوژ، گەشبین،... تاد

٧-

| |
|---|
| ئاوەڵناو + ئاوەڵناو |

چاڵچاڵ،کونکون،[111] ، ڕەشئەسمەر،... تاد

٨-

| |
|---|
| ڕادە + /ب/ ڕەگ |

کەمدو، زۆرزان، فرەوێژ[112]،فرەزان،زۆربڵێ،... تاد

**٢-٣-١-٣ یاساکانی لەیەکدانی ئاوەڵناو بە یاردەی ناوبەند** :ناوبەند، بەو مۆرفیمە بەندە وشەداڕێژانە دەوترێت، کە وشەی لێکدراو دروستدەکەن. وەك لە ناوەکەیدا دیارە دەکەوێتە

[111] ئەو ئاوەڵناوانەی لە دو وشەی هاوچەشن لێکدەدرێن، وەك وشەیەکی سەربەخۆ لە قسەکردندا بەکاردەهێنرێن.

[112] لە بەشی دووەمی وشەی [فرەوێژ] دا / ب/ قرتێنراوە ولەشوێنیدا / و/ دانراوە، یاسای وەرگتنی ڕەگی کردارەکەش لە دیالێکتی (کرمانجی سەرو )ەوە وەرگیراوە: چونکە/بیژ/ ڕەگی کرداری( وتن )لە کوردی ناوەڕاستدا دەبێتە / ڵێ/ هەروەها لەچەند شێوەزارێکی تریشدا هەمان شت دەبینرێت، وەك شێوەزاری گەرمیان.

نێوان هەر دو کەرتی وشە لێکدراوەکەوە، ((لە کوردیدا چەند ناوبەندێك هەیەوەك : /ە ، و، ەو ، او ، ان ، بە/ )) [ئەورەحمانی حاجی مارف:٢٠٠٨: ٢٨٨]

بەلاَم زیاتر ئەم ناوبەندانە ئاوەڵناو دروستدەکەن:/ و،ە،بە،ەو،او،لە،ب/

١- | ئاوەڵناو + و + ئاوەڵناو |

سوروسپی، ڕەشوسپی، دورودرێژ، کورتوپوخت، زۆروبۆر،سافولوس، پڕوپوچ، تێروپڕ، نەرموشل، گەرموگوڕ، شێتوشەیدا، توندوتیژ، تەڕوتازە، ڕەشوڕوت، سادەوساکار، پەرشوبلاَو،...تاد

٢- | ئاوەڵناو + ە + ناو |

گەورەکچ ،پیرەژن، پیرەپیاو، شۆڕەژن، پیرەمێرد، کورتەبالاَ، بۆرەپیاو،...تاد

٣- | ناو +بە+ ناو |

قوڕبەسەر، لێوبەبار، کاربەدەست، داربەدەست، چاوبەکل، ڕوبەخاڵ، گوڵبەدەم، دەستبەسەر، دەربەدەر،...تاد

٤- | ناو +ە+ ناو |

شێرەکوڕ، دەردەسەر، ئەسپەژن، پایزەبرا،...تاد

٥- | ئاوەڵناو +ە+ ڕەگ |

کۆنەپەرست، کۆنەفرۆش،... تاد

-٦

| ناو +و+ ناو |
|---|

کەروگا،...تاد

-٧

| ناو +ەو+ ناو |
|---|

دەستەوئەژنۆ، سەرەوژێر، سەرەوژور، سەرەوخوار،... تاد

-٨

| ناو +او+ ناو |
|---|

ڕەنگاوڕەنگ،پێچاوپێچ...تاد

-٩

| ئاوەڵناو +او+ ئاوەڵناو |
|---|

گەرماوگەرم، پڕاوپڕ،دوراودور...تاد

-١٠

| ناو +لە+ ناو |
|---|

چاولەدەر، داخلەدڵ، جامانەلەسەر،خاڵڵەڕو،... تاد

-١٢

| ناو +بە+ چاوگ |
|---|

دەمبەپێکەنین، چاوبەگریان،...تاد

-١٣

| رادە +ب+ڕەگ |
|---|

زۆربلێ،...تاد

١٤-

| ناو +و+ کەرتی بێواتا |
|---|

شڕۆشاتاڵ، چاڵوچۆڵ، خانومان، توندوتۆڵ،گورجوگۆل،... تاد

١٥-

| ئاوەڵناو +و+ کەرتی بێواتا[بەواتا] |
|---|

لوسوپوس،ساردوسڕ،خەستوخۆڵ،تەنگوچەڵەمە،ڕێکوپێك،گورجوگۆڵ،ڕەقوتەق،نەرمونۆڵ ،...تاد

## ٣-٣-١-٣یاساکانی لەیەکدانی ئاوەڵناو بە یاریدەی پێشگر و پاشگر و ناوبەند :

١-

| ناو +ناو+ ی |
|---|

گولگولی ، خەتخەتی، سەرسەری، چلچلی،... تاد

٢-

| ناو +ناو+ ین |
|---|

گولگولین، خەتخەتین، چلچلین، پەڕپەڕین،... تاد

٣-

| بێ +ناو+ و+کەرتی بێواتا [ بەواتا] |
|---|

بێخێروبێر، بێسەروبەر، بێفرتوفێڵ، بێناوودەنگ،... تاد

٤-

| ناو +قەد+و |
|---|

تەلاّقخواردو، گوێگرتو، خواگرتو،...[113] تاد

٥-

| |
|---|
| ناو +ڕەگ+ەر |

قەرزخۆر، حەرامخۆر، گۆشتخۆر،...[114] تاد

٦-

| |
|---|
| ئاوەڵناو+هەڵ + ڕەگ +راو |

ڕەشهەڵگەڕاو، سورهەڵگەڕاو،...تاد

٧-

| |
|---|
| ئاوەڵناو+ڕەگ +/ەر/ |

پیسخۆر، پاکخۆر، گەنخۆر،...تاد[115]

٨-

| |
|---|
| ڕادە+ڕەگ +/ەر/ |

کەمخۆر، زۆرخۆر، فرەخۆر،...تاد

## ٣-٢-١سینتاکسی ئاوەڵناو :

یەکەزمانییەکان لە بچوکترینیانەوە لەیەکدەدرێن بۆ دروستکردنی دانەی لە خۆیان گەورەتر، بۆ نمونە ((لەو ژمارە کەمەی فۆنیم کە لە زمانی کوردیدا هەیە، ژمارەیەکی بێکۆتا بڕگەمان دەستدەکەوێت، لە ئەنجامی لەیەکدانی بڕگەکان مۆرفیم و لە ئەنجامی لەیەکدانی مۆرفیمەکان وشە و فرێز، پاشان بە لەیەکدانی فرێزەکان ژمارەیەکی بێکۆتا ڕستەمان دەستدەکەوێت)) [وریا عومەر ئەمین : ٢٠٠٩:٢١٤]. ((دەکرێت سینتاکس بەو ئاستەی زمان پێناسە

[113] بۆ نمونەی زیاتر بڕوانە : مەسعود محەمەد: ٢٠١١: ٢٠١.

[114] ئەو ڕەگانەی، کە بە بزوێن کۆتاییان دێت، کاتێك پاشگری / ەر/ یان دەچێتەسەر، بەهۆی یاسایەکی فۆنۆلۆژییەوە ،/ە/ ی پاشگرەکە لەناودەچێت.

[115] پاشگری /ەر/ چوەتەسەر ڕەگی کرداری خواردن، کە بە (ۆ) کۆتایی دێت ،دو بزوێنیش بەیەکەوە نایەن بۆیە بزوێنی پاشگرەکە لەنێوچووە.

بکرێت ، کە لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن وشەکانی زمان لێکبدرێن، بۆ دروستکردنی یەکەیەکی گەورەتری وەك:ڕستە،پارچە،فرێز.)) ،ئەوەی گرنگ بێت لە ئاستی سینتاکسدا بریتییە لە :١ – لێکدان ٢– ڕیزبون ٣–پەیوەندی[116] لێکدان: بریتییە لە لەیەکدانی وشە و مۆرفیمەکان بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو و فرێز، پاشان لێکدانی فرێزەکان لە قاڵبی ڕستەدا، واتە سینتاکس ئەو یاسایانە دیاریدەکات، کە ڕێگەدەدەن بە لەیەکدانی وشەکان لە قاڵبی فرێز و فرێزەکان لە قاڵبی ڕستەدا(( لە هەر ئاستیکدا یاسای تایبەتی بۆ لێکدانی دانەکان هەیە ، یەکێ لە ئامانجەکانی ڕێزمان دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان بەشەکانی ڕستەیە ، ڕویەکی ئەم پەیوەندییە لە چۆنییەتی لەیەکدانی وشەکاندایە.)) [وریاعومەر:١٩٨٨: ١٣٢] . پاشان بە پێی یاساکانی زمانەکە ئەم کەرەستانە ڕیزدەبن، هەمو ڕیزبونێك واتا نادات بە دەستەوە، هەروەها ڕیزبون و تێکدانی ڕیزبون دیسان واتای جیامان دەداتێ.لە فرێز و ڕستەکاندا دو جۆر پەیوەندی هەیە، کە ئەوانیش بریتین لە: ئـ: ڕاستەوخۆ. بـ: ناڕاستەوخۆ(شوێنکەوتو). لە ئاستی سینتاکسدا ئەرك و شوێنی فرێزەکان (وشەکان) دەستنیشاندەکرێت، لەگەڵ دەستنیشاکردنی ئەو یاسایانەی، کە فرێزەکان پێکدەهێنێت. ئێمەش لەم تەوەرەدا بە پێی ئەو بنەمایانەی باسمانکرد لە سینتاکسی ئاوەڵناو دەکۆڵینەوە.

## ٣-٢-٢ فرێزی ئاوەڵناوی - Adjective Phrases :

سادەترین فرێزی ئاوەڵناوی لە ئاوەڵناوێك پێکدێت. ((بەهەمان شێوەی فرێزی ناوی، فرێزی ئاوەڵناویش ئاوەڵناوێك سەرەی فرێزەکەیەتی .)) [Kuiper&Allan:1996:227] دروستەی فرێزی ئاوەڵناوی بەهەمان شێوەی فرێزی ناوی دەکرێت فراوانبکرێت، فراوانکردنەکەش دەکرێت لە ناوەوە و لە دەرەوە بێت. ، دەبێت ئەو ڕاستییەش لە بیر نەکەین ، کە ڕستەش لە دو فرێزی سەرەکی پێکدێت، کە ئەوانیش بریتیین لە(فرێزی ناوی و فرێزی کرداری). بە بێ بونی ئەو دو فرێزە ڕستە دروست نابێت، بەڵام فرێزی ئاوەڵناوی لە چوارچێوەی ئەو دو فرێزەدا دێت. ((پێوانەی جیاکردنەوەی ناو لە ئاوەڵناو لە ئاستی سینتاکسدا ئەوەیە، کە

---

[116] بەکر عومەر عەلی ٢٠١٥/١٢/١٦ چاوپێکەوتن.

ناو دەتوانێت ڕاستەوخۆ دەربکەوێت، بەبێ ئەوەی ڕەگەزی تری پێویست بێت، ئەمەش ناو لە ئاوەڵناو جیادەکاتەوە. )) [Dixon:2004:2]، یاساکانی ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوی بە بەراورد بە فرێزی کرداری و فرێزی ناوی لە زمانی کوردیدا کەمترە، چونکە ئەرکی سەرەکی فرێزی ئاوەڵناوی دەرخستنی لایەنێکی فرێزی ناوییە، یان لەگەڵ کرداری (بون) دا دێت و بەشەکردار تەواو دەکات. بە پێی تیورەزمانییەکان تێڕوانیین دەربارەی فرێزی ئاوەڵناوی دەگۆڕێت، بە شێوەیەکی گشتی ئێستا لە زمانی کوردیدا لەژێر تیشکی هەر دو تیوری (ڕۆنانکاری و بەرهەمهێناندا ) دو بۆچونی جیا لە نێو زمانناساندا هەیە ، ئەوانەی سەر بە ڕێزمانی بەرهەمهێنانن پێیان وایە، فرێزێکی وەك (کچێکی جوان) و ئەو فرێزانەی کە لە(دەرخەر و دەرخراو) پێکدێن، (فرێزی دەرخەری) پێکدێنن.[117] ئاراستەی دووەمیش پێی وایە، کە فرێزی دەرخەری لە زمانی کوردیدا نییە و هەمو ئەو فرێزانەی بە پێی ئەو نمونەیەی سەرەوە ڕۆنراون (فرێزی ناو) ین، لەم هێلکارییە درەختییانەی خوارەوەدا هەر دو بۆچونەکە دەخەینەڕو، بەم شێوەیە :

کچێکی جوان




کچێکی جوان




[117] بڕوانە : ئـ: صباح رشید: ٢٠٠٩: ٦٧

بـ: عەبدولجەبار مستەفا: ٢٠١٠: ١٢١– ١٢٢

سادەترین فرێزی ئاوەڵناوی  لە ئاوەڵناوێك پێكدێت، كە دەبێتە سەرەی فرێزەكە ئەمەش یاسای یەكەمی دروستەی فرێزی ئاوەڵناوییە بەم شێوەیە :

| ف.ئا. = ئاوەڵناو | یاسای ژمارە(١) |
|---|---|

(٧٤) كوڕێكی زیرەك هات .

(٧٥) ئازاد كوڕێكی چاك بوو.







## ٣-٢-٣ فراوانكردنی فرێزی ئاوەڵناوی بۆ ناوەوە :

مەبەست لە دروستەی ناوەوەی فرێزی ئاوەڵناوی، فراوانكردنی سەرەی فرێزی ئاوەڵناوییە بە هەر دو مۆرفیمی / تر/ ، / ترین/ ، كە لە دروستەی فرێزە ئاوەڵناوییەكاندا ڕۆڵی دیاریكەر دەبینن، ئەم دو مۆرفیمە مۆرفیمی پلەن.((ئاوەڵناو وەك كەتەگۆرییەك توانای وەرگرتنی پلەی هەیە. بەمەش خۆی لە كەتیگۆری ناو جیادەكاتەوە، چونكە ناو پلە و مۆرفیمی پلەی بەراورد / تر/ ، پلەی باڵا / ترین/ وەرناگرێت. ))[ عەبدولجەبارمستەفا :٢٠١٠ : ٥٩]

| ف.ئا. = ئاوەڵناو + /تر، ترین/ |
|---|

یاسای ژمارە(٢)

(٧٦) شاخێکی بەرزترم بینی.




(٧٧) بەرزترین شاخم بینی




### ٣-٢-٤ فراوانکردنی فرێزی ئاوەڵناوی بۆ دەرەوە:

فرێزی ئاوەڵناوی بۆ دەرەوە فراواندەکرێت ، ئەویش لە ڕێگەی ئەو کەرەستانەی لەپێشەوە دێن لەگەڵ سەرەی فرێزی ئاوەڵناویدا، کە بە دیارخەرەکانی پێشەوە –Pre- head Specifier– ناودەبرێن. هەروەها ئەو دیارخەرانەی کە لەپاشەوەی سەرەی فرێزی ئاوەڵناوی دێن، کە بە دیارخەرەکانی پاشەوە–Post-head modifier– ناودەبرێن. دەتوانین بە یاسایەکی گشتی بیخەینەڕو:

| دیارخەری پێشەوە+ ف.ئا(سەرە) + دیارخەرەکانی پاشەوە |
|---|

یاسای ژمارە(٣)

**٣-٢-٥دیارخەرەکانی پێش سەرە - pre head specifie:** فرێزی ئاوەڵناوی لە زمانی کوردیدا زیاتر ئارەزوی فراوانکردنی لە پاشەوە هەیە وەك لە پێشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی ئەو کەرەستانەی لە پێشەوە فراوانی دەکەن، زیاترن. لەنێو ئەو کەرەستانەش زیاتر ئاوەڵناو بە یاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵ، سەرەی فرێزی ئاوەڵناوی فراواندەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی ئەو کەرەستانەی فرێزی ئاوەڵناوی لە پێشەوە فراواندەکەن، زۆرترن بە بەراورد بە کەرەستەکانی پاشەوە، هەندێك کەرەستە لە پێشەوە فرێزی ئاوەڵناوی فراواندەکەن بەم شێوەیەیخوارەوە:

١– **فرێزی ڕادە:** فرێزی ڕادە وەك دیارخەری پێشەوەی فرێزی ئاوەڵناوی دێت و سەرەی فرێزی

ئاوەڵناوی فراواندەکات. کاتێك ڕادە لە زمانی کوردیدا وەك دەرخەری پێشەوە دێت، دەبێت فرێزە ئاوەڵناوییەکە لە پلەی (چەسپیو ، بەراورد) دا بێت، نابێت ئاوەڵناو لە پلەی( بالاّ ) دا بێت، چونکە فرێزی ڕادە کاتێك دەکەوێتە پێش فرێزی ئاوەڵناوی، پلەی پێدەبەخشێت، بەڵام پلەی (بالاّ) لە خۆیدا هەڵگری نیشانەی [+ لوتکە] یە، بۆیە پلە وەك دەرخەری پێشەوەی کەم بەهایە.[118] ئەمەش وادەکات لە زمانی کوردیدا ڕادە لە پێش ئاوەڵناوێکەوە نەیەت، کە لە پلەی بالاّ دا بێت.

| |
|---|
| ف.ئا = ف.ڕا + ئاوەڵناو (چەسپیو و بەراورد) |

یاسای ژمارە(٤)




(٧٨) کوردستان زۆر سەوزە لە بەهاراندا.

(٧٩) کوردستان زۆر خۆشترە لە جاران.

(٨٠) *کوردستان زۆر خۆشترینە لە جیهان

٢- فرێزی ناوی : فرێزی ناوی وەك دەرخەرێکی پێش سەرەی فرێزی ئاوەڵناوی لە چوارچێوەی فرێزی کرداریدا دەردەکەوێت. بەڵام دەبێت، کردارەکە کرداری بێهێز بێت و فرێزە ئاوەڵناوییەکە لە پلەی (چەسپیو و بەراورد) دا بێت واتە نابێت، لە پلەی بالاّدا بێت بەم شێوەیە:

یاسای ژمارە(٥)

| |
|---|
| ف.ئا = ف.ن + ئاوەڵناو(چەسپیو و بەراورد) |




(٨١) شەقامەکە پێنج مەتر پانە.

(٨٢) هیوا لەئازاد پێنج ساڵ گەورەترە.

---

[118] بڕوانە: سەرچاوەی پێشو: ٥٩

(٨٣)* شەقامەکە پێنج مەتر پانترینە          ف.ن          ف.ئا

٣- فرێزی پێشناوی : فرێزە پێشناوییەکان وەك دەرخەرێکی پێشەوەی فرێزی ئاوەڵناوی دێن و دەکەونە چوارچێوەی فرێزی کردارییەوە، زۆرجاریش فرێزەکردارییەکە، کرداری (بێهێز)ە، لەم بارەشدا دەبێت فرێزی ئاوەڵناوی لە باری (بەراورد) دا بێت و نابێت لە پلەی (چەسپیو و بالاّ) دا بێت.

| ف.ئا. = ف.پ.ن. + ئاوەڵناو(بەراورد) |
|---|

یاسای ژمارە(٦)

(٨٤) شیرین لە بەناز جوانترە.

(٨٥) کورد لە دوژمنەکانی بەهێزترە.

(٨٦)* کورد لە دوژمنەکانی بەهێزە(بەهێز ترینە)




٤- ئامرازی دەرهاویشتن[119] : هەر دو ئامرازی (هەر،تەنها (تەنیا) ) وەك دەرخەری پێشەوەی فرێزی ئاوەڵناوی دێن، لەم بارەدا فرێزە ئاوەڵناوییەکە دەکەوێتە ناو فرێزی کردارییەوە و سەرەی فرێزە کردارییەکەش کرداری بێهێزە. دەکرێت فرێزی ئاوەڵناویش لە هەر سێ پلەی (چەسپیو ، بەراورد، بالاّ) دا بێت.

| ف.ئا. = ئا.د + ئاوەڵناو (چەسپیو، بەراورد، بالاّ) |
|---|

یاسای ژمارە(٧)

(٨٧) کوڕەکە تەنها زیرەکە.

(٨٨) کچەکە هەر جوانترە .

(٨٩) یاریزانەکە هەر زیرەکترینە.




[119] زاراوەی دەرهاویشتن، لە لایەن چەند زمانەوانێکەوە بەکارهێنراوە، هەندێکی تر هەر بە وشەی (هەر و تەنها) ناوی دەبەن. لە ڕاستیدا لەبەر ئەوەی ئەم دو وشەیە چالاکن لەگەڵ سەرەی فرێزەکان و فراوانیاندەکەن باشتر وایە ناویان بۆ دابنرێت، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئێمە زاراوەی (ئامرازی دەرهاویشتن) مان بە پەسەند زانی ، چونکە ( وشە ) زاراوەیەکی گشتییە .بڕوانە :

ئـ: حاتەم ولیا: ٢٠٠٠: ٤٠

بـ: ئومێد بەرزان : ٢٠١١ : ٤٤

٥–ئامرازی پرس: ئامرازە پرسەکانی وەك (چەند ، کەی ، چۆن،...تاد) وەك دەرخەری فرێزی ئاوەڵناوی دێن ، لەم بارەدا (چەند) لە هەمو ئامرازەکانی تر چالاکترە. فرێزە ئاوەڵناوییەکە دەکەوێتە ناو فرێزە کردارییەکە و سەرەی فرێزە کردارییەکەش کردارێکی بێهێزە، ئاوەڵناوەکەش دەکرێت لە هەر سێ پلەی (چەسپیو ،بەراورد، بالاّ) دا بێت :

| یاسای ژمارە(٨) | ف.ئا = ئا.پ. + ئا (چەسپیو ، بەراورد ،بالاّ) . |
| --- | --- |

(٩٠) دارەکە چەند بەرزە؟

(٩١) هەڵۆ کەی زیرەکترە؟

(٩٢) تۆ چۆن زیرەکترینی؟




### ٣-٢-٦دیارخەرەکانی پاش سەرە - Post head modifier :

مەبەست لە دیارخەرەکانی پاشەوەی فرێزی ئاوەڵناوی ئەو دیارخەرانەن، کە دەکەونە پاشەوەی فرێزی ئاوەڵناوی و بۆ دەرەوە فراوانی دەکەن، بە سەرنجدان لە ئێستای زمانەکەمان دەبینین، فرێزی ئاوەڵناوی تەنها بە خودی ئاوەڵناو فراواندەکرێت ئەویش بە یاریدەی (ئامرازی خستنەپاڵ) و (ئامرازی لێکدەر) دەبێت، کە دەکرێت سەرەی فرێزە ئاوەڵناوییەکە بە ژمارەیەکی بێکۆتا– Infinite– ئاوەڵناو فراوانبکرێت، بەلاّم ((بەکارهێنانی زیاد لە ئاوەڵناوێك پەسەند و باو نییە ، جگە لە هەندێك دەوروبەری دیاریکراو ی زمانی نەبێت، وەك (ڕیکلام و وەسفی بەرهەم لە کەتەلۆگەکاندا).))،[MahabadEzaddin: 2007:57] ، فراوانکردنی فرێزی ئاوەڵناوی بە ئاوەڵناو لە چوارچێوەی هەر دو فرێزی ناوی و کرداریدا ڕودەدات. بەو دروستانەی بە مۆرفیمی لێکدەر – Conjunction– لێکدەردرێن، دەوترێت دروستەی هاوپەیوەند –Coordinate structure–، کە لە ئەنجامی یەکگرتنی دو دروستەیە، کە سەربەهەمان پۆلی فەرهەنگین، هەموشیان وەك یەك سەرەن و

لەهەمان ئاستی پەیوەندیدان.[120] ئەم جۆرە دروستانە بێکۆتا دەتوانرێت فراوانبکرێن، بەڵام لە ڕاستیدا هەرگیز ئەوە ڕونادات و پەسەند نییە .یاسای ئەم دروستەیە بەم شێوەیە دەبێت:

| ف.ئا = ئا.+ و +ئا+ و... |
| --- |

یاسای ژمارە(٩)




(٩٣) بەهار كچێكی زیرەك و پاكوخاوێن و كەم وێنەیە.

(٩٤) كچێكی جوان و باڵا بەرز هات.

هەروەها فرێزی ئاوەڵناوی لە چوارچێوەی فرێزی ناویدا لە ڕیگەی ئاوەڵناوەوە فراوان دەكرێت بە یاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵ، كە بە دروستەی فرێزی ئاوەڵناویی خستنەپاڵی– Adjective – genitive Phrase ناودەبرێت. ئەگەر ئەو ناوەی كە سەرەی فرێزەناوییەكەیە نەناسراوبێت، ئەوا بە یاریدەی مۆرفیمی /ی/ لەگەڵ ئاوەڵناوەكاندا دەخرێنە پاڵیەك و ئاوەڵناوەكانیش بەهەمان شێوە، بەڵام ئەگەر ناسراو بو، ئەوا بە یاریدەی مۆرفیمی / ە/ لەگەڵ مۆرفیمی ناسراوی /ەكە/ كە دەچێتە سەر كۆتا ئاوەڵناو بەم شێوەیە :

| ف.ئا. = ئاوەڵناو +ی +ئاوەڵناو،...تاد |
| --- |

یاسای ژمارە (١٠)

| ف.ئا. = ئاوەڵناو+ە +ئاوەڵناو ...+ەكە |
| --- |

یاسای ژمارە(١١)




(٩٥) ئۆتۆمبیلێكی سپی بەرزم كڕی.

(٩٦) ئۆتۆمبیلە سپیە بەرزەكەم كڕی.

[120] بڕوانە :ئـ: محەمەد عومەر عەول: ٢٠٠٨: ١٢

بـ : حاتەم ولیا: ٢٠٠٠: ٥٧–٥٨.

## ٣-٢-٧ئەرکەکانی فرێزی ئاوەڵناویی:

### ٣-٢-٧-١ ئەرکە سینتاکسییەکان :

لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا تا ئێستا بۆچونێکی یەکگرتو ، لە بارەی ئەرکە سینتاکسییەکانەوە نییە ، ئێمە بە پێویستی دەزانین ڕوانگەی قوتابخانە ڕێزمانییەکان بخەینەڕو دەربارەی ئەرکە سینتاکسییەکان، پاشان خۆمان ئەرکە سینتاکسییەکان لە ڕستەی زمانی کوردیدا دیاریبکەین.

ڕێزمانی دێرین چەندین ئەرکی سینتاکسی دیاریکردبو وەك ((نیهاد ، گورزارە ، دیارخەر، تەواوکەری بەیاریدە، بەرکار(ڕاستەوخۆ ، ناڕاستەوخۆ)، کردار ، جێگری بکەر،...تاد)[١٢١] هەندێك لەو ئەرکانە لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا ناگونجێن.

((بونیادگەرەکان، لە ئاستی ڕستەسازیدا،ڕستەیان بۆ بەشە پێکهێنەرەکانیی دابەشدەکرد ، کە بریتییە لە بەشی نیهاد –Subject– و گوزارە – Predicate– .)) [سەلام ناوخۆش ،٢٠١٠: ٥٦]، چەمکی ئەرکەسینتاکسییەکان لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا گرنگی زۆری هەیە . ((پێناسەکانی ڕ.ب.گ. بۆ چەمکە ئەرکییەکانی ڕستە دەکرێت لە یاساکانی ڕۆنانی فرێزەوە دیاری برکرێت. )) [دیارعلی کمال: ٢٠٠٢ ،٨٠] ،کە بریتیین لە : ١–بکەر ٢–بەرکار ٣– گوزارە ٤– تەواوکەر.ڕێزمانی ئەرکی ئەو ڕێزمانەیە، کە دەیەوێت لەڕوانگەی ئەرکی کەرەستەکانەوە ڕێزمانی زمان دابڕێژێت. کەواتە چەمکی ئەرکە سینتاکسییەکان لە هەمو قوتابخانە ڕێزمانییەکاندا گرنگی پێدراوە، چونکە ((توخمە بەرایییەکانی سینتاکس وشەکانن و ئەمانەش ئەوانەن، کە ناوی پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی (کاتیگۆری لێکسیکی ) یان لێنراوە .)) [محەمەد مەحوی : ٢٠١١ : ٤٧]،کەواتە وشەکان دەچنە نێو قاڵبی فرێزەکانەوە فرێزەکانیش چاڵەکانی ڕستە پڕدەکەنەوە.

---

[١٢١] بروانە : ئـ: کوردستان موکریانی : ١٩٨٦: ١١٥

بـ: نوری عەلی ئەمین : ٢٠١٤: ٤٧–٦٩.

له زمانی کوردیدا دەتوانین ئەم ئەرکانە لە ڕستەدا دیاریبکەین : ١– بکەر ، ٢– کردار ،٣– دیارخەر، ٤–بەرکار ،٥– تەواوکەر ،٦– سەربار. هەمو ئەو جێکەوتە ئەرکیانە بەخورتین– (ناچارین)، Obligatory– تەنها (سەربار) نەبێت، کە جێکەوتەیەکی سەرپشکییە (ئارەزو مەندانەیە) – Optional–[١٢٢].

هەندێك لە زمانەوانە کوردەکان پێیان وایە، کە ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا دەتوانێت ببێتە ( بکەر ،بەرکار ، نیهاد) . ئێستا هەوڵدەدەین، بزانین ئاوەڵناو دەتوانێت کام لەو چالآنەی ڕستە پڕبکاتەوە، کردار تەنها بە کردار پڕدەکرێتەوە بۆیە پێویست ناکات باسی بکەین .

٣-٢-٧-١-١ **بکەر** - Subject: ڕێزمانی دێرین پێی وابو دەکرێت، ئاوەڵناو بە تەنها ڕۆڵی نیهاد –بکەر– ببینێت .[١٢٣] بۆ نمونە :

(٩٧) تێر ئاگای لە برسی نییە .

(٩٨) گەورەو بچوك هەراسانی کردوم.

بە سەرنجێکی خێرا تێدەگەین، ئاوەڵناو ناتوانێت ببێتە بکەر، لە ڕوی لۆژیکەوە ئاوەڵناو ناتوانێت، بە کارێك هەڵبسێت، چونکە (( لە دۆخی بکەریدا ڕوداو بە تەواوی دەکەوێتە سەر بکەر بە واتای ئەوەی بە کارەکە هەڵدەستێت.))[کوردستان موکریانی : ٢٠٠٠ : ١٦] بەڵکو دەتوانێت وەسفی ئەو کەسە بکات کە بە کارێك هەڵدەستێت.

(٩٩) کوڕە بالآبەرزەکە گۆڵێکی جوانی کرد.

٣-٢-٧-١-٢ **بەرکار**- Object: بەرکار وەك جێکەوتەیەکی ئەرکی بریتییە لەو جێکەوتەیەی، کە (( پێویستە بۆ فراوانکردنی واتای کردار))[Bas Aarts 2001: 19]. جێکەوتەی بەرکار بە هەریەك لە فرێزەکانی (ناوی ، جێناوی) و ڕستەی شوێنکەوتو پڕدەکرێتەوە،بەلآم دەتوانرێت

[١٢٢] بڕوانە : ئومێد بەرزان : ٢٠١١: ٧٨– ٧٧ و ئەوسەرچاوانەی لەوێ دراون.

[١٢٣] بڕوانە: کوردستان موکریانی: ١٩٨٦: ٩٨.

سەرەی ئەو فرێزەی کە جێکەوتەی بەرکاری پڕکردووەتەوە بە ئاوەڵناو فراوانبکرێت، وەك لە نمونەکاندا دەردەکەوێت:

(١٠٠) من نانم خوارد.

(١٠١) من نانێکی خۆشم خوارد.

**٣-٢-٧-١-٣- تەواوکەر - Complement** : (( بە مانا فراوانەکەی تەواوکەر بیرۆکەیەکی گشتییە، هەمو ئەو نیشانە بەخورتیانە دەگرێتەوە، کە دەکەونە ناو بەشەکردارەوە .)) [ Cristal : 2008: 92 ] تەواو کەر ئەو جێکەوتە ئەرکیەیە، کە بە هەریەك لە (فرێزی ناوی ، پێشناوی ، ڕادە، ئاوەڵکاری ، ئاوەڵناوی ) پڕدەکرێتەوە .هەندێك زمانەوان تەواوکەر بەم شێوەیە دابەشدەکەن:

تەواوکەر ← بەرکار ← ڕاستەوخۆ

← ناڕاستەوخۆ

← تەواکەری گوزارەیی[١٢٤] (٢٠)

بەلاَم ، ئێمە بە پەسەندی دەزانین ، تەواوکەر بەپێی کردارەکە دابەش بکەینە سەر دو بەش کە ئەوانیش بریتین لە:1-تەواوکەری کرداری تەواو 2-تەواوکەری کرداری ناتەوار.هەندێك کردار لە زمانی کوردیدا تەواوکەر وەك جێکەوتەیەکی بەخورتی داوادەکەن وەك کردارەکانی (پێدان ، لێدان ، زانین ، خستن ، تێگرتن ، لێهاتن ، هەڵگەڕان ، لکان ، لێچون، ... تاد) ئەمەش جیاوازی تەواوکەرە لەگەڵ بەرکاردا. واتە بەرکار ئەو کەرەستەیە یە کە بەر ڕودانی کارەکە دەکەوێت و لەگەڵ کرداری تێپەڕدا دێت، بەلاَم تەواوکەری کرداری تەواو لە زمانی کوردیدا لەگەڵ هەندێك کرداری دیاریکراودا دێت، وەك ئەو کردارانەی خستمانەڕو. ئاوەڵناو لە جێکەوتەی تەواوکەردا دەتوانێت، بە تەنها بە بێ یاریدەی هیچ کەرەستەیەکی تر بێت، بەلاَم کردارەکە دەبێت ، کرداری بێهێز بێت بۆ دەمی (ئێستا ، ڕابردو ، داهاتو) . بۆ نمونە :

---

[١٢٤] بڕوانە : عومەر ئەحمەد: ٢٠٠٩ : ٦٧

(١٠٢) ئەو ژیرە.

(١٠٣) کچەکە جوان بو.

(١٠٤) درەختەکە سەوز دەبێت.

هەروەها ئاوەڵناو دەکەوێتە پێش کرداری (بون ) ەوە، بۆ ئەوەی بەشەکردار تەواوبکات لەم بارەدا بونی ئاوەڵناو بەخورتییە. بۆ ئەوەی بە وردی پەیوەندی نێوان جۆرەکانی کرداری(بون) و ئاوەڵناومان بۆ ڕونبێتەوە،[١٢٥] سەرەتا جۆرەکانی کرداری (بون) دیاریدەکەین، پاشان هەوڵدەدەین بزانین لە ڕستە و فرێزدا ئاوەڵناو دەتوانێت ببێتە تەواوکەری چی جۆرێکیان؟ کرداری( بون ) دەکرێت، دابەشبکرێتە سەر چوارجۆر بەم شێوەیە :١- بونی بونایەتی – کینونە- ٢- بونی هەیی–وجود- ٣- بونی هەبون –تملك- ٤–بونی گۆڕان–تغیر-.[١٢٦]

ئاوەڵناو ئەگەر بە تەنها بێت تەنها دەتوانێت، ببێتە تەواوکەری جۆری بونی بونایەتی، بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەی فرێزێکی ناویدا بێت ئەوا لەگەڵ بونی هەبونیشدا دێت :

| بونی بونایەتی | بونی هەیی | بونی هەبون | بونی گۆڕان |
|---|---|---|---|
| (١٠٥) من زیرەکم . | *من جوان هەم | *من جوانم هەیە | *من بوم بە جوان |
| (١٠٦) من زیرەك دەبم . | * من جوان هەبوم | * من جوانم هەبو | * من دەبم بەجوان |
| (١٠٧) من زیرەکبوم. | | من کوڕێکی جوانم هەیە | |

**٣-٢-٧-١-٤ سەربار - Adjunct** : (( سەربار ئاماژەیە بۆ ئەو کەرەسە سەرپشکیانە، یان ڕەگەزە پلەدوانەی دەکرێت لابرێن، بە بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر پێکهاتەکان هەبێت، باشترین نمونە لە ڕستەدا ئاوەڵکردارەکانن. )) [Cristal :2008:12] بە پێی ئەم پێناسەیە بێت ئەوا ئاوەڵناو ناتوانێت ببێتە سەربار، چونکە ئاوەڵناو کە دەبێتە تەواوکەری کرداری ناتەواو وەك

---

[١٢٥] کوردستان موکریانی باسی ڕۆڵی ئاوەڵناوی کردوە لە فرێزی کرداریدا بەڵام ئاماژەی بە کرداری ( بون) نەداوە ، هەمو نمونەکانیشی کرداری (بون) یان تێدایە: بڕوانە : کوردستان موکریانی : ١٩٨٦: ١٠٥–١٠٧

[١٢٦] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی کرداری ( بون) بڕوانە : عەبدولوەهاب خالید: ٢٠١٠

کەرەستەیەکی بەخورتی مامەڵە دەکات، بەڵکو جێکەوتەی سەربار بە هەریەك لە فرێزەکانی (ئاوەڵکرداری و پێشناوی ) پڕدەکرێتەوە وەك لە نمونەکاندا دەردەکەوێت:

(١٠٨) کوڕەکە زیرەکە. (١٠٩) کوڕەکە بە پەلە هات.

(١١٠) گەشتەکەمان خۆش بوو. (١١١) نانەکەت زو بخۆ.

( زیرەك و خۆش ) ناکرێت لابرێت بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی تێکچونی واتای ڕستەکە، بەلاَم (زو،بەپەلە) دەکرێت لابرێن و واتای ڕستەکەش تێك نەچێت.

### ٣-٢-٧-١- ٥ دیارخەر -Determiner :

ئاوەڵناو وەك دیارخەری پێشەوەی فرێزی ناوی دێت بەلاَم دەبێت لە پلەی (بالاَ)دا بێت، بەلاَم ئەگەر وەك دیارخەری پاشەوەی فرێزی ناوی بێت، ئەوا دەبێت لە پلەی (چەسپیو ،بەراورد) دا بێت :

(١١٢) خۆشترین خواردنم خوارد.

(١١٣) کتێبێکی کۆنم هەیە.

(١١٤) بلوسێکی جوانترم کڕی. دەبێتە دیارخەری فرێزی ئاوەڵناوی، وەك لە یاساکانی دروستەی فرێزی ئاوەڵناویدا لە (٣–٢–٤) ئاماژە مان پێکرد . کەواتە ئاوەڵناو تەنها دو ئەرك لە ڕستەدا دەبینێت، کە ئەوانیش بریتین لە: 1- تەواوکەر٢– دیارخەر.

بەپێچەوانەوە ناتوانێت هیچ ئەرکێکی تر ببینێت لە ڕستەدا وەك لە ڕێزمانی دێریندا دەوترا .

### ٣-٢-٨ شوێنی هاتنی فرێزی ئاوەڵناوی لە ڕستەدا :

زمانەوانەکان بە پێی هاتنی شوێنی ئاوەڵناو لە زمانەکاندا، جۆری ئاوەڵناوەکانیان جیاکردووەتەوە. دیارە بەپێی زمانەکان شوێنی هاتنی ئاوەڵناو دەگۆڕێت، بۆ نمونە ئاوەڵناو لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەیەکی گشتی پێش ناو دەکەوێت بەلاَم لە زمانی کوردیدا بەزۆری

دەکەوێتە دوای ناوەوە، لە زمانی عەرەبیشدا بە هەمان شێوە :  کچێکی جوان ، **بنت جمیل** ، Beautiful girl

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانیین فرێزی ئاوەڵناوی بە پێی جۆری هاتنیان لە ڕستەدا دابەشبکەینە سەر چوار جۆر، کە ئەوانیش بریتیین لە :

١- ئاوەڵناوی پێشناوی – Attributive Adjective

٢- ئاوەڵناوی پاشناوی – Post positive Adjective

٣- ئاوەڵناوی سیاقی – Peripheral Adjective

٤- ئاوەڵناوی نێوەندی – central Adjective [١٢٧]

ئەو زمانانەی، کە لە جۆری یەکەمن  ئەوانەن، کە ئاوەڵناو بە زۆری پێش ناو دەکەوێت، وەك زمانی ئینگلیزی، بەڵام زمانی کوردی  کاتێك  ئاوەڵناوەکانی پێش ناو دەکەون،  کە لە پلەی باڵا دا بن. ئاوەڵناوی پاشناوی  بریتییە لەو ئاوەڵناوەی ، کە بەردەوام پاش ناو دەکەوێت لە زمانی کوردیدا بە زۆری ئاوەڵناو پاش ناو دەکەوێت. (( ئەو ئاوەڵناوانەی کە دەتوانن بەشێوەی پەسنی (واتە لەگەڵ ناودا بێن) و لەگەڵ بەشەکرداریشدا بێن پێیان دەوترێت ئاوەڵناوی نێوەندی، بەڵام ئەو ئاوەڵناوانەی تەنها لەگەڵ یەکێك لەو دوانەدا بێن پێیان دەوترێت ئاوەڵناوی سیاقی )) [Thomas Herbst :2010:163] ئاوەڵناوی زمانی کوردی بەر سێ جۆریان دەکەوێت، کە ئەوانیش بریتیین لە (پێشناوی ، پاشناوی ، نێوەندی) ، بەڵام زمانی کوردی  لەم پۆلینکردنەدا بەر جۆری ئاوەڵناوی نێوەندی دەکەوییت، چونکە بە زۆری ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا دەتوانێت لەگەڵ ناو و کرداریشدا بێت، تەنها پۆلی ئاوەڵناوە نابنجییەکان نەبێت ، کە ناتوانن لەگەڵ بەشەکرداردا بێن.

[١٢٧] لە بارەی شوێنی هاتنی  ئاوەڵناو لەڕستەدا  (ڤیان ئیبراهیم)  سێ جۆر لە شێوەزاری بادینی دیاری دەکات، کە بریتیین لە : ١- ئاوەڵناوی پاشناوی ٢-ئاوەڵناوی پێشناوی٣-ئاوەڵناوی پێشکاری. بڕوانە : ڤیان ئیبراهیم : ٢٠٠٨ : ٦٩

(١١٥) باشترین قوماشم کڕی. (پێشناوی)

(١١٦) قوماشێکی باشم کڕی.(پاشناوی )

(١١٧) چاڵەکە قوڵە . (نێوەندی)

## ٣-٢-٩ ڕیزبونی زنجیرە ئاوەڵناو لە ڕستەدا :

کەرەستەکانی ڕستە لە دو جۆر پەیوەندیدان، یەکەمیان: پەیوەندیی واتاییە، کە سەر بە پەیوەندیی ستونی – Paradigmatic–ە. ئەوی تریشیان پەیوەندیی ڕێزمانییە، کە دەچێتە چوارچێوەی پەیوەندیی ئاسۆیی– Syntagmatic– ییەوە. دەتوانین بڵێین، پەیوەندی ئاسۆیی ((بریتییە لە پەیوەندی پۆلەڕەگەزی جیاواز ،کە لەسەر یەك هێڵی ئاسۆیی پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت. )) [هیدایەت عەبدوڵا :٢٠٠٢: ١٧٠]، بەڵام پەیوەندیی ستونی بریتیە لە پەیوەندی کەرەستە هاوپۆلەکان، وەك جێناوەکان لەگەڵ یەکتردا، ئاوەڵناوەکان،...تاد.بەڵام ئێمە لێرەدا دەمانەوێت ڕیزبونی جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ئاستی ئاسۆییدا بخەینە ڕو، بۆ ئەوەی بزانین کە ئایا زمانی کوردی پێڕەوی هیچ یاسایەکی دیاریکراو دەکات لە هاتنی زنجیرەیەك ئاوەڵناو لەگەڵ یەکتر دا.

(محەمەد مەعروف فەتاح) دەڵێت : (( بەڵگە نەویستە هەر کاتێ ژمارەیەك ئاوەڵناو بەدوای یەکتریدا هاتن، دەبێ بە پێی پێڕەوێك ڕیزبکرێن، واتە ڕیزکردن لە خۆوە بێ یاسا و دەستور نابێت . ))[ محەمەد مەعروف : ٢٠١٠: ٣١٧ ] ، هەروەها پێی وایە ، کە لە زمانی کوردیدا لە کاتی هاتنی زنجیرەیەك ئاوەڵناودا ، پێڕەوی ئەم یاسایە دەکەن :

ڕەنگ + بارستایی+ ڕواڵەت[١٢٨]. بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر ئاوەڵناوەکان لە ڕستەدا بەکاربهێنین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت ، کە زمانی کوردی پێڕەوی هیچ یاسایەك ناکات لە ڕیزبونی زنجیرە ئاوەڵناودا. بەڵام دەبێت ڕیزبونی ئاسایی جیابکەینەوە، لەو ئاوەڵناوانەی کە وشەی لێکدراون، یان ئەوانەی کە ئیدیەمن، یان ئەوانەی کە بون بە لێکسیم، چونکە ئەو کەرتانەی (وشەی

[١٢٨] بڕوانە : محەمەد مەعروف فەتاح : ٢٠١٠: ٣١٨

لێکدراو ، ئیدیەم ) پێکدێنن، قاڵبێکیان وەرگرتوە و هەرگیز ناکرێت، کەرتەکانیان بە جۆرێکی تر لێکبدرێنەوە.

ئەم بۆچونە لەژێر کاریگەریی ڕێزمانی ئینگلیزیدا بووە، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا زۆربەی زمانەوانەکان لەسەر ڕیزبونی زنجیرە ئاوەڵناو پێیان وایە ، کە ئەگەر ژمارەیەك ئاوەڵناو لەگەڵ یەکدا بێن، بەم شێوەیە ڕیزدەبن : هەست+قەبارە+تەمەن+ڕەنگ+بنچینە[١٢٩]... تاد. بەڵام زمانی کوردی پێڕەی هیچ ڕیزبونێکی چەسپاو ناکات، با بڕوانیینە ئەم نمونانەی خوارەوە :

(١١٨) کچێکی سپی باڵابەرزی گەنجی خێرای شەرمنم بینی.

(ڕەنگ+تایبەتی کەسی+تەمەن+خێرایی+تایبەتی واتایی،... تاد)

(١١٩) کچێکی باڵابەرزی سپی گەنجی لاوازی خێرام بینی.

(تایبەتی کەسی+ڕەنگ+تەمەن+تایبەتی کەسی+خێرایی،... تاد)

(١٢٠) کچێکی گەنجی سپی باڵابەرز هات.

(تەمەن+ڕەنگ+تایبەتی کەسی)

بەو شێوەیە دەتوانین چەندین ڕیزبونی جیاوازمان دەستبکەوێت بە پێشوپاشخستنی ئاوەڵناوەکان بە بێ تێکچونی واتا. دیارە ڕیزبونەکانیش هەمان واتا دەگەیەنن.ئەمەش ئاسانی ڕێزمانی زمانەکە دەردەخات، بە تایبەتی بۆ فێربون و لە وتنەوەی زماندا. کەواتە دەتوانین، جۆرەکانی ئاوەڵناوی وەك :

(ڕەنگ+بەها+تەمەن+دوری+خێرایی+دەنگ+کێش+ئەندازە+تام+ڕواڵەتیشت+تایبەتی مرۆڤ+بارستایی(قەبارە)،...تاد.)

لە ڕستەدا و لە ئاستی ئاسۆییدا بە شێوەیەکی جیا ڕیزبکەین و ژمارەیەکی زۆر ڕیزبونمان دەستبکەوێت،بەڵام ئاوەڵناوەکان لە قسەکردندا بە زۆری لەگەڵ یەکتردا بەکارناهێنرێن، واتە یەك تا دو ئاوەڵناو پەسەندە. دەتوانیین بڵێیین هیچ یاسایەکی سینتاکسی زمانەکە نییە، هاتنی ژمارە و جۆری ڕیزبونی ئاوەڵناوەکانمان بۆ مەرجدار بکات، تەنها ئەوە نەبێت، لەنێو ئاخێوەراندا

---

[١٢٩] بۆ زانیاریی لەبارەی ڕیزبونی ئاوەڵناو لە زمانی ئینگلیزیدا بڕوانە: Mahabad Ezaddin : 2007:57

پەسەند نییە و گوێگر بێزاردەکات، کاتێك ژمارەیەکی زۆر ئاوەڵناو لەگەڵ یەکدا بەکاربهێنرێن، تەنها لە باری تایبەتیدا نەبێت .

## ٣-٢-١٠ پەیوەندی سینتاکسی و ڕیزبونی ئاوەڵناو:

لە ڕیزبونی ئاوەڵناودا پێویستە ڕەچاوی پەیوەندی سینتاکسی بەشەکانی ڕستە بکەین، بە چەند خاڵێك هەندێك لایەنی گرنگ لەو بارەیەوە دەخەینەڕو : ١- لە ڕستەدا ئەو ئاوەڵناوانەی کە بوون بە لێکسم –[١٣٠] Lexicalization– لە فەرهەنگدا خاون فۆڕمێکی یەکگرتون، ئەوا هەرگیز ناکرێت، کەرتەکانیان بە جۆرێکی تر لێکبدرێن و ڕیزبونەکەیان تێکبدرێت بۆ نمونە:

(١٢١) تەلەفزوێنێکی ڕەشو سپیم کڕی.

(١٢٢) کچێکی سوروسپیم بینی.

لەو دو ڕستەیەدا هەر دو وشەی (ڕەشوسپی ، سوروسپی ) دو ئاوەڵناوی لێکدراون و کەرتەکانیان قاڵبێکیان وەرگرتووە و کەرەستەکانیان جێگۆڕکێ ناکەن[١٣١] و بە شێوەیەکی تر لێکنادرێن.ئەگەرچی ئاخێوەری کورد تێدەگات، بەڵام پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت. ٢ – (محەمەد مەعروف) پێی وایە، کە ئەو ئاوەڵناوەی لە پلەی بەراوردایە لە ڕستەدا، دەبێ بکەوێتە دواوە،[١٣٢] بەڵام دەکرێت ئەو ئاوەڵناوەی لە پلەی بەراوردایە پێشوپاش بخرێت و واتا و ڕێزمانی ڕستەکەش تێکنەچێت :

(١٢٣) منداڵێکی زیرەك و خاوێنترم بینی.

(١٢٤) منداڵێکی خاوێنتر و زیرەکم بینی .

٣- لە زمانی کوردیدا ئەو کەرەستەیەی (ناو ،ئاوەڵناو) پەیوەندیی دیارخراوی لە ڕستەدا هەیە

---

[١٣٠] بۆزانیاریی دەربارەی پرۆسەی بەلێکسیم بون بڕوانە : محەمەد مەحوی: ٢٠٠٦: ١٠٨

[١٣١] بەکر عومەر عەلی :١٢/١٦/ ٢٠١٦ چاوپێکەوتن

[١٣٢] محەمەد مەعروف فەتاح : ٢٠١٠: ٣١٦

ئەوا دەبێت بکەوێتە دواوە [١٣٣]، واتە لەگەڵ دیارخەرەکەیدا بێت ئەمەش پەیوەندی بە (ئاوەڵناو)ەوە نییە، بەڵکو ناوەکانیش پێڕەوی هەمان یاسا دەکەن :

(١٢٥) نەسرین کچێکی بە ڕەوشت و زیرەك و خۆشەویستی پۆلەکەمانە.

با لە ئێستا دا لە بری ئاوەڵناو ناوێك دابنێین:

(١٢٦) نەسرینی کچی ئازاد و شیرین، دراوسێی ئێمەیە.

بۆیە ئەو پەیوەندییەی ڕستە، پەیوەست نییە بە ئاوەڵناوە وە، بەڵکو پەیوەندی بە دیارخەر و دیارخراوەوە هەیە.

٤- ئەو ئاوەڵناوەی لە ڕستەدا دەرخەری تایبەتی خۆی هەیە، دەکرێت پێش، یان پاش ئاوەڵناوەکانی تر بکەوێت[١٣٤]:

(١٢٧) منداڵێکی زۆر ئازا و چالاك بو.

(١٢٨) منداڵێکی چالاك و زۆر ئازا بو.

٥ - لە ڕیزبونی ئاوەڵناوەکاندا ڕەچاوی کورت و درێژی ژمارەی پیتەکانی ئاوەڵناوەکان ناکرێت، بەڵکو دەکرێت ئاوەڵناوی درێژ ،یان کورت پێش بکەوێت . ئەم یاسایە لەوشەلێکدراوەکاندا جێبەجێدەبێت :

(١٢٩) ئەندازیارێکی وریا و شارەزایە. (ئاوەڵناوی بچوك پێشکەوتوە)

(١٣٠) ئەندازیارێکی شارەزا و وریایە[١٣٥]. (ئاوەڵناوی گەورە پێشکەوتوە)

---

[١٣٣] (محەمەد مەعروف) پێی وایە تەنها ئاوەڵناو بەو شێوەیەیە بڕوانە: س.پ. : ٣١٦

[١٣٤] (محەمەد مەعروف) پێی وایە ، کە هەر ئاوەڵناوێك دەرخەری تایبەتی خۆی هەبو ، دەبێت پێش ئاوەڵناوەکانی تر بکەوێت لە ڕستەدا. س.پ.: ٣١٧

[١٣٥] لە زۆربەی وشە لێکدراوەکاندا، کەرتی بچوك پێش کەرتی گەورە دەکەوێت، بۆ نمونە لە وشە لێکدراوەکانی وەك ( چاوسەوز، دڵگەش ،...تاد) کەرتی بچوك پێش کەرتی گەورە کەوتووە، ئەمە وای کردووە کە (محەمەد مەعروف) پێی وابێت لە ڕیزبونی ئاوەڵناویشدا لە ڕستە دا هەر دەبێت کەرتی بچوك پێش گەورە بکەوێت، س.پ.: ٣١٧.

## ٣-٢-١١ پلەکانی ئاوەڵناو -degree of Adjective :

ئاوەڵناو لە نێو پۆلە فەرهەنگییەکاندا تاکە پۆلە، کە دەتوانێت ( چۆنییەتی و بەراورد و هەڵکەوتنی شتێك لەنێو هاوپۆلەکانیدا ) دەربڕێت، چونکە (( زۆربەی ئاوەڵناوەکان پلەدارن و دەکرێت هەریەك لە وشەکانی وەك (زۆر ، کەم ، یەکجار،... تاد) پێشی بکەون. )) [ Bas Aars 32 : 2001:] ، هەروەها تایبەتییەکی گرنگی ئاوەڵناو ئەوەیە، کە لەگەڵ ئەوەی پلەدارە، بەلأم(( پلەیەکی نادیاری هەیە، دەتوانرێت بەرز و نزمی پێبکرێت. )) [شنەجەبار :٢٠٠٦ : ٨٣ ] ، بۆ نمونە لە هەریەك لەم ڕستانەی خوارەوەدا ڕوندەبێتەوە، کە ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا پلەیەکی نادیاری هەیە و دەتوانرێت کەموزیاد بکرێت :

| پلەی زۆر بەرز | پلەی بەرز | پلەی نزم |
|---|---|---|

(١٣١)-یاریگاکە تەواو گەورەیە. - گوڵەکە بۆنی زۆر خۆشبو. - خانوەکە نەختێك بەرزە.

(١٣٢)-کچەکە هەر زۆر جوان بو.- شاخەکە بەرز بو. - کچەکە هیچ جوان نییە.

(١٣٣)-باڵەخانەکە بێئەندازە بەرزە.- ئای لەوشاخە چەند بەرزە !-یاریزانەکەم زیرەکە.

(( لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا، ئاوەڵناو سێ پلە (١-چەسپیو 2-بەراورد ٣-بالأ) ی هەیە. )) [ئەوڕەحمانی حاجی مارف :٢٠١٤ : ١٦٥] ، بونی هەر دو پلەی (بەراورد و بالأ) بەلای هەندێك زمانەوانەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە لە زماندا ڕێگای جۆرا و جۆر هەیە بۆ بەراوردکردن، نەك بەڵگەی جیاوازی هەر دو پلەی (بەراورد و بالأ) بێت، بەو پێیەی بەراورد بریتییە لە بەراوردکردنی دوشت و پلەی بالأش هەڵکەوتنی شتێك نیشانبدات لەنێو هاوپۆلەکانیدا.[١٣٦] چونکە دەتوانین لە ڕێگەی فۆرمی پلەی بەراوردەوە، پلەی بالأ دەربڕین :

(١٣٤) بەفرین لە هەمو خوێندکارەکانی تر زیرەکترە.

ئاوەڵناوی (زیرەکتر)، لەباری ڕێزمانەوە لە پلەی بەراوردایە، بەلأم لە ڕوی سیمانتیکەوە لە پلەی بالأدایە .

---

[١٣٦] بۆ زانیاریی لەو بارەیەوە بڕوانە : ئـ: شنە جەبار :٢٠٠٦ :٨٢

لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناو سێ پلەی هەیە، کە ئەوانیش بریتیین لە :

١- پلەی چەسپیو ٢- پلەی بەراورد ٣- پلەی باڵا.

٣-٢-١١-١ پلەی چەسپیو – Absolute: ((ئاوەڵناوێکی ڕوتە و هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆژی نییە.)) [ئەوڕەحمانی حاجی مارف :٢٠١٤ : ١٧٠] . واتە ئاوەڵناوەکان کە دەبنە دەرخەری ناوێك لە پلەی چەسپیو دان. هەروەها ئەم پلەیە دەبێتە بنەڕەتێك بۆ دروستکردنی ئەو دو پلەکەی تر.(( پلەی چەسپیو چۆنیەتی شت دەگەیەنێت، بێ ئەوەی پێویست بە بەراوردکردن بکات لەگەڵ چۆنییەتی شتی تر.)) [ك.ك.کوردۆیف : ١٩٨٦ : ١٠٥]

(١٣٥) نازدار کچێکی باش بوو.

ئاوەڵناوی (باش) خاوەنی پلەیەکی نادیارە، تەنها باشێتی نازدارمان بۆ دەردەخات، نە بەراوردی کردوە نە سیفەتی باڵایەتی لەنێو هاوپۆلەکانیدا پێداوە.

٣-٢-١١-٢پلەی بەراورد -Comparative : کاتێك ئاوەڵناو دو( شت، مرۆڤ ، ئاژەڵ،...تاد) بەراورد دەکات، ئیتر لە هەر لایەنێکەوە بێت، ئەوا بە ئەرکی بەراوردکردن هەڵساوە . لە زمانی کوردیدا ، بە دو ڕێگەی جیاواز بەراوردکردن ئەنجام دەدرێت :

یەکەم : ڕێگای مۆرفۆلۆژی : باوترین ڕێگەیە، کە ئەویش بە زیادکردنی پاشگری ڕێزمانی / تر/ دەبێت بۆ ئاوەڵناوی پلەی چەسپیو :

| ئاوەڵناوی پلەی چەسپیو + /تر/ |
| --- |

جوان ← جوانتر ، باش ← باشتر ، خۆش ← خۆشتر ، گەرم ← گەرمتر

لەم بارەدا ئەو دو شتەی ،کە بەراوردەکە لە نێوانیاندا دەکرێت، پریپۆزەیشنی / لە/ دەخرێتە پێش ناوێکیانەوە :

(١٣٦) نەسرین لە بەفرین زیرەکترە .

(١٣٧) ئەوین لە ماریا بەرزترە.

دووەم : ڕێگای لێکسیکی  : واتە لە ڕێگەی لێکسیمێکەوە بەراوردەکە ئەنجامدەدرێت،  بەڵام ئەو وشانەی  کە دەتوانن بەراورد بکەن، پاشگری / تر/ یان  پێوەیە وەك ( پتر، زیاتر ، کەمتر ، زۆرتر،... تاد) ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە، کە لەم بارەشدا مۆرفیمی / تر/ هەر بە لێکسیمەکەوە دەلکێت، بەڵام زۆر جار لە ڕستەدا ئەو دو شتەی، کە بەراوردەکەیان لە نێواندا دەکرێت، یەکێکیان نایەت :

(١٣٨)  لێرە زۆرتر باران باریوە .

(١٣٩)  سلێمانی زیاتر ساردە. هەروەها لە ڕێگەی ئامرازەکانی وەك ( یان.... یان ، یان ، یاخود ، یان،... تاد) دەتوانیین بەرارورد بکەین،[١٣٧] بەڵام  بەراوردەکە  بە شێوەی پرسیاری دەبێت  و ئاوەڵناوەکە  پلەی شتێکمان بۆ دەرناخات :

(١٤٠)  زین جوانە یان شیرین؟

(١٤١)  سلێمانی ساردە ، یان دهۆك؟

وەکو پێشتر باسمانکرد دەبێت، باری ئاوەڵناو لە ڕوی ڕێزمانەوە جیابکەینەوە لە سیمانتیك، چونکە هەندێك جار ئاوەڵناو لە ڕوی ڕێزمانەوە مۆرفیمی / تر/ ی بەراوردی وەرگرتوە، بەڵام ئاوەڵناوەکە لە ڕوی سیمانتیکەوە لە پلەی باڵا دایە وەك لە نمونەکاندا دیارە:

(١٤٢)  هێرش لە هەمومان بەرزترە.

(١٤٣) کۆتر لە تێکڕای  باڵندەکان جوانترە.

(١٤٤) دانا  لە گشت  خوێندکارەکان زیرەکترە.

**٣-٢-١١-٣ پلەی باڵا -Superlative**: (( هەڵکەوتنی شتێ لە ناو کۆمەڵێکدا نیشاندەدات . )) [صباح رشيد: ٢٠٠٩: ٦٦] پلەی باڵا لە یەککاتدا دو واتای تێدا کۆبوەتەوە، یەکەمیان بەراوردی شتێك دەکات، دوەمیان ئەوەیە  پلەیەکی زۆر بەرز دەدات بە یەکێك لەو دو شتەی، کە

[١٣٧] بڕوانە  :   ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠١٤: ١٨٠

بەراوردەکەیان لە نێواندا  کراوە، واتە پلەی باڵا بە پێی ئەم بۆچونە هەر دو کردەی (بەراورد و باڵا) لەخۆ دەگرێت بۆ نمونە: کە دەڵێین :

(١٤٥) گوڵی هێرۆ جوانترین گوڵە.

یەکەمجار گوڵی هێرۆمان بەراورد کردوە لەگەڵ هەمو جۆرەکانی تری گوڵدا، پاشان پێمان وابووە، کە گوڵی هێرۆ لە هەمویان جوانترە. ئەمەش وایکردوە باوەڕ وابێت، کە بونی پلەی باڵا بەڵگەی ئەوەیە، کە ڕێگەی ترمان هەیە بۆ بەراوردکردن لە زماندا.  جگە لە ڕێگەی خودی بەرارورد لە زمانی کوردیدا دو ڕێگە هەیە بۆ پلەی باڵا:

یەکەم: ڕێگای مۆرفۆلۆژی : بە زیادکردنی مۆرفیمی / ترین/ بۆ ئاوەڵناوی پلەی چەسپیو دەبێت[١٣٨] :

| ئاوەڵناوی پلەی چەسپیو + /تر،ترین/ |
| --- |

باش ← باشترین          جوان← جوانترین          گەرم ← گەرمترین

ئەو یاسایە ڕیگایەکی باوە لە زمانی کوردیدا :

(١٤٦) باشترین مۆبایلم کڕی.

(١٤٧) چنار ڕێکترین درەختە.

(١٤٨) دوکان گەورەترین دەریاچەیە لە کوردستاندا.

دووەم :  ڕێگای لێکسیکی : لە ڕێگەی فرێزە پریپۆزەیشنەکانەوە دەبێت، وەك ( لە هەمو لە هەموشت ، لە هەموکەس، ... تاد) لەم بارەدا ئاوەڵناوەکە لە پلەی بەراورد دایە :

| لە هەمو ، لە تێکڕا،... تاد + ئاوەڵناوی پلەی بەراورد |
| --- |

[١٣٨] ئەورەحما حاجی مارف پێی وایە ،ئەگەر  بوترێت  بە زیادکردنی / ین/ دەبێت،  بۆ ئاوەڵناوی پلەی بەراورد  هەر ڕاستە: جوانتر+ ین، بڕوانە: ئەوڕەحاجی مارف : ٢٠١٤: ١٨٤ ،بەلاّم لە ڕاستیدا /ترین/ وەك مۆرفیمێکی سەربەخۆ دەردەکەوێت.

(١٤٩) هيوا له هه‌مويان چالاكتره. ئه‌م ڕسته‌یه هه‌مان واتای ( هیوا چالاكترینه) ده‌گه‌یه‌نێت .

هه‌روه‌ها له ڕێگه‌ی وشه‌ی [هه‌ره] ه‌وه ، ده‌توانیین پله‌ی بالاَ ده‌ربرین، یاساكه‌شی به‌م شێوه‌یه ده‌بێت :

| هه‌ره + ئاوه‌ڵناوی پله‌ی چه‌سپیو |
|---|

(١٥٠) ئه‌وین خوشكی هه‌ره بچوكمانه.

(١٥١) ئه‌م شه‌قامه شه‌قامی هه‌ره گه‌وره‌ی شاره‌كه‌مانه.

به‌لاّم له هه‌مو بارێكدا ئه‌م وشه‌یه ناتوانێت پله‌ی بالاَ ده‌ربرێت، هه‌ندێك جار ده‌بێت مۆرفیمی / ترین/ هه‌بێت له ڕسته دا :

(١٥٢) ئه‌م گوڵه بۆنخۆشترین گوڵه .

(١٥٣) ئه‌م گوڵه یه‌كێكه له هه‌ره بۆنخۆشترین گوڵه‌كان.

(١٥٤)* ئه‌م گوڵه یه‌كێكه له‌هه‌ره بۆنخۆش گوڵه‌كان

له ڕسته‌ی سێیه‌مدا پێویسته مۆرفیمی / ترین/ هه‌بێت .

هه‌ندێك جاریش وشه‌ی [هه‌ره] ته‌نها واتای زۆر ده‌گه‌یه‌نێت و ناتوانێت پله‌ی بالاَ ده‌ربرێت :

(١٥٥) كچه هه‌ره جوانه‌كه‌م بینی.

(١٥٦)باڵه‌خانه هه‌ره به‌رزه‌كه ڕوخا .

(١٥٧) ئۆتۆمبیلێكی هه‌ره جوانم كڕی .

له‌م ڕستانه‌دا [هه‌ره] نه به‌راورد ده‌گه‌یه‌نێت، نه هه‌ڵكه‌وتنی شتێك له نێو هاوپۆله‌كانیدا، به‌ڵكو ته‌نها واتای ڕاده‌ی ( زۆر ) ده‌گه‌یه‌نێت.

# ئەنجامەکان

## ئەنجامە بەدەستهاتووەکان

١)پۆلەفەرهەنگییەکان کەرەستەی سەرەکی هەر دو ئاستی مۆرفۆلۆژیا و سینتاکسن ، بابەتێکی هاوبەشن لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا ،چونکە هەر ئەمانن فریز ڕۆدەنێن و پاشان چاڵەکانی ڕستە پڕدەکەنەوە.

٢)زاراوەی بەشەکانی ئاخاوتن زاراوەیەکی گشتییە و ناتوانرێت، هەمو کەرەستەزمانییەکانی لەژێردا پۆلێنبکرێت، بەپێچەوانەوە پۆلێنکردن و جیاکردنەوەکە ورد و زانستیی نابێت، بۆیە ئێستا کەرەستە زمانییەکان لەژێر چەند پۆلێکدا پۆلێندەکرێن و ئەندامانی ئەو پۆلانەش سیفەتی هاوبەشییان پێکەوە هەیە.

٣) بەپێی ئەو بنەمایانەی کە پۆلەفەرهەنگییەکانی لەسەر پۆلێنکراون، لە زمانی کوردیدا چوار پۆلی فەرهەنگی هەیە،کە ئەوانیش برتیین لە (ناو،ئاوەڵناو،ژمارە،کردار).

٤)ئاوەڵناو پۆلەفەرهەنگییەکی سەربەخۆیە و سەربە هیچ پۆلێکی تر نییە،چونکە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ئاوەڵناوەکان تۆماردەکرێن و واتاکانیان لێکدەدرێتەوە، ئەگەرچی ژمارەیان لە (ناو ،کردار) کەمترە.

٥)لە ڕێزمانی دێرینی کوردی و زمانانی تریشدا چەندین کەرەستە بە ئاوەڵناو دانراون ،کە هیچ تایبەتییەکی ئاوەڵناویان تێدا نییە، وەك ( ئاوەڵناوی نادیاریی، نیشانە، خاوەندارێتی ، ژمارە، لەقەب، پیشە،جیاکردنەوە، پرس،...تاد) بەڵکو ئەمانە سەر بە پۆلی ترن.

٦)لە زمانی کوردیدا (٩) جۆری ئاوەڵناو لە ڕوی واتاوە هەیە،کە هەریەکەیان تایبەتێتی خۆیان هەیە،هەروەها هەندێك پۆلی نابنجی ئاوەڵناو هەن، کە هەمو تایبەتییەکانی ئاوەڵناویان تێدا نییە ، بۆیە لە چوارچێوەی ئەو (٩) جۆرە بنەڕەتییە دانەنراون، کە ئەوانیش بریتیین لە ( ئاوەڵناوی کراو و کردو، ئاوەڵناوی ڕێژەیی)،بۆ نمونە ئاوەڵناوی کراو و کردو هەمو پێشگر و پاشگرەکانی کردار وەردەگرن ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە بنەڕەتدا لە کردارەوە هەڵگوێزراون.

٧) هەندێك ناو هەن،کە نیشانەکراون لەلایەن کۆمەڵەوە، بەهەندێك لە نیشانەواتاییەکانی ئاوەڵناو، ئەم ناوانە نابنە ئاوەڵناو، چونکە هیچ تایبەتییەکی ئاوەڵناویان تێدا نییە،جگە لەوەی بەکارهێنانێکی پەسنکەرانەیان هەیە ، کە ئەرکێکی سەرەکی ئاوەڵناوە.

٨) ئاوەڵناوەکان لەگەڵ پۆلە فەرهەنگی و سینتاکسییەکاندا پێکدادەچن،هەورەها لەگەڵ ناودا زیاتر پێکدادەچن، وەك لە کردار و ئاوەڵکردار.

٩) کاتێك زنجیرەیەك ئاوەڵناو لە ڕستەیەکدا بەیەکەوە دێن ، پێڕەوی هیچ یاسایەکی دیاریکراوی سینتاکسیی ناکەن لە ڕیزبونەکەیاندا ، بەڵکو دەکرێت پێش و پاش بخرێن بەبێ تێکچونی واتا ، ئەمەش ئاسانی ڕێزمانی زمانی کوردی دەردەخات، هەروەها لایەنێکی ئەرێنییە لە فێربونی زماندا.

# پێشنیازەکان

## پێشنیازەکان

١) چەند نامەیەکی ئەکادیمی لەسەر پۆلە فەرهەنگییەکانی تری وەك( کردار،ناو ، ژمارە)،هەروەها لەسەر پۆلە ئەرکی و سینتاکسییەکانی وەك ( جێناو، ئاوەڵکردار، وشەی ئەرکی...تاد) هەن، بە بۆچونی ئێمە ئەم نامە ئەکادیمیانە دەتوانن خزمەتێکی گرنگ بە ڕێزمانی نوێی کوردی بکەن، بۆیە بە باشی دەزانیین بەیەکەوە وەك زنجیرە کتێبێك چاپبکرێن،هەروەها وەزارەتی پەروەردەش پشت بە بۆچونەکانی ئەم نامانە ببەستێت لە دانانی پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردیدا، بۆ ئەوەی خوێندکار پێش قۆناغی هاتنەزانکۆ، زانیاری لەسەر ڕێزمانی نوێی کوردی هەبێت.

٢) زۆر جار پێویستمان بە فەرهەنگێك هەبو ،کە تایبەت بێت بە ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا،بەلاّم بەردەست نەکەوت، بۆیە پێشنیاز دەکەین فەرهەنگێك بۆ ئاوەڵناوەکانی زمانی کوردی دابنرێت ، کە تێیدا ئاوەڵناوە باوەکانی ئێستای زمانەکەی تێدا تۆماربکرێت و واتاکانیانی تێدا لێکبدرێتەوە لەگەڵ هاوواتا و دژواتاو هایپۆنیمەکانیان، هەروەها چۆنییەتی بون بە ( ناو ، کردار، ئاوەڵکردار...تاد)، واتە سەرجەم زانیارییەکانیان لەگەڵدا تۆماربکرێن.

٣) لەبەر کەمی مەودای لێکۆڵینەوەکەمان هەندێك لایەنی گرنگی ئاوەڵناو هەبو ، نەمانتوانی وەك تەوەرێکی جیا تیشکیبخەینەسەر. بۆیە پێشنیاز دەکەین بکرێنە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ، بۆ نمونە لایەنی واتایی ئاوەڵناو، واتە (سیمانتیکی) ئاوەڵناو دەکرێت، بکرێتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ، چونکە بابەتەکە فرە ڕەهەندە و هەر لە ( دژواتا، هاووتا، هایپۆنیم، کێڵگەی واتایی، نیشانەی واتایی، دیاردەی کێڵگە گۆڕین لەنێوان جۆرەکانی ئاوەڵناودا،...تاد) دەگرێتەوە. هەروەها هەندێك لایەنی پراگماتیکی ئاوەڵناو ،کە ئێمە نەماندەتوانی باسیانبکەیین، وەك بەکارهێنانی پراگماتیکیانەی ئاوەڵناو، ئاوەڵناو و گۆڕانی واتا لەکاتی بەکارهێنانی لەلایەن کۆمەڵەوە، واتە مۆرفۆپراگماتیکی ئاوەڵناو ، کە دەبێت وەك لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ ئەنجامبدرێت.

٤) ئەنجامدانی لێکۆڵینەی بەراورد لەنێوان زمانی کوردی و زمانە زیندوەکانی دنیادا ڕۆڵیکی گرنگی دەبێت بۆ ڕونبونەوەی خاسیەتی کەرەستە بەراوردکراوەکە لە زمانی کوردیدا، لەم سۆنگەیەشەوە دەکرێت ئەو لێکۆڵەرانەی، کە پسپۆڕێتییان زمانە و یەکێك، یان زیاتر لە زمانەزیندوەکانی وەك (

عەرەبی ، ئینگلیزی ، ئیسپانی ، فەرەنسی ، ئەڵمانی ...تاد) دەزانن ، هەڵبستن بە بەراوردکردنی پۆلە فەرهەنگییەکان و لەنێویشیاندا ئاوەڵناو، لەگەڵ زمانەکانی تردا ئەمەش دەبێتە هۆی ڕونبونەی خاسیەتەکانی ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## ١) بە زمانی کوردی

### ئـ: کتێب


١. ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید(٢٠١٣)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا ،سلێمانی.
٢. احمد حسن احمد(١٩٧٦) ، ڕێزمانی کوردی،بەرگی یەکەم،دارالجاحظ، بەغدا.
٣. ئەوڕەحمانی حاجی مارف( ٢٠١٤)،ئاوەڵناو ، چاپی دووەم ،هەولێر.
٤. ......................(١٩٧٩) مۆرفۆلۆژی،(بەرگی یەکەم) ، بەشی یەکەم ، ناو، بەغدا.
٥. ......................، (٢٠١٤)، وشەسازی ، بەشی چوار ، (ژمارە و ئاوەڵکار) ، چاپی دووەم ،چاپخانەی ڕۆژهەلآت ، هەولێر.
٦. ئەمیرحەسەنپور، (٢٠١٥)، سەدەیێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا: تیۆری سیاسەت و ئیدەلۆژی، چاپخانەی ژین ، سلێمانی.
٧. ئومێد بەرزان برزۆ، (٢٠١١)،زمانەوانی ،بەرگی یەکەم ،چاپخانەی گەنج،سلێمانی.
٨. ......................، (٢٠١١)دروستەی فرێزو ڕستە لە زمانی کوریدا،سلێمانی .
٩. توفیق وەهبی، (1929)، دەستوری زمانی کوردی ،جزمی یەکەم، بەغدا.
١٠. جگەر خوێن،( ١٩٦١) ،اوا او دستورا زمانی کوردی، بەغداد.
١١. شیرکۆبابان، (٢٠١٤)، بەرەو ڕێزمانی ئاوەڵناو ، هەولێر.
١٢. ڕێزمانی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، (٢٠١١ )، چاپی دووەم ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٣. ڕەفیق شوانی، (٢٠٠٨)،ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن،چاپخانەی (خانی) ،دهۆک.

١٤. سەعید صدقی کابان ،(١٩٢٨)، مختصر صرف و نحوی کوردی ،بەغدا.

١٥. سەلام ناوخۆش & نەریمان خۆشناو ، (٢٠١٠ )، زمانناسی ،بەرگەکانی (١-٢-٣)، هەولێر.

١٦. شیلان عومەر حسەین ، (٢٠١٢)، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٧. صباح ڕەشید قادر، (٢٠٠٩)، هەندێک لایەنی (GB) لە زمانی کوردیدا، هەولێر.

١٨. صادق بەهادین، (١٩٧٦)،ڕێزمانا کرمانجی،بەغدا.

١٩. عەبدولواحید موشیر دزەیی ،(٢٠٠٩ )،واتاسازی ،هەولێر.

٢٠. عەبدولوەهاب خالید موسا ، (٢٠١٠)،ڕێزمانی (بوون و هەبوون) لە کوردیدا، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٢١. عەبدوڵڵاحوسێن ڕەسووڵ،(٢٠١٥)،چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی،بەرگی یەکەم ،هەولێر .

٢٢. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠)،دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، ،سلێمانی.

٢٣. سەلام ناوخۆش (٢٠٠٨)، پوختەیەک دەربارەی زمانناسی (مێژوویی – بونیادگەری-چۆمسکی)، چاپی دووەم ، هەولێر.

٢٤. قەناتی کوردۆ (١٩٧٨)، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، و/ لە ڕوسییەوە /کوردستان موکریانی، بەغداد.

٢٥. کورشی سەفەوی(٢٠٠٦) ، چەند لایەنێکی واتاسازی ، و/ دلێرصادق کانەبی،چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەدرە.

٢٦. کلۆد جیرمان و ریمۆلۆبلان (٢٠٠٦)، واتاسازی ، و/ یوسف شەریف، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەوەردە، هەولێر.

٢٧. ک.ک. کوردۆیف (١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی (بەکەرەسەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی ) و/ لە ڕوسییەوە : کوردستان موکریانی ، هەولێر ،.
٢٨. کوردستان موکریانی، (١٩٨٦)،سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا ، بەغدا.
٢٩. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەدەی عێراق ، (١٩٧٧)، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی، ،چاپی سێیەم،کۆماری عێراق.
٣٠. محەمەد ئەمین هەورامانی(١٩٧٣)، سەرەتایەک لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، بەغدا .
٣١. محمد محمد یونس(٢٠١٠)،دەروازەیەک بۆ زمانەوانی ، و/لە عەرەبییەوە نەریمان عەبدوڵڵ خۆشناو، هەولێر.
٣٢. محەمەد مەعروف فەتاح، (٢٠١١)، زمانەوانی ، چاپی سێیەم ، هەولێر.
٣٣. ......................، (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان،چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.
٣٤. ، محەمەدمەعروف فەتاح و صەباح ڕەشید(٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپی یەکەم ، هەولێر.
٣٥. محەمەد مەحوی(٢٠١١ )، بنەماکانی سینتاکسی کوردی(بەرگی یەکهەم)، چاپی یەکهەم ،زانکۆی سلێمانی .
٣٦. ......................، (٢٠٠١)سینتاکسی زمانی کوردی ، سلێمانی.
٣٧. ......................، (٢٠٠٦)ئاوەڵناوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆک- وابەستە، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٣٨. مەسعود محەمەد، (٢٠١١)، زاراوەسازی پێوانە، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٣٩. نوری عەلی ئەمین، (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی ، چاپی سێهەم ،چاپخانەی منارە، هەولێر .
٤٠. نەریمان عەبدوڵڵ خۆشناو ، (٢٠٠٧ ) ، چەند بابەتێکی زمانەوانی ، کەرکوک.

٤١. ......................... ، (٢٠١٠)، ڕێزمانی کوردی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلاٌت، هەولێر ،.

٤٢. نایف خرما،(٢٠١٣)، چەندتیشکێک بۆسەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییەهاوچەرخەکان، و/ شەهاب شێخ تەیب، چاپی یەکەم ، کەرکوک.

٤٣. نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی، ( ١٩٨٢ )، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی زانکۆی سەلاٌحەدین.

## ب :گۆڤار

٤٤. ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٩٨)، کورتە هەڵسەنگاندنێکی شەش کار لە لێکۆڵینەوەی (ئاوەڵناو)دا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ١١٧.

٤٥. ......................... ، (١٩٨٨) ئاوەڵناو بەشەئاخاواتنێکی سەربەخۆیە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە.١١٨.

٤٦. ئەمیر محەمەد محەمەدئەمین&یوسف شەریف سەعید، (٢٠١٤)، وشەئەرکییەکان لە ئاستی سینتاکسدا، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە ٣٠.

٤٧. کوردستان موکریانی،(١٩٨٣)، ئاوەڵناو لە ڕستەی کوردیدا بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی خواروو کرمانجی ژووروودا، گ. کاروان، ژمارە ٥.

٤٨. موحسین عەلی حوسێن، (٢٠١٤)، دوانەکانی سوسێر، گۆڤاری زمانناسی ، ژمارە.١٥.

٤٩. محەمەد عەبدولفەتاح سەعید ،( ٢٠١٣)، ئاوەڵکردار ئاوەڵکرداریی و ناوی کات، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، (بەشی B) ژ.٤٢.

٥٠. وریا عومەر ئەمین، (١٩٨٨)، لێکدانی وشەکان،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە.١١٨.

٥١. محەمەد عەبدولفەتاح سەعید، (٢٠١٤ )، ئاوەڵناوی کوردیی لەنێوان تیۆری و تایبەتییەکانیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ،(بەشیB).

٥٢. وريا عومەر ئەمین، (٢٠٠٧ )، بواری زمانەوانی و ئاستەکانی شیکردنەوە، گۆڤاری ئەکادیمیا ، ژمارە ٥ .

٥٣. عبدالجبار مستەفا مەعروف،( ٢٠١٣)، ئاوەڵکار لە فەرهەنگ و سینتاکسی زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ، ژمارە.٢٤.

٥٤. محەمەد مەعروف فەتاح، (١٩٩٠)، هەندێک تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ.١٢٥.

٥٥. دکتۆر بائیز، تێکەلی د ناڤبەرا هاڤەلناڤێن ،ڕێزگرتن و پیشە و لەقەب د زمانی کوردیداکرمانجیاسەری گۆڤاری پەیڤ،ژمارە.٤٦،ل٤٢.

٥٦. نعمت علی سایە،(١٩٨٨)، ئاوەڵناو و ئاوەڵکار لە زاری کەلهوڕیدا،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە.١١٨.

## پ: نامەی ئەکادیمی

٥٧. بابارەسول نوری رەسول، (٢٠٠٩)، پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا، (نامەی ماستەر) ،زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی ئاداب.

٥٨. تابان محەمەد سەعید، (٢٠١٤)، کێڵگەواتاییەکان لەڕکێفەمەودای کۆمەڵەوە،(نامەی دکتۆرا)، زانکۆی سلێمانی .

٥٩. عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان،(٢٠٠٩)، فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا(نامەی ماستەر) ، زانکۆیسەلاحەدین.

٦٠. فەرهاد تۆفیق حەسەن، (٢٠١٠)، پەیوەندییەسیمانتیکییەکان و هەندێک دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیا، (نامەی ماستەر) ، زانکۆی سلێمانی .

٦١. قەیس کاکل تۆفیق، (١٩٩٥)، جۆرەکانی ڕستە و تیوری کردە قسەییەکان،(نامەی ماستەر)، زانکۆی سەلاحەدین.

٦٢. ڕێژنە ئیسماعیل عەزیز، (٢٠٠٨)، ناونان و هەست لە زمانی کوردیدا، (نامەی ماستەر)، زانکۆی سەلاحەدین.

٦٣. ڤیان ئیبراهیم عەلی،(٢٠٠٨)،تایبەتێن هەڤالناڤی د زمانێ کوردیدا(نامەی ماستەر) ،زانکۆی دهۆک.

٦٤. حاتەم وليا محەمەد، (٢٠٠٠)، فرێزی ناوی و فرێزی كاری لە كرمانجی ژوروودا،(نامەی ماستەر)،زانكۆی سلێمانی.

٦٥. كەوسەر عەزیز ئەحمەد، (١٩٩٠)، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی كوردی ، (نامەی ماستەر)، زانكۆی سەلاحەدین.

٦٦. دیار عەلی كمال،(٢٠٠٢)، ڕێزمانی كوردی ڕوانگەیەكی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە،(نامەی ماستەر)زانكۆی سەلاحەدین.

٦٧. محەمەد مەجید سەعید،(٢٠١٥)، پرۆسەی بەلێكسمبون لە زمانی كوردیدا،(نامەی ماستەر)،زانكۆی سلێمانی.

٦٨. محەمەد عومەر عەول، (٢٠٠١)، دابەشبونی كرداری لێكدراو لەڕوی داڕشتن و ئەركەوە لە دیالێكتی كرمانجی خواروودا،(نامەی ماستەر) زانكۆی سلێمانی.

٦٩. ......................،(٢٠٠٨)، كردەی تەواوكردن لە زمانی كوردیدا،(نامەی دكتۆرا)، زانكۆی سلێمانی.

٧٠. نازەنین جەلال ئەحمەد، (٢٠٠٤)،وشەی لێكدراو لە دیالێكتی كرمانجی خواروی زمانی كوردیدا (نامەی دكتۆرا)، كۆلێجی پەروەردە(ئیبن روشد)، بەغداد.

٧١. همزە حسین حمە، (٢٠١١)، تەمومژی لە زمانی كوردیدا(نامەی ماستەر) زانكۆی كۆیە.

## ٢) بە زمانی عەرەبی

٧٢. ابراهيم انيس،( ١٩٥٧)، من اسراراللغة،المكتبة انجلو المصرية،القاهرة.

٧٣. احمد مختار عمر،(١٩٩٨)،علم الدلالة، الطبعة الخامسة،القاهرة ،.

٧٤. ابو اوس ابراهيم الشمسان، (٢٠١٣) ، المجلة الثقافية، الخميس،ربيع الثاني ،العدد٣٩٦، ٤ فبرايير.

٧٥. تمام حسان،( ١٩٧٣) ، اللغة معناها ومبناها، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب.

٧٦. ................،(١٩٥٥)، مناهج البحث في اللغة، المكتبة انجلو المصرية،القاهرة.

٧٧. ديبوجراند، (١٩٩٨)،النص والاخطاب والاجراء، ت/تمام حسان ، الطبعة الاولى ،القاهرة .

٧٨. ر. هـ. روبنز، (١٩٩٧) ، موجز تاريخ عم اللغة ، ت/ احمد عوض، نوفمبر ، الكويت.

٧٩. جرهارد هبلش،( ٢٠٠٧ )،تطور علم اللغة منذ ١٩٧٠م،ت/سعيد حسن بحيرى ، القاهرة ، اولى.

٨٠. ..................، (٢٠٠٣ )، تاريخ علم اللغة الحديث، ت/ سعيد بحيرى ، الطبعة اولى ، القاهرة ،.

٨١. عماد عبدالرحيم – رافع نصير، علم النفس المعرفى، عمان – الاردن،٢٠٠٨.

٨٢. فاضل مصطفى الساقى، (١٩٧٧) ،اقسام الكلام العربى، القاهرة،.

٨٣. فردیناند دى سوسير،( ١٩٨٥)، علم اللغة عام ، ، ت/ يؤيل يوسف عزيز،بغداد، الطبعةالاولى.

٨٤. منقور عبدالجليل ، (٢٠٠١) ، علم الدلالة ، دمشق.

٨٥. محمدمحى الدين ، (٢٠٠٨)، التحفة السنية.

٨٦. ماريوپاى، (١٩٩٨)، اسس علم اللغة، ،ت/ احمد مختار،الطبعة الثامنة، القاهرة

٨٧. محمودفهمى حجازى،مدخل الى علم اللغة، القاهرة.

٨٨. محمد محمد يونس،(٢٠٠٤ )،مدخل الى اللسانيات،الطبعة اولى، ليبيا.

٨٩. نايف خرما،( ١٩٩٠)،اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة،كويت.

٩٠. يوسف معاش،(٢٠٠٨-٢٠٠٩)،الصفة فى اللغة العربية بين بني العربى التقليدى واللغويات الحديثة(الرسالة ماجستير)، جامعةالحاج لخضر باتنة.

## 3) به زمانى فارسى

٩١. اسماعيل صادقى، (١٣٨٨)، تعريف اسم - صفت – قيد در دستور زبانهاى سنتى فارسى، فصلنامه دانشكده و علوم انسانى ،سال چهارم شماره ١٤-١٥-.

٩٢. حسن انورى،(١٣٩٠) ،دستور زبان فارسى ، ،چاپ اول ، اصفهان.

٩٣. ..............،(١٣٨٩) ،دستورزبان فارسی ،چاپ اول،تهران.

## 4) به زمانی ئینگلیزی

94. Amin Wrya Omar,) 1997), Aspect of the Verbal Construction in Kurdish, London University.
95. Bass Aarts,) 2001), English Syntax and Argumentation, Second Edition, University Of London.
96. David Crystal,( 2004), Encyclopedia of the English Language, Second Edition .Uk.
97. ................,( 2008), Dictionary of the Linguistics and Phonetics.
98. Dixon.R.M.W,( 2004), Adjective Classes in Typological Perspective, Oxford University Press.
99. ................., (1977), Where Have All Adjective Gone, Berlin.
100. Fatima Hassan Pirot, (2009), Adjective Complementation in English and Central Kurdish, MA, Salahaddin University.
101. Fromkin &Rodman, (2003), an Introduction to Language, Seven Editions
102. Francis Katamba,) 2006), Morphology, Second Edition, England.
103. Gorge Yule,) 1979), the Structure of Language, Second Edition, Cambridge University Press.
104. Jon Lyon,) 1968)Introduction to Theoretical Linguistics, Cambridge, Cambridge University Press.
105. Koenroad Kuiper& W. Scot Allan,( 1996), An Introduction To English Language, First Published, London

106. Laurel J. Brinton& Donna M. Brinton,( 2010), the Structure of English, Jon Benjamin Published Company.
107. Marslen Wilson &Tyler, Morphology and Meaning in the English Mental Lexicon, Ipc (American Psychological Association) 1994.
108. M. Hasplemath,( 2001), Word Classes and Part Of Speech, (International Encyclopedia of the Social &Behavioral Sciences.
109. Mahabad Ezaddin Muhammad,( 2007), the Structure of the Noun in Standard English and Central Kurdish, Ma, Salahadin University.
110. Mark Aronoff &Janie Rees –Miller,( 2003), the Hand Book of Linguistics, Singapore.
111. Noam Chomsky,) 2002), Syntactic Structure, Second Edition, Berlin.
112. Nidham Sheet H-Altaee,( 2005), the Syntax and the Semantic Of the Adjective in English.
113. Pernilla Hallonsten,( 2009), On the Universality and Variation of the Adjective Category.
114. Roger Stone,) 2010), an Automated Template Approach to Morphology and Syntax Description for Ayta Abellen (Using Flex and Paws), M.A. In Applied Linguistics, Faculty of the Graduate Institute of Applied Linguistics.
115. Radford,( 2004), Transformational Syntax, Cambridge.

116. Radford &Atkinson, (2009), Linguistics an Introduction, Second Edition, USA, New York.
117. Stephan Garmley & Kurt- Michael, (1992), a Survey of Modern English, First Edition, London.

118. Thomas Herbst, (2010), English Lingustics (A Coursebooke for students English), London.

### 5) ئەنتەرنێت

119. www.sid.ir
120. www.awa.com\Norton

### 6) چاوپێکەوتن

١٢١. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، ٢٠/ ١٢/ ٢٠١٥
١٢٢. بەکر عومەر عەلی ١٦/ ١٢/ ٢٠١٥

# پوخته

## الملخص:

هذا البحث الموسوم بـ (نظرة جديدة للصفة فى اللغة الكردية) سعى من خلاله الباحث عرض من بعض الجوانب المهمة للصفة و دراستها، وخاصة تلك الجوانب التى لم يُتطرّق إليها فى لهجة كرمانجي الوسطى ـ السليمانية .

احتوي البحث على ثلاثة الفصول كالآتي :

–الفصل الاول تتضمن مبحثين فى الاول تكلمنا عن أقسام الكلام حسب المدارس اللغوية و المبحث الثانى خصّصنا لأقسام الكلام ولأسس انقسامه وعلى غرار مصطلح أقسام الكلام استخدمنا (أصناف المعجمية) والتي تعد الصفة عنصراً منها.

–اما الفصل الثانى فيتضمن ثلاثة مباحث، في المبحث الأول عرضنا الصفة وأنواعها من وجهة نظر التقليدين،و تبّنى الباحث تعريفاً جديداً، وصنفناها تصنيفاً مغايرا لها،أما المبحث الثانى فقد خُصّص لتوضيح ضاهرة تداخل الصفة مع (الفعل و ضرف و الاسم) وفى المبحث الثالث تطرقنا إلى الجوانب المهمة للصفة من حيث ( الصفة الصرفية، ئونرفريكس،التضام ) و وأوضحنا من خلاله هل الصفة تنتمي إلى الأصناف المعجمية .

ـ والفصل الثالث يتكون من مبحثين، الأول تم الحديث عن الصفة من حيث الصرف والثاني كان للكلام عن الصفة من حيث النحو.

وفى الختامة عدا الاشارة الى المصادر،عرضنا النتائج والمقترحات مع ملخصا بكل من اللغة (العربية، والانكليزية)

# Abstract

The title of this thesis has been dedicated to (A new perception for adjectives in Kurdish Language) .The thesis tries to discus some aspects of adjectives, especially those aspects of adjective within (Middle Kurmanji and Sulaimani Dialects) that haven't been elucidated yet. So the thesis aims to illuminate (definition, types, morphology and syntax) adjective within three parts. The first part consists of two sections; the first section has been dedicated to indicate the parts of speech according to grammar schools. The second section has concentrated on The Parts of Speech in other languages such as (Arabic, English and Persian).we also determined the principles of distinguishing the parts of speech. Then we have used the term (lexical category) instead of (parts of speech that adjective is a member of lexical category. The second part consists of three sections. In the first section we tried to show the definition and types of adjectives in traditional old grammar, then we reviewed the definitions and types of adjective, next we determined the types. The second section has been dedicated to adjectives and overlap phenomenon .So we explained the overlap of adjectives with (noun, adverb and verb). In the third section we mentioned the important aspects of adjective such as the relation of adjective with each of (Honorifics, morphological Adjective, collocations). In the same section it has been clarified wither adjective is an independent lexical category or it is a member of another lexical category. The third part has been specialized for (morphology and syntax) of adjective. In the first section, adjective morphology has been explained. In the second section the syntax of adjective has been elaborated. In the end except the name of the references several (conclusions and suggestions) has been demonstrated and the Abstract of the thesis has been indicated in (Arabic and English).

Kurdistan Regional Government /Iraq

Ministry of Higher Educational And scientific Research

Garmian University

Collage of Education

Kurdish Department

# A Modern View on Adjectives in Kurdish Language

## With the Dialectic Material of middle Kurmanji – sulaimania sub-dialectic

A theses (Omar Ahmad) Dedicated to collage of Education council – Garmaian University and it is a part of M.A. Achievement needs in Kurdish Language

Supervised by

Assist.Prof.Dr. Omed Barzan Brzo

2016AD 2716K